رووداو
RÛDAW
ژمارە (589) دووشەممە 2020/1/27 - 7ی ڕێبەندان 2719 (750) دینار

# لە دهۆک 56 دەرمانخانە سزا دەدرێن

**رووداو- دهۆک**

لقی دهۆکی سەندیکای دەرمانسازانی هەرێمی کوردستان لە هەڵمەتێکدا بە هاوکاریی ئاسایشی دهۆک هەڵمەتێکی سزادان و داخستنی دەرمانخانە سەرپێچیکارەکانی دەستپێکردووە. لەو ماوەیەدا 56 دەرمانخانە سزادراون و سێ ڕۆژ دەرگای دەرمانخانەکانیان داخراوە.

د.نۆژدار سەلاح، سەرۆکی لقی دهۆکی سەندیکای دەرمانسازانی کوردستان لەبارەی هەڵمەتەکە بە (رووداو)ی ڕاگەیاند: "سەرجەم ئەو دەرمانخانانە بەهۆی نەبوونی پزیشکی دەرمانساز سزادراون".

محەممەد ساڵح، تەمەن 50 ساڵ و دانیشتووی شاری دهۆک، مانگانە بۆ وەرگرتنی دەرمان سەردانی دەرمانخانەکان دەکات. ئەو لەبارەی ئەو هەڵمەتەوە دەڵێ: "بەڕاستی بێسەروبەرییەکی زۆر لە دەرمانخانەکان هەبوو، هەر کەسە بە کەیفی خۆی دەرمانی دەفرۆشت. دەستخۆشی لە لایەنە بەرپرسەکان دەکەین بۆ ئەو هەڵمەتە".

هەڵمەتەکە تەنیا دەرمانخانەکانی نەگرتووەتەوە، بەڵکو لە بەشەکانی دیکەی کەرتی تەندروستیی دهۆکیش بەردەوامە. سەرچاوەیەک کە نەیویست ناوی ئاشکرا بکرێ، بۆ (رووداو)ی ئاشکرا کرد کە بەدواداچوون لە هەموو بەشەکانی دیکەی کەرتی تەندروستی بەردەوامە و هەتا ئێستا "لێکۆڵینەوە لەگەڵ نزیکەی 20 پزیشک و فەرمانبەری تەندروستیی دهۆک کراوە".

سەرچاوەکە لەبارەی هۆکاری نەبوونی هیچ ڕوونکردنەوەیەک لەسەر دۆسییەکان گوتی: "جارێ هەموو کەیسەکان لەژێر لێکۆڵینەوەدان، هەر کاتێک لێکۆڵینەوە لە هەموو گومانلێکراوەکان تەواو بوو، ئەنجامی لێکۆڵینەوەکان بۆ ڕای گشتی ڕادەگەیەنین".

«2

پەرلەمانتاران بۆ خانەنشینی پەنا بۆ سەندیکای ڕۆژنامەنووسان دەبەن

3

بەڕێوەبەری کریسنت پێترۆلیۆم:

بۆ گازی کوردستان لە بەشێکی پڕۆژەکانمان لە میسر دەکشێینەوە

4



هێمن عەبدوڵڵا:

بەغدا بەزەوقی موقتەدا

19

# "بەرهەم ساڵح دەبێتە سکرتێری یەکێتی و بافڵ و لاهوور تاڵەبانی دەبنە جێگری"

**رووداو- هەولێر**

ئەندامێکی ئەنجومەنی سەرکردایەتی گشتیی یەکێتی ناوی سکرتێری داهاتووی یەکێتی و دوو جێگرەکەی ئاشکرا دەکات و دەڵێت: "بەرهەم ساڵح دەبێتە سکرتێر و بافڵ تاڵەبانی و لاهوور شێخ جەنگیش دەبنە جێگرانی سکرتێر".

ئەگەرچی وا بڕیار بوو دووەمین کۆبوونەوەی ئەنجومەنی سەرکردایەتی گشتیی یەکێتی لە سەرەتای ئەم هەفتەیە بکرێ، بەڵام دواخرا بۆ ڕۆژی چوارشەممە 29ی کانوونی دووەم. مستەفا چاوڕەش، سەرۆکی کاتیی ئەنجومەنی سەرکردایەتی گشتیی یەکێتی بە (رووداو)ی گوت، بەهۆی بەشداریی د.بەرهەم ساڵح و لاهوور شێخ جەنگی لە کۆڕبەندی داڤۆس، هەروەها تەواونەبوونی هەمواری پەیڕەوی ناوخۆ، کۆبوونەوەی ئەنجومەن لە 25ی کانوونی دووەم دواخرا بۆ 29ی کانوونی دووەم.

پەیڕەوی ناوخۆی یەکێتی لە کۆنگرەی یەکێتی گفتوگۆی لەسەر نەکرا و بەزۆرینەی دەنگ پەسەند کرا، هەموارکردنەکەی درایە ئەنجومەنی سەرکردایەتیی گشتی، ئەنجومەنەکەش لە یەکەم کۆبوونەوەی خۆیدا لە ناوەڕاستی ئەم مانگە لێژنەیەکی 20 کەسی بۆ هەموارکردنەکە پێکهێنا.

فەرید ئەسەسەرد کە سەرۆکی لێژنەکەیە بە (رووداو)ی گوت: "زۆر مادەمان بۆ پەیڕەوەکە زیاد کردووە و زۆریشمان لابردووە، هەندێ لە مادەکانیشمان لێکداوە، بۆیە تا هەموارەکە تەواو نەبێ، نازانین دەبێتە چەند مادە".

بە گوتەی ئەسەسەرد، تاوەکو ڕۆژی 24ی کانوونی دووەم 80%ی پەیڕەوەکەیان هەموار کردبوو، ئەوەی کە ماوە تاوەکو ڕۆژی سێشەممە 28ی کانوونی دووەم تەواو دەبێ و پەیڕەوەکە بۆ کۆبوونەوەی داهاتوو ئامادە دەبێ.

فەرید ئەسەسەرد ئاماژەی بەوەدا هەندێک ماددە گفتوگۆی زۆر هەڵدەگرن، لەوانەش هەیکەلی داهاتووی یەکێتی. ئەگەرچی بەگوێرەی پەیڕەوەکە، مەکتەبی سیاسی یەکێتی لە هەیکەلی ئەو حیزبەدا نەماوە، بەڵام ئەسەسەرد دەڵێت: "ڕەنگە یەکێتی مەکتەبی سیاسی وەک خۆی بهێڵێتەوە یان بیکات بە ئەنجومەنی جێبەجێکار".

لە پەیڕەوی ناوخۆدا ناوی (سەرۆک/ سکرتێر) بۆ کەسی یەکەمی یەکێتی هاتووە. ئەسەسەرد دەڵێت: "لە کاتی نووسینی پەیڕەو سەرۆک/ سکرتێر دانرا، بەڵام ئێمە لە هەموارەکە سکرتێرمان هەڵبژارد و بەم جۆرە (سکرتێری یەکێتی نیشتمانیی کوردستان) چەسپاوە، بەڵام دەیبەینەوە بۆ کۆبوونەوەی ئەنجومەنی سەرکردایەتی گشتی".

یەکێتییەکان و لایەنەکانی دیکەش چاوەڕێی ئەوەن کێ بە کەسی یەکەمی یەکێتی دەستنیشان دەکرێ، ئێستا ناوی د.بەرهەم ساڵح و بافڵ تاڵەبانی و لاهوور شێخ جەنگی دەهێنرێ.

ئەندامێکی سەرکردایەتی گشتیی یەکێتی کە نەیویست ناوی بڵاوبکرێتەوە، ناوی سکرتێری داهاتووی یەکێتی و دوو جێگرەکەی ئاشکرا کرد و بە (رووداو)ی ڕاگەیاند: "د.بەرهەم ساڵح دەبێتە سکرتێری یەکێتی، هەریەک لە کاک بافڵ تاڵەبانی و لاهوور شێخ جەنگیش دەبنە جێگرانی سکرتێر. هەروەها هەریەک لە عیماد ئەحمەد و ڕەفعەت عەبدوڵڵاش بۆ سکرتێر و جێگری سکرتێری ئەنجومەنی سەرکردایەتی یەکێتی بەربژێرن، بەڵام دیارنییە کامیان سکرتێرە و کامیان جێگرە".



«3

# ئەمریکا هەرێمێک بۆ سوننەکان دروستدەکات؟

سەرکردەیەکی شیعە:

چیدی یەکێتیی عێراق لە ئەولەویەتی ئەمریکادا نییە

سەرکردەیەکی سوننە:

هاریکاریی دارایی، گوشاری نێودەوڵەتی و هێزی سەربازی بۆ دروستکردنی هەرێمەکە هەیە

بەرپرسێکی پێشووی ئیدارەی ئەمریکا:

دروستکردنی هەرێمی سوننە هەمووکات وەک بژاردەیەک هەبووە

«7

# پەرلەمانتارێکی پێشووی پارتی بەتاوانی "قۆڵبڕین" سزادەدرێ

**رووداو – هەولێر**

پەرلەمانتارێکی پێشووی هاوپەیمانی نیشتمانیی عێراقی بە تۆمەتی "قۆڵبڕین" سکاڵا لەسەر پەرلەمانتارێکی پێشووی پارتی لە بەغدا تۆمار دەکات. بە گوێرەی بڕیاری دادگا، پەرلەمانتارەکەی پارتی کە ئێستا لە کوردستانە، بە "غیابی" حوکم دراوە و تۆمەتەکەی بەسەردا ساغ بووەتەوە، بەڵام تا ئێستا دەستگیر نەکراوە.

شەزا مووسا سادق باقر (شەزا مووسەوی) کە ئەندامی خولی یەکەمی پەرلەمانی عێراق بووە لە فراکسیۆنی هاوپەیمانیی نیشتمانیی عێراقی، پەرلەمانتارێکی پارتی لە هەمان خولدا کە کورتکراوەی ناوەکەی (ع.ع)ـە، داوەتە دادگا.

شەزا باسی یەکترناسینیان دەکات و دەڵێت "بەهۆی دۆسیەیەک لە ئەمینداریێتیی گشتی" ئەو پەرلەمانتارەی پارتی ناسیوە، دواتر لە ساڵی 2007 شووی بە (ع) کردووە، پاشانیش پێکەوە پرۆژەی بازرگانییان هەبووە.

بەپێی ئەو بەڵگەنامانەی دەست (رووداو) کەوتوون، شەزا و (ع) لە ساڵی 2015 پرۆژەیەکی بەخێوکردنی ئاژەڵیان دامەزراندووە کە (ع) خاوەنی پرۆژەکە و شەزاش هاوبەشی بووە.

شەزا دەڵێت: "هەر کاتێک (ع) پێویستی بە پارە بووایە پارەی لێوەردەگرتم، زیاتر لە 500 هەزار دۆلاری بۆ پرۆژەکە لێوەرگرتم، بەڵام لە ساڵی 2016 هەڵاتووە و نەگەڕاوەتەوە لای من. زانیومە پرۆژەکەشی فرۆشتووە".

دوای ئەوەی شەزا نائومێد دەبێ لە گەڕانەوەی هاوژینەکەی و چارەنووسی پرۆژەکەشی دیار نییە، لە ساڵی 2016 لە دادگا سکاڵای لەسەر تۆمار دەکات. بەگوێرەی بڕیاری دادگا کە لە 2017/8/7 دەرچووە، (ع) بەپێی بڕگە-I1 لە ماددەی 456 لە یاسای سزاکانی عێراق دادگایی کراوە و بە نۆ مانگ بەندکردن سزادراوە. بەڵام لە دادگا ئامادە نەبووە، بۆیە بە غیابی حوکم دراوە.

بە گوێرەی ئەو بەڵگەنامانەی دەست (رووداو) کەوتوون، دادوەری دادگای کەتنی هەولێر لە 2017/8/23 نووسراوێکی ئاراستەی پۆلیسی پارێزگای هەولێر و دهۆک کردووە، بۆ جێبەجێکردنی بڕیاری دادگا و دەستگیرکردنی سزادراو، بەڵام هەتا ئێستا دەستگیر نەکراوە.

(رووداو) بۆ وەڵامی ئەو تۆمەتانە چەند جارێک پەیوەندی بە (ع)ـەوە کرد، ئەو گوتی: "خەریکین کێشەکەمان چارەسەر دەکەین"، بەڵام ئامادە نەبوو وردەکاریی زیاتر دەربارەی چۆنێتی چارەسەرکردنی کێشەکە بدات.

«3

# 1000 کۆمپانیا بەهۆی خۆدزینەوە لە باج دەدرێنە دادگا

**رووداو – هەولێر**

بەڕێوەبەری گشتیی باجەکان دەڵێت بەهۆی خۆدزینەوە لە باجدان، ساڵی ڕابردوو نزیکەی 1000 کۆمپانیا دراونەتە دادگا و گەشتی دەرەوەی وڵاتیش لە خاوەنی 100 کۆمپانیا قەدەغەکراوە.

د.کەمال تەیب وەرتی، بەڕێوەبەری گشتیی باجەکان و خانووبەرەی میری لە وەزارەتی دارایی و ئابووری بە (رووداو)ی گوت: "بەهۆی ڕێکخستنەوە و پێداچوونەوە و بە وەرگرتنی باجی کۆمپانیاکان، توانیومانە تاڕادەیەک ڕێگری لە خۆدزینەوەی کۆمپانیاکان لە باج بکەین، ئەگەر پێشتر داهاتی باج ملیارێک دینار بووبێ، ئێستا بووەتە 10 ملیار دینار".

ئەنجوومەنی وەزیران لە ئابی 2019 بڕیاری ژمارە 13ی دەرکرد. ئەو بڕیارە دەسەڵات بە بەڕێوەبەرایەتی گشتیی باجەکان دەدات ئەو کۆمپانیایانە بدەنە دادگا کە خۆیان لە باج دەدزنەوە.

دکتۆر کەمال ئاشکرای کرد کە بەهۆی خۆدزینەوە و فێڵکردن لە باج، ساڵی ڕابردوو نزیکەی 1000 کۆمپانیا دراونەتە دادگا، گەشتکردنیش لە خاوەنی زیاتر لە 100 بەڕێوەبەری ڕێگەپێدراوی کۆمپانیاکان قەدەغە کراوە.

بەپێی ئاماری بەڕێوەبەرایەتی گشتیی تۆماری کۆمپانیاکان کە وێنەیەکی دراوەتە (رووداو)، لە کۆتایی ساڵی 2019 ژمارەی کۆمپانیا تۆمارکراوەکان لە هەرێمی کوردستان گەیشتووەتە 30 هەزار و 446 کۆمپانیا، بەڵام تەنیا 23 هەزاریان لە بەڕێوەبەرایەتی گشتیی باجەکان تۆمارکراون.

لەو 23 هەزار کۆمپانیایەی لە بەڕێوەبەرایەتی گشتیی باجەکان تۆمار کراون، بە گوتەی د.کەمال تەنیا نزیکەی 5000 کۆمپانیا چالاکن و باج دەدەن، ئەوانی دیکە بەهۆی کاریگەریی قەیرانی دارایی و وەستانی کار لە زۆربەی سێکتەرەکان چالاکییان لاوازە".

بۆ وەرگرتنی باج لە کۆمپانیا گەورەکان، بەڕێوەبەرایەتییەکی تایبەت بەناوی بەڕێوەبەرایەتی گەورە باجدەران دانراوە، وەک قۆناغی یەکەم وەرگرتنی باج لە نزیکەی 500 کۆمپانیای گەورە خراوەتە ئەستۆی ئەو بەڕێوەبەرایەتییە.

د.کەمال وەرتی دەڵێت :"زۆرترین داهاتی ئێمە لە باجی کۆمپانیا گەورەکانە، بە تایبەتی کۆمپانیاکانی هاوردەکردنی جگەرە، پەیوەندی، خزمەتگوزاریی ئاسایش، نەوت و هەندێ بواری دیکە.. هەندێ لەم کۆمپانیایانە ساڵانە بە ملیار دینار باج دەدەن".

«8

ڕاپۆرت 6

تورکیا "زنجیرە کونسوڵخانە" لە عێراق دەکاتەوە



ڕاپۆرتە هەواڵ 2

ژنێک لە ترسی مێردەکەی لە فڕۆکەخانەی هەولێر دەمێنێتەوە

ژنان 12

کۆمەڵگەی ئێران جووتڕەگەزەکان قبوڵ ناکات



کۆمەڵایەتی 13

لە دوو ساڵی ڕابردوودا

171 کرێکاری بیانی لە کوردستان مردوون



ڕووداو
ڕاپۆرتە هەواڵ
ژمارە (589) - دووشەممە 2020/1/27



## منداڵێکی کوردی ئێزدی لە کەمپی هۆل ڕزگارکرا

**ڕووداو- دهۆک**

منداڵێکی تەمەن 11 ساڵان بەناوی مەلەک سەعد کە خەڵکی شنگالە، لەناو خێزانەکانی داعش لە کەمپی هۆل ڕزگارکرا.

خالد تەعلو، مامی مەلەک بە (ڕووداو)ی گوت، ئەو کچە لە 2014/8/3 لەلایەن داعشەوە ڕفێندرابوو، باوکی بێسەروشوێنە و دایکی و برایەکیشی ئەوکاتەی لەژێر دەستی داعشدا بوون، لە شاری هەجین لە سووریا بە بۆردومانی فڕۆکە گیانیان لەدەستدا. خالد تەعلو ئاماژەی بەوەش کرد، دوای ڕزگارکردنی لەلایەن هێزەکانی سووریای دیموکرات- هەسەدەوە، ئێستا مەلەک لە ماڵی ئێزدیانە لە کانتۆنی جزیرە لە ڕۆژئاوای کوردستان.

# لە ترسی مێردەکەی پەنای بۆ فڕۆکەخانەی هەولێر بردووە

**شکار ئەحمەد**
**ڕووداو — هەولێر**

ژنە کارمەندێکی بەشی پاسپۆرتی فڕۆکەخانەی هەولێر لە ترسی هاوژینەکەی زیاتر لە دوو ساڵ و نیوە لە کابینەیەکی ئاسایشی فڕۆکەخانەکەدا دەژیت، هاوژینەکەی دەڵێت ئاسایش ناهێڵێ ژنەکەم ببەمەوە، ئاسایشی فڕۆکەخانەش دەڵێت ناتوانین ئەو ژنە بخەینە سەر شەقام.

فەرهاد شاکر کە کارمەندی بەشی ئایتی فڕۆکەخانەیە، ساڵی 2016 هاوسەرگیری لەگەڵ کارمەندێکی ئافرەتی بەشی پاسپۆرتی فڕۆکەخانە بە ناوی لەیلا عوسمان کردووە، بەڵام دوای ساڵێک کێشە دەکەوێتە نێوانیان و لەیلا ماڵەوە بەجێدڵێت.

فەرهاد شاکر کە تەمەنی 35 ساڵە، بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند: "وەکو هەر خێزانێک کێشە و شەڕ لەنێوانماندا ڕوویداوە، ڕۆژی 2017/7/27 بەشەڕ هاتین، دوای دوو ڕۆژ ماڵەوەی بەجێهێشت، نەمزانی بۆ کوێ چووە. دواتر زانیم لە فڕۆکەخانەیە، پەیوەندیم بە بەرپرسێکی ئاسایشی فڕۆکەخانەوە کرد، گوتم دەزانم لەوێیە و دەمەوێت بیبەمەوە، بەڵام ئەو هەڕەشەی لێکردم و گوتی مافی ئەوەت نییە نزیکی ئەو کابینەیە بکەوی کە لەیلای تێدایە".

> **پیاوەکە:**
> ئاسایشی فڕۆکەخانە ناهێڵن ژنەکەم ببەمەوە

لەیلا داوای جیابوونەوە لە فەرهاد دەکات، بەڵام فەرهاد پێیوایە ئەمە بڕیاری لەیلا نییە و دەڵێت: "ئەو منی خۆشدەویست، بەڵام مێشکی شۆراوەتەوە، بۆیە داوای جیابوونەوەم لێدەکات".

بەڵام لەیلا عوسمان، مێردەکەی بەوە تۆمەتبار دەکات کە ئەشکەنجەی داوە. لەیلا بە (ڕووداو)ی گوت: "فەرهاد هەر لە سەرەتاوە لەگەڵم خراپ بوو، شەوانە درەنگ دەگەڕایەوە، لەسەر شتی زۆر سادە لێیدەدام و دەریدەکردم".

دەشڵێ: "مانگی 6ی 2017 جارێک لێیدام و لە ماڵ دەریکردم، قوفڵی دەرگای شوقەکەشی گۆڕی، منیش بۆ ئەوەی کەس بە کێشەکەمان نەزانێ، لەنێو کابینەیەکی ئاسایشی فڕۆکەخانە دەمامەوە، 5 مانگ لەوێ بووم جارێکیش لێی نەپرسیمەوە، دواتر لەگەڵ خاڵێکی قسەم کرد و منی بردەوە بۆ لای".

فەرهاد بۆ گەڕانەوەی لەیلا حەوت مەرجی هەبووە، نابێت سەردانی ماڵی باوک، کەسوکار و هاوڕێ و دراوسێکانی بکات، لە ماڵەوە جلی کوردی لەبەر بکات، لەماوەی شەش مانگدا خۆی قەڵەو بکات.

> **ئاسایشی فڕۆکەخانە:**
> ناتوانین ئەو ژنە بخەینە سەر شەقام

لەیلا دەڵێت "هەموو مەرجەکانم قبوڵ کرد، بەڵام ئەو نەیتوانی مانگێکیش خۆی ڕابگرێت، دوای 28 ڕۆژ دووبارە لێیدامەوە و دەریکردمەوە، منیش چوومەوە بۆ کابینەکەی فڕۆکەخانە و تاوەکو ئێستا کە دوو ساڵ و نیوە لەوێ دەمێنمەوە".

لەیلا سکاڵای لەدژی فەرهاد تۆمارکردووە و دەیەوێت لێی جیاببێتەوە، ئەو دەڵێ: "لەبەردەم دادوەریش گوتوومە فەرهاد هەڕەشەیە لەسەر ژیانم و دەمەوێت لێی جیاببمەوە، بەڵگە و شایەتیشم هەن، بەڵام دادگا بەناوی هەوڵدان بۆ ئاشتەوایی و دووبارە گەڕانەوەمان بۆ لای یەکدی بڕیاری جیابوونەوەمان نادات، ئەمڕۆ 2020/1/26 دانیشتنێکی دیکەی دادگا بەڕێوەدەچێت و دووبارە داوا دەکەم لێی جیاببمەوە".

فەرهادیش بەتۆمەتی ئەوەی مانەوەی لەیلا لەنێو کابینەی ئاسایشی فڕۆکەخانە نایاساییە، سکاڵای لەدژی بەرپرسانی ئاسایشی فڕۆکەخانە تۆمار کردووە، ئەو دەڵێ: "ئافرەت کە تۆرا دەبێت بچێتەوە ماڵی باوکی نەک فڕۆکەخانە، بەرپرسانی ئاسایشیش دوو ساڵ و نیوە بە نایاسایی لەو کابینەیەدا هێشتوویانەتەوە و ڕێگە نادەن بیبینم، بۆیە سکاڵام تۆمار کردووە".

بەڵام عەقید نازدار حوسێن میرخان، بەرپرسی کارگێڕیی بنکەی ئاسایشی فڕۆکەخانەی نێودەوڵەتی هەولێر بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند: "هەر کارمەندێک ماڵی لە دەرەوەی پارێزگای هەولێر بێت، شوێنی مانەوەی لەنێو فڕۆکەخانە بۆ دابین دەکەین، ئەو کچەش ماڵی باوکی لە دهۆکە و خۆشی دەوامی لەنێو فڕۆکەخانەیە، بۆیە لێرە دەمێنێتەوە، خۆی داوای لە ئێمە کردووە و بە ڕەزامەندی خۆی ماوەتەوە نەک ئێمە بەزۆر هێشتبمانەوە".

عەقید نازدار گوتیشی: "ئەو ژنە دەناسم، مێردەکەی هەر کاتێک حەزی کردووە لێیداوە، ئەو کورە هەموو کارێکی خراپی لێدەوەشێتەوە، ئێستاش دۆسیەکەیان لە دادگایە، ناکرێ ژنەکە بخەینە سەر شەقام".

## 20 پزیشک و فەرمانبەری تەندروستی لەژێر چاودێریدان

# لە دهۆک 56 دەرمانخانە سزا دەدرێن

**ناسر عەلی**
**ڕووداو- دهۆک**

لقی دهۆکی سەندیکای دەرمانسازانی هەرێمی کوردستان لە هەڵمەتێکدا بە هاوکاریی ئاسایشی دهۆک دەیان دەرمانخانەی لەسەر نەبوونی پزیشکی دەرمانساز سزادا و بۆ ماوەی سێ ڕۆژ دەرگای دەرمانخانەکانی داخستن. هاوکات لە چەند بنکەیەکی تەندروستی و نەخۆشخانەی دهۆکیش لێکۆڵینەوە لەگەڵ چەند پزیشکێک دەستپێکردووە.

ماوەی دوو هەفتە دەبێ سەندیکای دەرمانسازانی دهۆک بەهاوکاریی ئاسایشی دهۆک هەڵمەتێکی سزادان و داخستنی دەرمانخانە سەرپێچیکارەکانی دەستپێکردووە. لەو ماوەیەدا 56 دەرمانخانە سزادراون و سێ ڕۆژ دەرگای دەرمانخانەکانیان داخراوە.

د.نۆژدار سەلاح، سەرۆکی لقی دهۆکی سەندیکای دەرمانسازانی کوردستان لەبارەی هەڵمەتەکە و ژمارەی دەرمانخانە سزادراوەکان بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند: "ئێمە ئاگاداری هەڵمەتەکەین و تیمەکانی ئێمەش لەگەڵ ئاسایش بوون، سەرجەم ئەو دەرمانخانانە بەهۆی نەبوونی پزیشکی دەرمانساز سزادراون".

سەبارەت بەوەش کە ئەگەر سەرپێچییەکانیان دووبارە کردەوە، گوتی: "هەر کەسێک دووبارەی بکاتەوە سزاکەی دەکەینە هەفتەیەک و دواتر زیاتری دەکەین، بەڵام چەند ڕێنماییەکی نوێمان بۆ چارەسەری ئەو کێشەیە دەرکردووە و لەمەودوا ڕێگە بە کارکردنی ئەو پزیشکانەش دەدەین کە ناسنامەی سەندیکایان نییە یان ناسنامەکەیان تازە دەرچووە، هەر ئەوەندەیە دەبێ بە ئاگاداریی ئێمە لە دەرمانخانە کار بکات".

> **هاووڵاتییەک:**
> هەوڵەکانی ئاسایش باشن، بەڵام نابێ نیگەرانی دروست بکات

محەممەد ساڵح، تەمەن 50 ساڵ و دانیشتووی شاری دهۆک، مانگانە بۆ وەرگرتنی دەرمان سەردانی دەرمانخانەکان دەکات. ئەو لەبارەی ئەو هەڵمەتەوە دەڵێ: "بەڕاستی بێسەروبەرییەکی زۆر لە دەرمانخانەکان هەبوو، هەر کەسە بە کەیفی خۆی دەرمانی دەفرۆشت. دەستخۆشی لە لایەنە بەرپرسەکان دەکەین بۆ ئەو هەڵمەتە".

ئەو جۆرە هەڵمەتانە نیگەرانیی خەڵکیشیان لێدەکەوێتەوە. محەممەد ساڵح پێی باشە چاودێری هەبێ، بەڵام دەشڵێت: "لایەنی بەرپرس دەبێ ڕوونکردنەوە لەسەر ئەو سزادانە بدەن، چونکە هەر کەسێک قسەیەک دەکات و دەڵێن هیچ دەرمانێکی کوردستان بە کەڵک نایەت".

د.محەممەد مەجید، پزیشکی دەرمانساز و خاوەن دەرمانخانە، هەمان بۆچوونی هەیە، بەڵام ئاماژە بۆ ئەوەش دەکات کە "پێشتر فەوزایەک هەبوو لە دەرمانخانەکان، بەشێک لە دەرمانخانەکان پزیشکی دەرمانسازیان لێ نەبوو، دەرمانساز تەنیا لە کاتی سەردانی لیژنەکان دەچوونە دەرمانخانەکە. هیچ ڕێکخستنێک لە کردنەوەی دەرمانخانەکاندا نییە، ڕاستە ژمارەیان زیاد بووە، بەڵام ئەوە لەسەر حیسابی کواڵیتی بووە".

هەڵمەتەکە تەنیا دەرمانخانەکانی نەگرتووەتەوە، بەڵکو لە بەشەکانی دیکەی کەرتی تەندروستیی دهۆکیش بەردەوامە.

سەرچاوەیەک کە نەیویست ناوی ئاشکرا بکرێ، بۆ (ڕووداو)ی ئاشکرا کرد کە بەدواداچوون لە هەموو بەشەکانی دیکەی کەرتی تەندروستی بەردەوامە و هەتا ئێستا "لێکۆڵینەوە لەگەڵ نزیکەی 20 پزیشک و فەرمانبەری تەندروستیی دهۆک کراوە".

سەرچاوەکە لەبارەی هۆکاری نەبوونی هیچ ڕوونکردنەوەیەک لەسەر دۆسییەکان گوتی: "جارێ هەموو کەیسەکان لەژێر لێکۆڵینەوەدان، هەر کاتێک لێکۆڵینەوە لە هەموو گومانلێکراوەکان تەواو بوو، ئەنجامی لێکۆڵینەوەکان بۆ ڕای گشتی ڕادەگەیەنین".

## بەهۆی تەواوبوونی حوکمەکەیان و ئازادنەکردنیان

# پێنج بەندکراو مان لە خواردن دەگرن

**شکار ئەحمەد**
**ڕووداو — هەولێر**

چەند ڕۆژێکە 5 سزادراو لە چاکسازی گەورانی سلێمانی بەهۆی تەواوبوونی ماوەی حوکمەکەیان و ئازادنەکردنیان مانیان لە خواردن گرتووە، لە هەولێریش دوو سزادراو حوکمەکەیان تەواو بووە و ئازاد نەکراون. پەرلەمانی کوردستان و دەستەی سەربەخۆی مافی مرۆڤیش بەدواداچوون بۆ دۆسیەکە دەکەن.

ساڵی 2004 دوو کەس بە تۆمەتی کاری تیرۆرستی لە شاری هەولێر دەستگیرکران و پاشان سزای لە سێدارەدانیان بۆ دەرچوو، دوای ماوەیەک بکەرانی ڕاستەقینەی تاوانەکە ئاشکرا بوون و لەسێدارە دران، بەڵام ئەو دوو کەسە هێشتا لە گرتووخانەن.

یەکێک لەوانە هۆشیار سابیرە کە ئەوکات تەمەنی 21 ساڵ بووە. ئاشتی سابیر، برای ئەو گیراوە بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند: "براکەم لەنێو بازاڕی هەولێر عارەبانەی پێبوو، لە 2004/8/1 لەگەڵ کەسێکی دیکە بەناوی ئەمیر قادر، بەتۆمەتی ئەنجامدانی تەقینەوەیەک دەستگیر کران، بەگوتەی براکەم لەژێر ئەشکەنجەدا ناچارکراون دان بەو تاوانەدا بنێن، بۆیە لە 2006/5/19 سزای لەسێدارەدانیان بەسەردا سەپاندن".

ئاشتی سابیر گوتیشی: "بەڵام دواتر دوو کەس بەناوەکانی سەعد لەتیف و هێمن سەلیم دەستگیرکران و دانیان بەوەدا نا کە ئەوان تەقینەوەکەیان کردووە، ئەوانە سزای لەسێدارەدانیان بۆ دەرچوو، پاشان لە ڕۆژی 2008/3/31 لەسێدارە دران، بەڵام براکەم و کەسەکەی دیکەیان ئازاد نەکرد و بە بڕیاری سەرۆکی ئەوکاتی هەرێمی کوردستان سزاکە سووک کرا بۆ بەندکردنی هەتاهەتایی، واتە 20 ساڵ".

بەگوتەی براکەی، دەبوو هۆشیار بە لەبەرچاوگرتنی ئازادکردنی مەرجدار شەش مانگ لەمەوبەر ئازادکرابایە. ئاشتی گوتی: "بەڵام پێیانگوتین لە ماوەی زیندانییەکەی ئەو شەش مانگەی بۆ هەژمار نەکراوە، ڕۆژی 2020/1/26 ئەو شەش مانگەی دیکەی لە زیندان تەواو کرد، بەڵام هەر ئازاد نەکرا، ئێمە نازانین هۆکارەکەی چییە".

هەر بەهۆی تەواوبوونی ماوەی یاسایی سزاکەیان و ئازادنەکردنیان، لە چەند ڕۆژی ڕابردوودا لە چاکسازی گەورانی سلێمانی 5 سزادراو مانیان لە خواردن گرت. یەکێک لە سزادراوەکان کە لەگەڵ مانگرتووەکانە، بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند: "ئەو 5 کەسە بە 15 ساڵ بەندکردن سزادراون، زیاتر لە 12 ساڵە لە زیندانن و بەپێی یاساش ئازادکردنی مەرجدار دەیانگرێتەوە و دەبوو 9 مانگ پێش ئێستا ئازاد بکرێن، بەڵام ئازاد نەکراون".

مانگرتووەکان بەپێی ماددەی تیرۆر بەند کراون. ئەو سزادراوەش دەڵێ: "چەند بەندکراوێکی دیکە بە هەمان ماددەی ئەوان دەستگیرکرابوون و بە بڕیاری دادوەر ئازاد کراون، بەڵام ئەوانە ئازاد ناکرێن".

پەرلەمان و دەستەی سەربەخۆی مافی مرۆڤ بەدواداچوون بۆ دۆسیەی مانگرتووەکان دەکەن. بەدریە ئیسماعیل، بڕیاردەری لیژنەی کاروباری کۆمەڵایەتی و داکۆکی لە مافی مرۆڤ لە پەرلەمانی کوردستان بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند: "لە چەند ڕۆژی ڕابردوو نامەیەکم ئاراستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان کردووە تا داوا لە لایەنە پەیوەندیدارەکان بکەن کێشەی مانگرتووەکان چارەسەر بکەن و ئازاد بکرێن".

هەر لەوبارەوە محەممەد گۆمەشینی، گوتەبێژی دەستەی مافی مرۆڤی کوردستان بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند: "سەرۆکی دەستەی مافی مرۆڤ لە یەکەم ڕۆژەوە لەڕێگەی نووسینگەی دەستە لە سلێمانی بەدواداچوون بۆ دۆسیەکە دەکات و چاوەڕوانی ڕاپۆرتی نووسینگەی سلێمانین".

محەممەد گۆمەشینی گوتیشی: "وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی نووسراوی بۆ ئەنجوومەنی دادوەری کردووە، چونکە بەپێی یاساکە ڕێگەدراوە بەندکراوان ئازادکردنی مەرجدار بیانگرێتەوە، بەڵام ئەوان کارکردنیان بەو نووسراو ڕاگرتووە".

بەڵام شەهرام میرحاج، گوتەبێژی ئەنجوومەنی دادوەری هەرێمی کوردستان بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند: "ئەم بابەتە هیچ پەیوەندییەکی بە ئێمەوە نییە و دەبێت وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی چارەسەری بکات".

## شارەوانی نۆژەنی دەکاتەوە

# زیانی سووتانی بازاڕی (دوبەی) لە دهۆک زیاتر لە ملیارێک دینارە

**ناسر عەلی**
**ڕووداو- دهۆک**

دووکاندارێکی بازاڕی قوماشی دهۆک بە چاوی پڕفرمێسکەوە دەڵێ ئەوە دووەمجارە بەهۆی سووتانی بازاڕی دهۆکەوە لە شەو و ڕۆژێکدا سامانەکەی دێتەوە سەر هیچ. شارەوانیی دهۆک ڕایگەیاند، دەست بە نۆژەنکردنەوەی هەموو ئەو دووکانانە دەکەن کە لە ئاگرکەوتنەوەکەی هەفتەی ڕابردوودا سووتاون.

سەعات 10ی شەوی دووشەممە 20ی کانوونی دووەم لە بازاڕی قوماشی شاری دهۆک ئاگرکەوتەوە. لە ماوەی پێنج ساڵدا ئەوە دووەمجارە ئاگر لەو بازاڕە بکەوێتەوە، ئەمجارەیان 26 دووکان بە تەواوەتی سووتان و زیانیش بە 43 دووکانی دیکە گەیشت. خاوەنی دووکانەکان گومانیان بۆ دروستبووە کە بۆچی دەبێ ئاگر لە هەمان شوێن بکەوێتەوە.

دڵشاد بەرکارەیی، یەکێک لە خاوەن دووکانەکان، فرمێسک بە چاویەوە ناوەستێ و دەڵێ: "سەرمان سوڕماوە، چونکە ئەوە دووەمجارە تووشی ئەو کارەساتە ببین، لە نێوان شەو و ڕۆژێکدا لە 150 هەزار دۆلارەوە بووین بە خاوەن 200 هەزار دینار. جاری پێشوو زۆربەی دووکاندارەکان بە زێڕی هاوژینەکانیان دووبارە دووکانیان کردەوە، بەڵام ئەمجارەیان ڕەوشمان زۆر خراپە، داوا لە سەرۆکی هەرێمی کوردستان و سەرۆکی حکومەت دەکەم بێنە سەر خەت، چونکە دەزانم بەرپرسانی دهۆک هیچیان لە دەست نایەت و تەنیا بەڵێن دەدەن".

> **قایمقامی دهۆک:**
> ناتوانم بەڵێنی قەرەبووکردنەوە بدەم

بێوار عەبدولعەزیز، گوتەبێژی پۆلیسی بەرگریی شارستانیی دهۆک، لەبارەی هۆکاری ئاگرکەوتنەوەکە بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "ئێمە هەر زوو لیژنەی لێکۆڵینەوەمان پێکهێنا. هەتا ئێستاش زانیارییەکان ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن کە بەهۆی شۆرتی کارەباوە بووبێ، بەڵام بەدواداچوون بەردەوامە".

سەبارەت بە قەبارەی زیانەکانیش گوتی: "زیانەکان لە یەک ملیار دینار تێپەڕیون، 26 دووکانیان بە تەواوەتی تێکچوون و 43ی دیکەش زیانیان بەرکەوتووە، هەر دووکاندارێکیش کە ناوی تۆمار نەکردووە، با سەردانمان بکات".

بەرگریی شارستانی ڕێنمایی بە دووکاندارەکان داوە بۆ پاراستنی دووکانەکانیان، بەڵام وەک گوتەبێژی بەرگری شارستانی دەڵێ: "زۆربەیان ڕێنماییەکان جێبەجێ ناکەن، ئەگەر هەموویان ئاگرکوژێنەوە و سیستەمی دژی ئاگر دابنێن، ئەوە ئەمجۆرە ڕووداوانە زۆر کەم دەبن، با ئەمە وانەیەک بێ بۆ هەموو دووکاندارەکان".

دووکانەکان موڵکی شارەوانیی دهۆکن، هەر بۆیە دووکاندارەکان ترسی ئەوەیان لێ نیشتووە شارەوانی ئاگرکەوتنەوەکە بکاتە بیانوویەک بۆ ئەوەی دووکانەکانیان لێ وەربگرێتەوە، بەڵام بەهجەت حوسێن، بەڕێوەبەری شارەوانیی ڕۆژهەڵاتی شاری دهۆک دڵنیایی دا بە دووکاندارەکان کە ئەو دووکانانە تێکنادەن، بەڵکو هەموویان بۆ نۆژەن دەکەنەوە و هەر دووکانێک دەگەڕێننەوە بۆ هەمان کەس کە پێشتر کاری لێکردووە.



لە ماوەی پێنج ساڵدا ئەوە دووەمجارە ئاگر لەو بازاڕە بکەوێتەوە

جەوهەر عەلی، قایمقامی قەزای دهۆک جەختی کردەوە لەوەی پارێزگاری دهۆک هەرزوو بڕیاری نۆژەنکردنەوەی هەموو دووکانەکانی دەرکردووە و داوای ڕاپۆرتی زیانەکانی کردووە.

هەتا ئێستا دیار نییە ئاخۆ دووکاندارەکان قەرەبوو دەکرێنەوە یان نا، جەوهەر عەلی بێ ئەوەی لەوبارەوە هیچ بەڵێنێک بدات، بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند: "ئێمە نووسراوی قەرەبووکردنەوە ڕەوانەی ئەنجوومەنی وەزیران دەکەین، هەر کاتێک بڕیاری قەرەبووکردنەوەیان هات، ئێمەش قەرەبوویان دەکەین، بەڵام ئێستا ناتوانم دڵنیایی و بەڵێن بدەم کە قەرەبوویان دەکەینەوە".

# "بەرهەم ساڵح دەبێتە سکرتێری یەکێتی و بافڵ و لاهوور تاڵەبانی دەبنە جێگری"

**زریان حاجی**
**رووداو – هەولێر**

سەرۆکی لیژنەی هەموارکردنی پەیڕەوی ناوخۆی یەکێتی ئاشکرای دەکات لە نێوان ناوی سەرۆک یان سکرتێر بۆ کەسی یەکەمی یەکێتی یەکلایی بوونەتەوە و "سکرتێر"یان هەڵبژاردووە. ئەندامێکی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی گشتیی یەکێتیش ناوی سکرتێری داهاتووی یەکێتی و دوو جێگرەکەی ئاشکرا دەکات و دەڵێت: "بەرهەم ساڵح دەبێتە سکرتێر و بافڵ تاڵەبانی و لاهوور شێخ جەنگیش دەبنە جێگرانی سکرتێر".

ئەگەرچی وا بڕیار بوو دووەمین کۆبوونەوەی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی گشتیی یەکێتی لە سەرەتای ئەم هەفتەیە بکرێ، بەڵام دواخرا بۆ رۆژی چوارشەممە 29ی کانوونی دووەم. مستەفا چاوڕەش، سەرۆکی کاتیی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی گشتیی یەکێتی بە (رووداو)ی گوت، بەهۆی بەشداریی د.بەرهەم ساڵح و لاهوور شێخ جەنگی لە کۆڕبەندی داڤۆس، هەروەها تەواونەبوونی هەمواری پەیڕەوی ناوخۆ، کۆبوونەوەی ئەنجوومەن لە 25ی کانوونی دووەم دواخرا بۆ 29ی کانوونی دووەم. چاوەڕەش گوتی: "100% دووەمین کۆبوونەوەی ئەنجوومەن لە رۆژی چوارشەممە 29ی کانوونی دووەم دەکرێ".

پەیڕەوی ناوخۆی یەکێتی کە لە 76 مادده پێکهاتووە، لە کۆنگرەی یەکێتی گفتوگۆی لەسەر نەکرا و بەزۆرینەی دەنگ پەسەند کرا، هەموارکردنەکەی درایە ئەنجوومەنی سەرکردایەتیی گشتی، ئەنجوومەنەکەش لە یەکەم کۆبوونەوەی خۆیدا لە ناوەڕاستی ئەم مانگە لیژنەیەکی 20 کەسی بۆ هەموارکردنەکە پێکهێنا.

فەرید ئەسەسەرد کە سەرۆکی لیژنەکەیە بە (رووداو)ی گوت: "زۆر ماددەمان بۆ پەیڕەوەکە زیاد کردووە و زۆریشمان لابردووە، هەندێ لە ماددەکانیشمان لێکداوە، بۆیە تا هەموارەکە تەواو نەبێ، نازانین دەبێتە چەند ماددە".

بە گوتەی ئەسەسەرد، تاوەکو رۆژی 24ی کانوونی دووەم 80%ی پەیڕەوەکەیان هەموار کردبوو، ئەوەی کە ماوە تاوەکو رۆژی سێشەممە 28ی کانوونی دووەم تەواو دەبێ و پەیڕەوەکە بۆ کۆبوونەوەی داهاتوو ئامادە دەبێ.

فەرید ئەسەسەرد ئاماژەی بەوەدا کە ئەو مادانەی گفتوگۆی زۆر هەڵدەگرن، لەوانەش هەیکەلی داهاتووی یەکێتی، دروستکردنی ئەنجوومەنی سەرکردایەتیی پارێزگاکان، خراونەتە ئەو سێ رۆژەی کۆتایی. ئەسەسەرد گوتی: "دەبێ ژمارەی دەڤەر و هەرێمەکان دیاری بکەین و دواتر سنووریان بۆ دیاری بکەین، هەندێجار پێویست دەکات چەند ناوچەیەک ببن بە یەک ناوچەی رێکخراوەیی، دەبێ پشت ببەستین بە سنووری ئیداری".

ئەگەرچی بەگوێرەی پەیڕەو کە لە کۆنگرە دەنگی لەسەردرا، مەکتەبی سیاسی یەکێتی لە هەیکەلی ئەو حیزبەدا نەماوە، بەڵام ئەسەسەرد دەڵێت: "رەنگە یەکێتی مەکتەبی سیاسی وەک خۆی بهێڵێتەوە یان بیکات بە ئەنجوومەنی جێبەجێکار".

بەگوێرەی پەیڕەوی ناوخۆی یەکێتی ئەنجوومەنی جێبەجێکار (مەکتەبی سیاسی) پێکدێ لە سکرتێری یەکێتی و بەرپرسی ناوەندەکانی کاروباری (رێکخستن و هەرێمەکان، دیراسات و توێژینەوەی ستراتیژی، مەکتەبەکان، دارایی و ئیدارەی گشتی، هەڵبژاردن و ئامار و راپرسی، راگەیاندن و میدیا، پەیوەندییەکان، هەروەها کاروباری حکومەت و پەرلەمان و ئەنجوومەنی پارێزگا و شارەوانییەکان).

لە پەیڕەوی ناوخۆدا ناوی (سەرۆک/ سکرتێر) بۆ کەسی یەکەمی یەکێتی هاتووە. ئەسەسەرد دەڵێت: "لە کاتی نووسینی پەیڕەو سەرۆک/ سکرتێر دانرا، وا دانرا کە لە کۆنگرە یان لیژنەکەی ئێمە یەکێک لەو دوو ناوە یەکلایی بکاتەوە، بەڵام ئێمە سکرتێرمان هەڵبژارد و بەم جۆرە (سکرتێری یەکێتی نیشتمانیی کوردستان) چەسپاوە، بەڵام دەیبەینەوە بۆ کۆبوونەوەی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی گشتیش ئەگەر دەنگیان پێدا ئەوە دەبێتە سکرتێر و ئەگەر دەنگیشیان پێ نەدا، ئەوا رەنگە بگەڕێینەوە بۆ سەرۆک، لەگەڵ ئەوەشدا ئێمە بۆ سکرتێر دوو جێگرمان داناوە".

یەکێتییەکان و لایەنەکانی دیکەش چاوەڕێی ئەوەن کێ بە کەسی یەکەمی یەکێتی دەستنیشان دەکرێ، ئێستا ناوی د.بەرهەم ساڵح و بافڵ تاڵەبانی و لاهوور شێخ جەنگی دەهێنرێ. نێچیرڤان بارزانی، سەرۆکی هەرێمی کوردستان لە وەڵامی پرسیارێکی ماڵپەڕی (ئەلمۆنیتەر)دا کە لێی دەپرسن کێ دەبێتە سەرۆکی یەکێتی، ئەو دەڵێت "پێموابێ بەرهەم".

ئارێز عەبدوڵڵا، ئەندامی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی گشتیی یەکێتی دەڵێت: "ناوی هەریەک لە کاک بافڵ تاڵەبانی، کاک بەرهەم ساڵح، کاک لاهوور دەهێنرێ، بەڵام هیچیان بە فەرمی داوایان نەکردووە".

جگە لە "سکرتێر"ی یەکێتی، سکرتێر و جێگر و بڕیاردەرێکیش بۆ ئەنجوومەنی سەرکردایەتی گشتیی یەکێتی هەڵدەبژێردرێ. ئەندامێکی سەرکردایەتی گشتیی یەکێتی کە نەیویست ناوی بڵاوبکرێتەوە، ناوی سکرتێری داهاتووی یەکێتی و دوو جێگرەکەی ئاشکرا کرد و بە (رووداو)ی راگەیاند: "د.بەرهەم ساڵح دەبێتە سکرتێری یەکێتی، هەریەک لە کاک بافڵ تاڵەبانی و لاهوور شێخ جەنگیش دەبنە جێگرانی سکرتێر. هەروەها هەریەک لە عیماد ئەحمەد و رەفعەت عەبدوڵڵاش بۆ سکرتێر و جێگری سکرتێری ئەنجوومەنی سەرکردایەتی یەکێتی بەربژێرن، بەڵام دیارنییە کامیان سکرتێرە و کامیان جێگرە".



رۆژی چوارشەممەی داهاتوو ئەنجوومەنی سەرکردایەتیی گشتیی یەکێتی کۆدەبێتەوە

فەرمانی دەستگیرکردنی هەیە و دەستگیر ناکرێ

# پەرلەمانتارێکی پێشووی پارتی بەتاوانی "قۆڵبڕین" سزادەدرێ

**زریان حاجی**
**رووداو – هەولێر**

پەرلەمانتارێکی پێشووی هاوپەیمانی نیشتمانیی عێراقی بە تۆمەتی "قۆڵبڕین" سکاڵا لەسەر پەرلەمانتارێکی پێشووی پارتی لە بەغدا تۆمار دەکات. بە گوێرەی بڕیاری دادگا، پەرلەمانتارەکەی پارتی کە ئێستا لە کوردستانە، بە "غیابی" حوکم دراوە و تۆمەتەکەی بەسەردا ساغ بووەتەوە، بەڵام تا ئێستا دەستگیر نەکراوە.

شەزا مووسا سادق باقر (شەزا مووسەوی) کە ئەندامی خولی یەکەمی پەرلەمانی عێراق بووە لە فراکسیۆنی هاوپەیمانیی نیشتمانیی عێراقی، پەرلەمانتارێکی پارتی لە هەمان خولدا کە کورتکراوەی ناوەکەی (ع.ع)ـە، داوەتە دادگا.

شەزا باسی یەکترناسینیان دەکات و دەڵێت "بەهۆی دۆسیەیەک لە ئەمینداریێتیی گشتی" ئەو پەرلەمانتارەی پارتی ناسیوە، دواتر بوونەتە هاوژینی یەکدی و پاشانیش پێکەوە پرۆژەی بازرگانییان هەبووە.

ئەوکاتەی ئەوان پەرلەمانتار بوون، شەڕی تائیفی لە بەغدا لە لوتکەدا بوو، ماڵەکەی شەزا دەبێتە ئامانجی گرووپە توندڕەوە سوننەکان، بۆیە پەرلەمانتارەکەی پارتی پێشنیازی بۆ دەکات ماڵەکەی بگوازێتەوە بۆ هەولێر، ئەویش لەگەڵ خانەوادەکەی لە هەولێر نیشتەجێ دەبن.

شەزا کە لە ساڵی 2007 شووی بە (ع) کردووە، دوای تەواوبوونی خولەکەی لە پەرلەمانی عێراق، بیر لەوە دەکاتەوە لە کوردستان وەبەرهێنان بکات. ئەو دەڵێت: "بەهۆی ئەو کەشە گونجاوەی بۆ وەبەرهێنان لە هەرێمی کوردستان هەبوو، بڕیارم دا نەگەڕێمەوە بەغدا و لێرە وەبەرهێنان بکەم".

بەپێی ئەو بەڵگەنامانەی دەست (رووداو) کەوتوون، شەزا و (ع) لە ساڵی 2015 پرۆژەیەکی بەخێوکردنی ئاژەڵیان دامەزراندووە و بەپێی بەڵگەنامەکان (ع) خاوەنی پرۆژەکەیە و شەزاش هاوبەشیەتی.

شەزا دەڵێت: "هەر کاتێک (ع) پێویستی بە پارە بووایە پارەی لێوەردەگرتم، زیاتر لە 500 هەزار دۆلاری بۆ پرۆژەکە لێوەرگرتم، قەت لێم نەدەپرسی ئەو پارانەت بۆچییە و چۆنی خەرج دەکەی؟".

شەزا چاوەڕێ بووە لە پرۆژەکەی قازانج بکات، بەڵام وەک دەڵێت (ع) لە ناکاو خۆی ون کردووە و نەگەڕاوەتەوە لای. ئەو دەڵێت: "ئێمە تاوەکو ئێستاش هاوژینین، بەڵام لە ساڵی 2016 وە هەڵاتووە و نەگەڕاوەتەوە لای من".

سەبارەت بە پرۆژەکەش، شەزا دەڵێت: "زانیومە پرۆژەکەی فرۆشتووە و پارەکەشی بردووە و هەڵاتووە، بەبێ ئەوەی هیچ کێشەیەک لە نێوانمان هەبووبێ".

دوای ئەوەی شەزا نائومێد دەبێ لە گەڕانەوەی هاوژینەکەی و چارەنووسی پرۆژەکەشی دیار نییە، لە ساڵی 2016 لە دادگا سکاڵای لەسەر تۆمار دەکات. بەگوێرەی بڕیاری دادگا کە لە 2017/8/7 دەرچووە، (ع) بەپێی برگە -1ا لە ماددەی 456 لە یاسای سزاکانی عێراق دادگایی کراوە و بە نۆ مانگ بەندکردن سزادراوە. بەڵام لە دادگا ئامادە نەبووە، بۆیە بە غیابی حوکم دراوە.

لە برگەی (1- ا)ی ماددەکەدا هاتووە: "سزا دەدرێت بە حەپسکردن هەر کەسێک سامانی گوازراوەی کەسێکی دیکە بە رێگەی قۆڵبڕین بۆ خۆی یان بۆ کەسێکی دیکە بگوازێتەوە".

بە گوێرەی ئەو بەڵگەنامانەی دەست (رووداو) کەوتوون، دادوەری دادگای کەتنی هەولێر لە 2017/8/23 نووسراوێکی ئاراستەی پۆلیسی پارێزگای هەولێر و دهۆک کردووە، بۆ جێبەجێکردنی بڕیاری دادگا و دەستگیرکردنی سزادراو، بەڵام هەتا ئێستا دەستگیر نەکراوە.

شەزا دەڵێت: "دادگا بڕیاری بەندکردنی بۆ (ع) دەرکردووە کە پارەکەی بردووە و هەڵاتووە. دەمەوێ سزاکەی بەسەردا جێبەجێ بکرێ و پارەکەشم بۆ بگەڕێنێتەوە".

شەزا مووسەوی، هاوژینەکەی بە "دزی" تۆمەتبار دەکات و دەڵێت: "پارەکەی لێ دزیوم و ئامادەش نییە رووبەڕووم ببێتەوە و بڵێ من پارەکەی تۆم دزیوە". ئەو پەیوەندی بە کەسوکاری (ع)یشەوە کردووە، بەڵام دەڵێن هیچ دەربارەی نازانن.

(رووداو) بۆ وەڵامی ئەو تۆمەتانە چەند جارێک پەیوەندی بە (ع)ـەوە کرد، ئەو گوتی: "خەریکین کێشەکەمان چارەسەر دەکەین"، بەڵام ئامادە نەبوو وردەکاریی زیاتر دەربارەی چۆنێتی چارەسەرکردنی کێشەکە بدات.

# پەرلەمانتاران بۆ خانەنشینی پەنا بۆ سەندیکای رۆژنامەنووسان دەبەن

**زریان حاجی**
**رووداو– هەولێر**

هەندێک لە ئەندامانی پەرلەمانی کوردستان و ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق کە پێشتر رۆژنامەڤان بوون، لەبەر ئەوەی خزمەتیان لە کەرتی حکومی نییە، بۆ ئەوەی بە مووچەیەکی بەرز خانەنشین ببن، پەنا بۆ هێنانەوەی خزمەتی رۆژنامەڤانییان لە سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان دەبەن.

سمکۆ عەبدولکەریم، بەرپرسی لقی هەولێری سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان باس لەوە دەکات کە لەگەڵ گەرمبوونی مشتومڕی چاکسازی، ئەندامانی پەرلەمانی کوردستان داواکاریان پێشکەش بە سەندیکا کردووە بۆ گەڕاندنەوەی خزمەتی رۆژنامەڤانییان. ئێمە نووسراویان بۆ دەکەین بۆ ئەنجوومەنی سەندیکا، ئەنجوومەنیش نووسراوەکە بەرز دەکاتەوە بۆ لیژنەیەک لە ئەنجوومەنی وەزیران کە تایبەتن بەو کارە".

پەرلەمانتارێک بۆ ئەوەی خانەنشینی 50% بیگرێتەوە و لە کۆی 8 ملیۆن و 200 هەزار دینار، 4 ملیۆن و 100 هەزار دینار وەربگرێ، دەبێ دوو مەرجی تێدابێ: تەمەنی لە 45 ساڵ کەمتر نەبێ و خزمەتیشی لە کەرتی گشتی لە 15 ساڵ کەمتر نەبێ.

هەندێک لەو پەرلەمانتارانە کە پێشتر رۆژنامەڤان بوون و ئەندامی سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستانن، مەرجی یەکەمیان تێدایە، بەڵام مەرجی دووەمیان تێدا نییە، بۆیە پەنا بۆ خزمەتی رۆژنامەڤانی دەبەن، بۆ ئەوەی 15 ساڵەکە تەواو بکەن.

بەرپرسی سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان– لقی سلێمانی دەڵێ هەر پەرلەمانتارانی خولی پێنج نین کە داوای ماوەی ساڵانی خزمەتی رۆژنامەڤانییان دەکەن، بەڵکو ئەندامانی خولەکانی پێشووش داوای دەکەن.

کاروان ئەنوەر، بەرپرسی سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان – لقی سلێمانی، بە (رووداو)ی گوت: "تا ئێستا سێ کەس لە خولی سێ و چوار بۆ ئەم مەبەستە هاتوون، هەفتەی رابردووش پەرلەمانتارێک هاتبوو".

> سکرتێری سەندیکای رۆژنامەنووسان:
> **ئەم ماوەیە ژمارەیەک پەرلەمانتار داوای خزمەتی رۆژنامەنووسییان کردووە**

هەر رۆژنامەڤانێک ئەندامی سەندیکای رۆژنامەنووسان بێ و ئابوونەی ساڵانەی دابێت، دەتوانێ ساڵانی خزمەتی رۆژنامەڤانی بگێڕێتەوە و بیخاتە سەر خزمەتی وەزیفی لە کەرتی گشتی.

هەندرێن ئەحمەد، سکرتێری سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان بە (رووداو)ی گوت: "هەر پەرلەمانتار و پلەباڵایەک کە رۆژنامەڤان بووبێ، مافی خۆیەتی داوای گێڕانەوەی خزمەتی رۆژنامەوانی بکات، بەڵام بە مەرجێک ئابوونەی ساڵانەی دابێ".

سەبارەت بەو پەرلەمانتارانەی لەم ماوەیەدا داوای خزمەتی رۆژنامەڤانییان کردووەتەوە، هەندرێن ئەحمەد گوتی: "لەم ماوەیەدا لەگەڵ گفتوگۆی یاسای چاکسازی، ژمارەیەکی زۆر پەرلەمانتار و بەرپرسی دیکە لە پۆستە تایبەتەکان بۆ گێڕانەوەی خزمەت داوایان کردووە، بەڵام لەبەر ئەوەی زۆربەیان ئابوونەی ساڵانەیان نەداوە، پشتگیرییان نەکراوە، ئەوەی من ئاگاداربم زیاتر لە پێنج پەرلەمانتار لەو ماوەیە داوای خزمەتی رۆژنامەنووسییان کردووە".

سمکۆ عەبدولکەریم دەڵێت بەپێی یاسای سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان هەموو رۆژنامەنووسێک دوای ئەوەی دادەمەزرێ، دەتوانێ ماوەی کارکردنی وەک رۆژنامەڤان لە دەزگاکانی راگەیاندن، وەک خزمەت بگەڕێنێتەوە سەر کاری وەزیفی خۆی. هەروەها دەڵێت، جگە لە پەرلەمانتار و وەزیر، ئەندامی مەکتەبی سیاسی و سەرکردایەتی حیزبەکانیش داوای خزمەتی رۆژنامەڤانییان کردووەتەوە.

بەگوتەی سمکۆ عەبدولکەریم، جگە لە ئەندامانی پەرلەمانی کوردستان، پەرلەمانتارە کوردەکانی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراقیش داوای گەڕاندنەوەی خزمەتیان کردووە.

لەوبارەوە گوتی: "لە رابردوودا خەڵکێکی زۆر هاتوون خزمەتی خۆیان بردووەتەوە و ئیشی خۆیان تەرتیب کردووە، هەندێ پەرلەمانتار خانەنشینیش بوون، بەڵام کاتێک ئەو چاکسازییە هاتە پێش تەماشا دەکات لە بابەتی فایلی خزمەتدا کێشەی هەیە، بۆیە هاتووە و داوا دەکات لایەنە یاساییەکەی کە پەیوەندی بە خانەنشینەوە هەیە، بیبات، ئەوەش تەنیا پەرلەمانتارانی هەرێم نین بەڵکوو پەرلەمانتاری عێراقیشن".

ئەنجوومەنی سەندیکای رۆژنامەنووسان نووسراوی کۆتایی بۆ پەرلەمانتارە رۆژنامەنووسەکان دەکەن و دواتر نووسراوەکە رەوانەی وەزارەتی دارایی دەکرێ، بۆ پەرلەمانتارەکانی عێراقیش رەوانەی بەغدا دەکرێ.

سمکۆ عەبدولکەریم دەڵێ: "هەمووان لە رێگەی ئەنجوومەنی سەندیکاوە نووسراوی کۆتاییان بۆ دەکرێ، لەلای ئێمەش وەک لق ئیجرائاتی پێویست ئەوەیە کە ئەندامەکەی سەندیکا ئابوونەی ساڵانەی دابێت و ناسنامەی نوێ کردبێتەوە، ئیدی ئەو زانیاریانەی پێویستن بۆ ئەنجوومەنی سەندیکا بەرزی دەکەینەوە، ئەوانیش بڕیاری لەسەر دەدەن و بە نووسراو رەوانەی وەزارەتی دارایی دەکەن، ئەوانەی عێراقیش دەچێتە بەغدا".

## بەڕێوەبەری کریسنت پێترۆلیۆم:

# بۆ گازی کوردستان لە بەشێکی پڕۆژەکانمان لە میسر دەکشێینەوە

ڕووداو- هەولێر

کۆمپانیای کریسنت پێترۆلیۆمی ئیماراتی بە نیازە هەتا 2023 بەرهەمهێنانی گازی سروشتی لە کوردستان بگەیەنێتە نزیکەی یەک ملیار پێ سێجا لە ڕۆژێکدا. بەڕێوەبەری کۆمپانیاکە دەڵێت کە ئەوان خەریکە واز لە بەشێک لە پڕۆژەکانیان لە باکووری ئەفریقا دەهێنن، بۆ ئەوەی فۆکەسیان لەسەر کوردستان و عێراق بێ.

مەجید جەعفەر، بەڕێوەبەری کۆمپانیای کریسنت پێترۆلیۆم، لە هەڤپەیڤینێکدا لەگەڵ ناوەندی ڕووپێوی ئابووریی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست (MEES)، لەبارەی کارەکانیان لە کێڵگەی کۆرمۆر دەڵێت: "هەتا ئێستاش کار دەکەین بۆ ئەوەی ئاستی بەرهەمی گازی سروشتی لە 400 ملیۆن پێ سێجاوە بەرز بکەینەوە، هیوادارین لە سەرەتای 2021 بتوانین 250 ملیۆن پێ سێجا زیاد بکەین و 250 ملیۆنی دیکەش لە ساڵی دواتردا بخەینە سەر ئاستی بەرهەممان".

هەرێمی کوردستان و تورکیا لە ساڵی 2013 ڕێککەوتنێکی گواستنەوەی گازی سروشتییان بۆ تورکیا واژۆ کرد. ئەوکات ئاژانسی (ڕۆیتەرز) لە زاری سەرچاوەی ئاگادارەوە ئاشکرای کردبوو کە هەناردەی گازی کوردستان بۆ تورکیا لە سەرەتای 2017ەوە دەستپێدەکات، بەڵام ڕووداوەکانی ساڵانی دواتر پڕۆژەکەیان دواخست.

لەبارەی ئەو بۆڕییەی گاز بۆ تورکیا دەگوازێتەوە، مەجید جەعفەر دەڵێ: "بە تێگەیشتنی ئێمە بۆڕییەکە بەرەوپێش دەچێ. ڕێڕەوی بۆڕییەکە هەیە. ئەولەویەتی ئێستامان دابینکردنی پێویستییەکانی دهۆکە" کە وێستگەیەکی کارەبای لێیە و پێویستی بە دابینکردنی گازە.

کوردستان 16 تریلیۆن پێ سێجا یەدەکی گازی پشتڕاستکراو و 80 تریلیۆن پێ سێجا

> **لە میسر کێشەی قەرزمان هەیە، بەڵام لە کوردستان پارەی خۆمان لەکاتی خۆی وەردەگرین**

یەدەکی مومکینی هەیە. بە گوتەی بەڕێوەبەرەکە، ئەوە بۆ دابینکردنی پێویستییەکانی هەرێمی کوردستان بەسە، زیادەکەشی هەناردە دەکرێ.

مەجید جەعفەر لەبارەی ئەولەویەتی هەناردەی گازی کوردستان دەڵێ: "ئەولەویەت لە عێراقی فیدراڵە، ئێمە تەواو لەوەدا هاوڕاین و حکومەتی هەرێمی کوردستانیش هەر بەو شێوەیە سەیری مەسەلەکە دەکات".

بەڕێوەبەرەکە وردەکاریی زیاتری لەوبارەوە داوە و دەڵێ: "هەر ئێستا گواستنەوەی کارەبا (بۆ پارێزگاکانی دراوسێی هەرێم) یان فرۆشتنی کارەبا بەردەوامە. بۆیە دەکرێ یان گازەکە بەکاربهێنی و کارەبای زیاتر بەرهەم بهێنی و بۆ پارێزگا دراوسێکانی بگوازیتەوە، یان هەر گازەکەیان بۆ بگوازیتەوە. هەندێک وێستگەی کارەبای نزیک (لە کوردستان) هەن کە تینووی گازن، وەک وێستگەی مەنسوورییە".

### فۆکەسمان لەسەر عێراق و کوردستانە

کۆمپانیای کریسنت پێترۆلیۆم فۆکەسێکی تایبەتی لەسەر چالاکییەکانی لە هەرێمی کوردستانە، بە جۆرێک گومانی ئەوە دروستبووە ئەو کۆمپانیایە لە داهاتوودا ناوچەی



کۆمپانیای کریسنت پێترۆلیۆم دەیەوێت ئاستی بەرهەمی گازی سروشتی لە کێڵگەی کۆرمۆر بگەیەنێتە یەک ملیار پێ سێجا

چالاکییەکانی لە جیهاندا کەم ببێتەوە. مەجید جەعفەر وێڕای ڕەتکردنەوەی ئەوە دەڵێ: "ئێستا 50 ساڵ بەسەر کارکردنی ئێمەدا تێدەپەڕێ، ئێمە ئەزموونی کارکردنمان لە هەموو ناوچەکە و جیهانیش هەیە.. بەڵام ئێستا فۆکەسێکی زۆرمان لەسەر عێراقە و زیاتر لە جاران پابەندین بە هەرێمی کوردستان و هیوادارین بتوانین بۆ بەشەکانی دیکەی عێراقیش وابین".

کریسنت پێترۆلیۆم گەورەترین کۆمپانیای کەرتی تایبەتی گاز و نەوتە لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست کە ساڵی 1971 دامەزراوە. ئەو کۆمپانیایە دامەزرێنەر و گەورەترین خاوەن پشکی دانا گازی ئیماراتیشە کە بە گەورەترین کۆمپانیای گازی سروشتیی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست دادەنرێ. کریسنت ماوەی 30 ساڵە لە عێراق ئامادەگی هەیە و لە ساڵی 2007ـەوە لە ڕێگەی دانا گازەوە لە هەردوو کێڵگەی چەمچەماڵ و کۆرمۆر کاردەکات.

کرینست بەشێک لە پشکی پڕۆژەکانی خۆی لە میسر بۆ فرۆشتن خستووەتەڕوو. بەڕێوەبەری کۆمپانیاکە دەڵێت: "ئەوە بڕیارێکی ستراتیژییە و پێویستی دارایی پاڵنەری ئەو بڕیارە نەبووە. بە بڕوای من مەسەلەکە ئەوەیە کە دەبێ فۆکەس لەکوێ بێ، فۆکەسمان لەسەر پێگەی بەهێزی ئێستامانە لە هەرێمی کوردستان".

مەجید جەعفەر لەبارەی هۆکاری ئەو هەڵوێستە نوێیەیان بەرامبەر میسر و بایەخدانی زیاتر بە کوردستان دەڵێ: "بەم دواییە هەندێک لە دەرفەتەکانی گەڕان لە کێڵگەکانی دەریا ئاکامی باشیان نەبوو، ئینجا کێشەی قەرزەکانیش هەبوو. هەرچەندە قەرزەکان بەشێوەیەکی بەرچاو کەم بوونەتەوە، بەڵام هەتا ئێستاش هەن. ئێستا قەرزەکانمان لە هەرێمی

> **قەرزەکانمان لە کوردستان سفر بوونەتەوە**

کوردستان سفرن و لە کاتی خۆیدا هەموو هەقدەستی خۆمان وەردەگرین، ئەمەش بۆ متمانەی وەبەرهێنەر زۆر گرنگە".

بەڵام هۆکاری کەمبوونەوەی چالاکییەکانیان لە میسر و ئاوڕدانەوەی زیاتر لە کوردستان تەنیا تەکنیکی نین، وەک بەڕێوەبەری کۆمپانیاکە دەڵێ، بەشێک لە بابەتەکە پەیوەندی بە قەبارەی یەدەکەوە هەیە، چونکە "ئەو یەدەکە بنەڕەتییەی لە میسر هەمانە چەند سەد ملیار پێ سێجایە، لە کاتێکدا ئەوەی لە کوردستان هەمانە دەیان تریلیۆن پێ سێجایە، بۆیە دەبێ فۆکەس بخەینە سەر ئەو شوێنەی لەڕووی بازرگانییەوە مەعقوولە".

بەگوێرەی داتاکانی ئۆپێک، یەدەکی پشتڕاستکراوی نەوتی خاوی عێراق زیاتر لە 145 ملیار بەرمیلە. ساڵانێکی زۆر جەنگ و شەڕی نێوخۆ و حوکمڕانیی ناکارامە وای کردووە گەڕان بە دوای کێڵگەی نوێ بە هێواشی بەڕێوەبچێ. بەڕێوەبەری کۆمپانیا ئیماراتییەکە پێیوایە بەشێکی زۆری عێراق گەڕانی تێدا نەکراوە: "تەنیا چەند هەزار کێڵگەیەک هەن کە لە مێژووی ئەو وڵاتەدا نەوتیان لێ دەرهێنرابێ، ئەوەش بە بەراورد بە سعودیە کەمە کە دە هێندەی ئەوەیە"، پێشیوایە یەدەکی نەوتی عێراق لەو ژمارەیە زۆر زیاترە کە ئێستا باسی دەکرێ.

---

# ئەم هەفتەیە وەزیری سامانە سروشتییەکان دادەنرێ

زریان حاجی
ڕووداو- هەولێر

ئەندامێکی پەرلەمانی کوردستان ڕایگەیاند، ڕۆژی پێنجشەممەی داهاتوو پەرلەمانی کوردستان کۆدەبێتەوە و یەکێک لەو بابەتانەشی دەخرێتە بەرباس دانانی وەزیری سامانە سروشتییەکانە. وا بڕیارە ئەم هەفتەیە پۆستی وەزیری سامانە سروشتییەکان یەکلایی بکرێتەوە و شێخ باز، بەڕێوەبەری کۆمپانیای کاریش بەهێزترین بەربژێرە بۆ ئەو پۆستە.

لە کاتی ڕاگەیاندنی ناوی وەزیرەکانی کابینەی نۆیەم، پۆستی وەزیری سامانە سروشتییەکان بە بەتاڵی هێڵدرایەوە، ئەگەرچی پێش پێکهێنانی حکومەت قسەی زۆر هەبوو کە د.ئاشتی هەورامی، وەزیری پێشووی سامانە سروشتییەکان دادەنرێتەوە، بەڵام ناوبراو پۆستی دیکەی وەرگرت.

جێگری سەرۆکی لیژنەی سامانە سروشتییەکان ڕایگەیاند کە ڕۆژی پێنجشەممەی داهاتوو پەرلەمانی کوردستان کۆدەبێتەوە و ناوی چەند بەربژێرێکیش بۆ ئەو پۆستە هەن. گولیزار ڕەشید، بە (ڕووداو)ی گوت: "لەوانەیە ڕۆژی پێنجشەممە 30\1\2020 پەرلەمان کۆببێتەوە، کۆبوونەوەکەش زیاتر بۆ دەستنیشانکردنی وەزیری سامانە سروشتییەکانە".

سەبارەت بە بەربژێری ئەو پۆستەش، گولیزار ڕەشید گوتی: "هەرچەندە دەبێ هەفتەیەک پێش ئەمە سیڤیی بەربژێرەکان بنێردرێ و لای پەرلەمانتاران بێ، کەچی تا ئێستا سیڤیی هیچ بەربژێرێک نەهاتووە، بەڵام ژمارەیەک ناو بۆ ئەو پۆستە دێن، لەوانە شێخ باز عەبدولکەریم و د.نزار محەممەد".

شێخ باز عەبدولکەریم بەرزنجی، بزنسمانێکی گەورەی هەرێمی کوردستانە، سەرۆکی ئەنجوومەنی جێبەجێکاری کۆمپانیای کار گرووپە. ئەگەری زۆرە ئەو بکرێتە وەزیری سامانە سروشتییەکان، لە ماوەی ڕابردووشدا وەک ئەندامی شاندی دانوستاندنکاری حکومەتی هەرێمی کوردستان لەگەڵ بەغدا بۆ پرسی بودجە و نەوت دەرکەوت.

> **پەرلەمانتارێک:**
> **پێنجشەممەی داهاتوو پەرلەمان لەسەر ئەو بابەتە کۆدەبێتەوە**

پەرلەمانتارێکی یەکگرتوو دەڵێ پەرلەمان دەتوانێ کۆبوونەوەی نائاسایی بۆ دەنگدان بە کاندیدی وەزیری سامانە سروشتییەکان بکات، بەڵام ئەوان وەکو ئۆپۆزیسیۆن دەنگی پێنادەن.

شێرکۆ جەودەت، ئەندامی لیژنەی وزە و سامانە سروشتییەکان لە پەرلەمانی کوردستان بە (ڕووداو)ی گوت: "تا ئێستا هیچ ناوێک ڕوون نییە، هەرچەندە پێمان نەگوتراوە کێ دادەنرێ، بەڵام لێرە و لەوێ باسی بەڕێوەبەری کۆمپانیای کار و د.نزار محەممەد دەکرێ، بەڵام ئێمە وەکو ئۆپۆزیسیۆن دەنگی پێنادەین".

وەزارەتی سامانە سروشتییەکان لە کابینەی پێنج لە ئایاری 2006 دامەزراوە. یەکەم وەزیری ئەو وەزارەتەش ئاشتی هەورامی بوو، دواتر لە کابینەکانی شەش و حەوت و هەشت دانرایەوە، لەم کابینەیە ئەگەرچی لەسەرەتای پێکهێنانی حکومەت وەک بەربژێرێکی بەهێز ناوی دەهات، بەڵام دانەنرایەوە و دواتر پۆستی یاریدەدەری سەرۆکی حکومەتی بۆ کاروباری وزە وەرگرت.

ئەندامێکی لیژنەی سامانە سروشتییەکان لە فراکسیۆنی پارتی کە نەیویست ناوی بڵاوبکرێتەوە، بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "ئەگەرێکی زۆر هەیە ئەم هەفتەیە وەزیری سامانە سروشتییەکان دابنرێ، شێخ باز کەریم بەرزنجی، بەڕێوەبەری کۆمپانیای کار کە شارەزاییەکی زۆر باشی لە بواری نەوت هەیە، بۆ پۆستەکە یەکلایی کراوەتەوە، هەر لەبەر ئەوەش بوو کە کۆبوونەوەی پەرلەمان دواخرا بۆ ئەم هەفتەیە، ئەگەر کارەکان تەواو ببێت ئەوا شێخ باز دێتە پەرلەمان و سوێندی یاسایی دەخوات وەک وەزیر".

بە گوتەی ئەو پەرلەمانتارە، پشووی پەرلەمان کە بەهۆی گفتوگۆ لەسەر پڕۆژە یاسای چاکسازی دواخرا، هەر لەبەر دانانی وەزیری سامانە سروشتییەکان دەستی پێنەکردووە. ئەو پەرلەمانتارە گوتی: "دوای دانانی وەزیری سامانە سروشتییەکان پەرلەمان دەکەوێتە پشووی خۆی، واتە ئەو ڕۆژەی شێخ باز کەریم بەشداری لە کۆبوونەوەی پەرلەمان دەکات و متمانەی پێدەدرێ، ئیدی کاری پەرلەمان تەواو دەبێ، بەڵام ئەگەر تا ئەوکاتە ئەو کارانە بۆ سوێندخواردنی وەزیر تەواو نەکرێن، ئەوا ئێمە کۆبوونەوەی پەرلەمان ڕادەگەیەنین و کۆتایی بە کارەکانمان دێنین و دەچینە پشووەوە".

---

# پزیشکێک سکاڵا لەسەر پەرلەمانتارێک تۆمار دەکات

شکار ئەحمەد
ڕووداو – هەولێر

پزیشکێکی دەرمانساز، بەتۆمەتی بڵاوکردنەوەی "هەواڵی ناڕاست لە سۆشیالمیدیا و دروستکردنی مەترسی لەسەر ئاسایشی خۆراکی هەرێمی کوردستان" سکاڵای یاسایی لە دژی پەرلەمانتارێکی کۆمەڵی ئیسلامی تۆمار دەکات، بەڵام پەرلەمانتارەکە دەڵێ سکاڵاکە بۆ ئەو هیچ بایەخێکی نییە و گرنگی پێنادات.

دڵشاد محەممەد عەبدولڕەحمان کە پزیشکی دەرمانسازە و ئێستا خوێندکاری دکتۆرایە لە زانکۆی پزیشکیی تاران، لە دادگای سلێمانی سکاڵایەکی لەسەر سۆران عومەر، پەرلەمانتاری کۆمەڵی ئیسلامی تۆمار کردووە. دکتۆر دڵشاد بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند: "ڕۆژی 2020/1/22 لە دادگای سلێمانی بەپێی ماددەی 180 سکاڵایەکی یاساییم لە دژی ئەو پەرلەمانتارە

> **پزیشکەکە:**
> **سۆران عومەر بووەتە پاڵەوانی پشت کۆمپیوتەر**

تۆمار کردووە، چونکە گومانی خستووەتە سەر سەرجەم سێکتەرەکان لە هەرێمی کوردستان و شکاندنی کۆمپانیا و ژمارەیەک کەس و کەلوپەل لە بەرژەوەندیی کۆمەڵێکی دیکە".

بەگوتەی دکتۆر دڵشاد محەممەد: "ئەو پەرلەمانتارە بەئەنقەست زانیاری نادروست و بێ بنەما لەڕێگەی پەیجی تایبەتی خۆی بڵاودەکاتەوە کە نزیکەی 254 هەزار کەس (یەک لەسەر دوانزەی کۆی دانیشتووانی هەرێمی کوردستان) دەیبینن". دەشڵێت: "دوای ئەوەی پۆستێک بڵاودەکاتەوە و کەسایەتی کۆمپانیا و خەڵک دەشکێنێ، دوای چەند ڕۆژێک پۆستەکە دەسڕێتەوە، بەمەش دوودڵی و ناجێگیریی دەروونی لەلای هاووڵاتیان دروست دەکات و گومانیان لە هەموو خواردن و دەرمانێک دەبێت، لە دونیادا یەکێک لە هۆکارەکانی شێرپەنجە و جەڵتەی دڵ ناجێگیریی دەروونییە". بۆیە وەک ئەو دەڵێت، قسەکانی سۆران عومەر دەچنە چوارچێوەی هەوڵدان بۆ تێکدانی ئاسایشی خۆراک و دەرمان لە هەرێمی کوردستان.

ئەو خوێندکارە کە لە زانستی دەرمان و ژەهرناسیدا لە تاران دەخوێنێت، پۆستەکانی سۆران عومەر بە "مەترسی" بۆ سەر کۆمەڵگەش

> **سۆران عومەر:**
> **گرنگی بە سکاڵا و قسەکانی ئەو پزیشکە نادەم**

دەزانێت و دەڵێت: "بۆ نموونە، لە چەند ڕۆژی ڕابردوودا پۆستێکی کرد لەسەر بەرهەمەکانی کارگەی ئالین، گوایە خۆی وێنەی قوتوویەکی بیبەری وشککراوەی گرتووە کە جگەرەی تێدا بووە، دواتریش خۆی ڕوونکردنەوەی کارگەکە بڵاودەکاتەوە کە وەڵامی قسەکانی ئەو دەداتەوە، ئەمە یەکێکە لەو دەیان نموونەیەی کە وەکو بەڵگە لەسەری کۆمکردووەتەوە و داومە بە دادگا".

د. دڵشاد محەممەد پێیوایە ئەوەی سۆران عومەر دەیکات لە هیچ وڵاتێک نەکراوە: "ئەو کەسە ئەندامی پەرلەمانە و پێگەیەکی سادەی نییە، قسەکانی لەبەرچاو دەگیرێت، لە پۆستێکدا باس لە هۆکارەکانی شێرپەنجە دەکات وەک لایەنێکی فەرمی، لەکاتێکدا من کە پزیشکم ناتوانم ئەو زانیارییانە بدەم ئەگەر بەڵگەی زانستیم نەبێت، ئەمە سەرلێشێوان دروست دەکات لەلای خوێندکارانی پزیشکی و دەیانخاتە ژێر پرسیارەوە".

خوێندکارەکە کار لەسەر لێسەندنەوەی پارێزبەندی لە پەرلەمانتارەکەی کۆمەڵ دەکات و دەڵێ: "من هیچ کێشەیەکی کەسییم لەگەڵ سۆران عومەر نییە و نایناسم، ئەو کەس و کۆمپانیایانەش ناناسم کە پەرلەمانتارەکە ناوی زڕاندوون، بەڵام وەکو ئەرکێکی سەرشانم و بۆ ڕاگرتنی ئەو پەرلەمانتارە کە لە ڕێگەی جیاوازەوە دەیەوێت سکاڵاکەم بکشێنمەوە و بەڵگەشم لەلایە کە دەڵێ هیچ کەسێک ناتوانێت من بگرێت، بۆیە لە چەند ڕۆژی داهاتوو لەڕێگەی پەرلەمانی کوردستانەوە داوای لێسەندنەوەی پارێزبەندی پەرلەمانی لێ دەکەم".

بەڵام سۆران عومەر، پێیوایە دکتۆر دڵشاد محەممەد دەیەوێت هەرایەک لە دژی ئەو بنێتەوە. لەوبارەوە بە (ڕووداو)ی گوت: "لەڕێگەی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانەوە زانیومە ئەو کەسە سکاڵای لە دژم تۆمار کردووە. من نە ئەو کەسە دەناسم، نە دەشزانم کێیە، بەڵام دەزانم خۆی دەرمانخانەی هەیە، دەیەوێت بەو ناوەوە هەرایەک دروست بکات، بۆیە سکاڵاکەی و قسەکانیشی بەلای منەوە جێی بایەخ و گرنگیپێدان نین".

## نازم دەباغ، نوێنەری حکومەتی هەرێمی کوردستان لە تاران بۆ (ڕووداو):

# بازرگانەکانی خۆمان لە ئێران بەدوای شتی هەرزاندا دەگەڕێن

"هەندێک کەس بە نوێنەری ئێرانت دەزانن، نەک هەرێمی کوردستان؟" ئەمە ئەو پرسیارەی هەڤپەیڤینە درێژەکەمان بوو لەگەڵ نازم دەباغ کە زۆرترین قسەی لەبارەوە کرد. نازم دەباغ دەڵێت ئەو کەسێکی دیبلۆماتکارە و ئەگەر وەکو ئۆزیسیۆنی ئێران، یان فوئاد حەقیقی (کارمەندی دیسکی ڕۆژهەڵات لە تۆڕی میدیایی ڕووداو) قسە لەسەر ئێران بکات، یەکسەر دەینێرنەوە هەرێمی کوردستان. نازم دەباغ لە دوایین بەشی ئەم هەڤپەیڤینەدا باسی پەیوەندییە ئابووری و بازرگانییەکانی هەرێمی کوردستان دەکات و دەڵێت بەهۆی گەمارۆکانەوە پەیوەندیی بازرگانی لە نێوان ئێران و هەرێمی کوردستان زۆرتر لە ڕێگەی پیلەوەرەکان (چەرچی)یەوە دەکرێ.

هەڤپەیڤین: زریان حاجی
ڕووداو- هەولێر


(فۆتۆ: ڕووداو)

به پلەی وەزیر خانەنشین کراوم

◆◆

تا ئێستا دووجار داوام کردووە بگەڕێمەوە کوردستان

◆◆

ئەندامانی مەکتەبی سیاسیی یەکێتی ئیرەییان بە پەیوەندیی من و مام جەلال دەبرد

◆◆

لە 1986ـەوە بەرپرسی هەماهەنگیی نێوان یەکێتی و ئێران بووم

◆◆

مەرزی باشماخ و پەروێزخان و حاجی ئۆمەران حاجی قاسم بۆی کردینەوە

### بەشی سێیەم و کۆتایی

**ڕووداو: ماڵەکەت لە ئێرانە یان هەرێمی کوردستان؟**

**نازم دەباغ:** گوتیان پیاوێکی جوو بوو بە موسوڵمان، شەو مرد. دایکی بۆی دەگریا. گوتیان بۆچی دەگری؟ گوتی مەسیح و موسای لە خۆی کرد و محەممەدیش نەیناسی. من نازانم ئێستاش ماڵم لە کوێیە. لە 1966ـەوە زگورتی دەژیم. چووینە هۆڵەندا، دوای ڕێککەوتنی واشنتن لەسەر داوای مام جەلال چووم بۆ ئێران. لەو کاتەوە لەوێ ماومەتەوە تا ئێستا. ماڵێکم لە هۆڵەندایە. ماڵی کچەکەم و نەوازی کوڕیشم لە هەولێرە. ماڵی خۆیشم کە هەموو جار لەوێ کۆدەبینەوە، لە تارانە.

◆◆ لە ساڵی 1966ـەوە زگورتی دەژیم

**ڕووداو: ماوەی 13 ساڵە بەرپرسی پەیوەندییەکانی هەرێمی کوردستان و کۆماری ئیسلامیی ئێرانیت. قەت داوای وازهێنان و گەڕانەوەت نەکردووە بۆ هەرێمی کوردستان؟**

**نازم دەباغ:** نەخێر، هەمیشە پێمگوتراوە لەوێ بە.

**ڕووداو: تا چەند لە کارەکانی تۆ ڕازین؟**

**نازم دەباغ:** ئەو پرسیارە نابێ لە من بکرێ، دەبێ لە دەرەوەی من بکرێ. من جارێک لەگەڵ بەرپرسێکی ئێرانی دانیشتبووم، کە ئێستا

◆◆ ئەو خانووانەی لە دۆڵەکۆگە کە ئێستا پژاکیان تێدایە من دروستمکردوون

خانەنشینە، بەڵام من هەر لە شوێنەکەی خۆم ماوم. باسی بۆچوونی خۆی لە بارەی کوردەوە کرد. هەندێک قسەی کرد ئەگەر لە من باشتر نەبووبێ لە من خراپتر نەبووە بۆ کورد. گوتم فڵان من تۆ لە زەمانی سەردەشتەوە دەناسم، واتە لە ساڵی 1986ەوە ئێستا 2018 یە، تۆش لەو کاتەوە من دەناسی کە لە پەیوەندییەکانی ئێران کار دەکەم. گوتم هۆکاری هەیە تۆ ماوی و منیش ماوم، دەزانی هۆکاری چییە؟ هەردووکمان بۆ وڵاتی خۆمان دڵسۆزین، ئەگەر من دڵسۆز نەبوومایە، منیان دەگۆڕی، تۆش ئەگەر دڵسۆز نەبوویتایە دەیانگۆڕیت. من لە 1999/9/19 بە نامەی مەکتەبی سیاسی و مام جەلال چوومەتەوە تاران و تا ئێستا لەوێم.

**ڕووداو: لە کابینەی نوێدا یەکێتی باسی گۆڕینی تۆی نەکرد؟**

◆◆ بە مام جەلالم گوت نامەوێ بەرپرسم هەبێ و تەنیا تۆم قبووڵە

**نازم دەباغ:** من دوو جار نامەم نووسی و داوام کرد بمگۆڕن، چونکە من بە ساڵیشدا چووم. دوای ئەوەش من پێویستم بە هیچ نییە بە پلەی وەزیر خانەنشین کراوم، ئایا لەوە زیاترم دەدەنێ؟ خۆ نابم بە سەرۆک وەزیران، هەر وەزیرم.

**ڕووداو: لە هەشتاکان کە لە سەردەشت بووی، چ بەرپرسیارییەکت هەبوو؟**

**نازم دەباغ:** بەرپرسی پەیوەندییەکانی یەکێتی بووم لە ئێران. من لە مانگی 5ی 1986 بە فەرمی بوومەتە بەرپرسی هەماهەنگیی نێوان یەکێتی و ئێران. بارەگام لە دۆڵەکۆگە بوو، ئێستا ئەو شوێنە پژاکی لێیە. ئەو خانووانەی لەوێ کە ئێستا پژاکیان تێدایە من دروستم کرد.

**ڕووداو: چەند ساڵ ئەندامی مەکتەبی سیاسی یەکێتی بووی؟**

**نازم دەباغ:** لە ساڵی 1985 ئەندامی مەکتەبی سیاسی یەکێتی بووم تا 1990.

**ڕووداو: چۆن بوو لە کۆنگرەی 4ی یەکێتی خۆت بەربژێر نەکرد؟**

**نازم دەباغ:** من لە کۆنگرەی یەکەوە بڕیارێک و بەڵێنێکم بە مام جەلال دا، پێمخۆشە نە بەرپرسی کەس بم و نە کەسیش بەرپرسم بێ، گوتم بەس تۆم قبوڵە.

**ڕووداو: مام جەلال داوای لێنەکردی خۆت بەربژێر بکەی؟**

**نازم دەباغ:** مام جەلال چەند جارێک پێیگوتم بە تەمای چیت؟ گوتم من پێشمەرگەی سکرتاریەتم تا ڕۆژی دەنگدانیش لە کۆنگرە دەبم، کە ڕۆژی دەنگدان هات من سەفەر دەکەم. ئەندامی مەکتەبی سیاسیی یەکێتی حەسوودییان بەوە بردووە کە نامەوێ ناوی کەسیان بهێنم، بە مام جەلالیان گوتووە ئێمە ئەندامی مەکتەبی سیاسین، ئەو متمانەی بەو (نازم)ـەت هەیە بە ئێمەت نییە و ئەو ئیشەی بە ئەوی دەکەی بە ئێمەی ناکەی.

**ڕووداو: پەیوەندی ئێستای نێوان هەرێمی کوردستان و کۆماری ئیسلامی لە چ ئاستێکدایە؟**

**نازم دەباغ:** تا ئەم کاتەی ئێمە دانیشتووین پەیوەندییەکە لە ئاستی پێویستدایە و باشە، بەڵام بەدڵنیاییەوە لەسەر ڕووداو و بارودۆخەکان جاری وا هەیە بەرز و نزمییەک دروست دەبێ، بەڵام هەست و پەرۆشی بۆ پاراستنی پەیوەندییەکان زوو جوڵەی ئەوەی تێدەکەوێ بەو ئاقارەدا نەکەوێ کە

◆◆ هۆکاری دواکەوتنی بەنێودەوڵەتیکردنی مەرزی کێلێ بەغدا و هەولێرن نەک تاران

کێشە دروست ببێ و کێشە بێتە پێش بۆ کارەکانی حکومەتی هەرێم و نوێنەرەکەی لە تاران.

**ڕووداو: ماوەیەکی زۆرە قسە لەسەر کردنەوەی چەند دەروازەیەکی دیکەی نێودەوڵەتی لە نێوان ئێران و هەرێمی کوردستان دەکرێت، لەوانەش مەرزی کێلێ کە قسە هەبوو بکرێتە نێودەوڵەتی، بۆچی نەکرا؟**

**نازم دەباغ:** جگە لە مەرزی کێلێ، چەند مەرزی دیکەش هەن، هەموو ئەوانە لە ئێران بڕیاریان هەیە، بەڵام هۆکاری دواکەوتنەکەی بەغدا و هەرێمە، چونکە تا ئێستا نەهاتوون بڕیارەکە تەئید بکەن و بیکەنەوە. ئێران ئامادەیە. سەردەمی کابینەکەی بەرهەم ساڵح مەرزی کێلێمان کردەوە. من لەگەڵ شاندی ئێرانی هاتم د.بەرهەم بەڵێنی دا کە ڕێگاکە قیرتاو بکرێ. لەو کاتەوە ئەو بڕیارە هەیە. ئێمە لە دوای ئەو ریفراندۆمەوە زۆرمان چەشت، بەتەواوی کەوتینە ناو یەکپارچەیی عێراقەوە، تۆ بڕیارێک بدەی پەیوەندی بە سنوورەوە هەبێ، دەبێ عێراق چارەسەری بکات و هەرێمی کوردستان ناتوانێ بیکات، تەنیا دەتوانی لە بەغدا بیجوڵێنێ، داوا بکات کە پێویستمان بە کردنەوەی ئەو دەروازەیە هەیە.

پێش ریفراندۆم زۆر شت هەبوو لە دەرەوەی دەستووری عێراق بۆ ئێمەیان کردووە، بۆ نموونە مەرزی باشماخ و پەروێزخان و حاجی ئۆمەران لە دەرەوەی دەستوور، ئەو حاجی قاسمە بۆی کردینەوە. من قسەکە وەک خۆی دەکەم.

◆◆ ئەوانەی دەڵێن نازم نوێنەری ئێرانە بێئیشەکانی فەیسبووک و کارەبادزەکانی ئەوروپان

نووسراوێک لای ئێرانییەکانەوە هاتووە کە دەڵێت ئەو ئیمزایە دەکەن بۆ کردنەوەی ئەو مەرزە، دەگەڕێنەوە بۆ ڕێککەوتننامەی جەزائیر. من ئەوەم ڕەتکردەوە و گوتم ڕێککەوتنەکە دژی کوردە، لەبەر ئەوە ئێمە ناچینە ژێر ئەو بارە. بە حاجی قاسمدا هەندێ پەیامی مام جەلالم نارد، ئەویش گوتی بیکەنەوە. دوایی هاتە سەر دیاریکردنی سنوور کە کوێ عێراقە و کوێ ئێرانە. بۆ دەستنیشانکردنی سنوور من قسەیەکم کرد ئێرانییەکان پێکەنین: "گوتم کوێتان دەوێ بۆتان واژۆ بکەم"، گوتیان بۆ؟، گوتم کیلۆمەترێ بە دیوی عێراقدا یان بە دیوی ئێراندا هەمووی کوردستانە. بۆ من هەردوولا کوردستانە. خۆتان کوێ دادەنێن داینێن بۆ من جیاوازی نییە. بە پێکەنینەوە قبوڵیان کرد. خاڵێکی دیکە ئەگەر نەبێ بە مەدح من چارەسەرم کرد، لە باشماخ ڕووبارێکی لێیە، دەبوو پردەکەی چاک بکەنەوە. جا کێشەکە لەسەر سنوور لەوێ دروست بوو، من گوتم کاکە مەڵێن پرد دروست دەکەین، بڵێن چاکی دەکەین، ئەگەر بڵێین پرد دروست دەکەین دیسان کێشە دروست دەبێ.

کردنەوەی دەروازە هەروا ئاسان نییە، ئیمکان نییە بەبێ ڕێککەوتنی نێودەوڵەتی بتوانین بیکەن، جا بۆیە زۆر شت لە پەیوەندییەکاندا کە دروست دەبوو، من و ئەو پیاوە (قاسم سولەیمانی) هەردوولا بەدوای چارەسەردا دەگەڕاین بۆ ئەوەی پەیوەندییەکان باش بن، هەم من بۆ هەرێم و هەم ئەویش بۆ ئێران. دیارە حیکمەتەکەش دەگەڕێتەوە بۆ مام جەلال. ئەو دەیگوت جوگرافیا ناگۆڕێ، من چەندینجار کە ئەو قسەیەشم کردووە، گەڕاومەتەوە بۆ قسەکەی مام جەلال، مەرز و جوگرافیا ناگۆڕێن تا ئیوارە بمەوێ ناتوانم ئەو جوگرافیایە لە ئێران بکەمەوە، خەڵک دەتوانێ مێژوو بگۆڕێ، بەڵام جوگرافیا ناگۆڕێ.

◆◆ کاری بازرگانیی نێوان هەرێمی کوردستان و ئێران لە ڕێگەی چەرچییەوە دەکرێ

**ڕووداو: ئەو ئاڵوگۆڕە بازرگانییەی هەرێمی کوردستان لەگەڵ تورکیا هەیەتی، لەگەڵ ئێران نیەتی، لە کاتێکدا بەرپرسانی کۆماری ئیسلامی بەردەوام جەخت لەسەر نزیکیی کولتووری و زمانی نێوان کورد و فارس دەکەنەوە. هەرێمی کوردستان یەک دەروازەی لەگەڵ تورکیا هەیە، بەڵام سێ دەروازەی نێودەوڵەتی و چەند دەروازەیەکی نافەرمیشی لەگەڵ ئێران هەیە، بۆچی ئەو ئاڵوگۆڕە کەمە؟**

**نازم دەباغ:** ئەوەی کە هۆکارە لە کەمکردنەوەی چالاکیی بازرگانیی لە نێوان ئێران و هەرێمی کوردستان، هۆکارە لە زیادکردنی بازرگانی لە نێوان تورکیا و هەرێمی کوردستان، پەیوەندی بە بارودۆخی سیاسی و ئابووری و سەربازیی ناوچەکەوە هەیە. ئێران ئابڵوقەی لەسەرە، کێشەی دۆلار و پەیوەندیی بانکی هەیە. ئێستا لە تورکیا لیرە شکاوە، بەڵام بانک نەوەستاوە، ئێران سیستەمی بانکی نییە لەگەڵ هەرێمی کوردستان، بەڵکو کارەکە لە ڕێگەی پیلەوەری، واتە چەرچی دەکرێ، بە دەست شت دەفرۆشێ. بەشێکی دیکەشی دەگەڕێتەوە بۆ فەرهەنگێک، ئەوەندی مرۆڤ هەست پێدەکات لەڕووی ڕەفاهیەتەوە، چونکە کابرای بازرگان کە دەچێتە ئەنقەرە و دەچێتە تاران جیاوازی هەیە. دەچێتە دهۆک زۆر جیاوازە. کابرا کە دێت بۆ تاران و 10 ڕۆژ دەمێنێتەوە، دەیەوێ شتی خۆی بکڕێ و ئیسراحەتیش بکات. ئەمە لە ئێران بە ئاسانی دەستناکەوێ. هۆکارەکە سیاسییە، ئەگەرنا وڵاتێکی وەک ئێران 83 ملیۆن نفووسی هەیە، ئەم وڵاتە دەکرێ بە کواڵیتیی خراپ بەڕێوەبچێ؟

◆◆ بازرگانی کورد لە پێناوی 50 دۆلار بەنزینی ژەهراوی لە ئێران کڕیوە

کاتێک عەدنان موفتی سەرۆکی پەرلەمان بوو، کاک خورشید شێرە ئەندامی پەرلەمان بوو، من بە دیار تەلەفزیۆنەوە دانیشتبووم پەلاماری ئێرانی دەدا و دەیگوت کاڵای خراپمان بۆ دەنێرێ. دەستبەجێ پەیامێکم نارد گوتم بەداخەوە بەبێ لێکۆڵینەوە و بەبێ زانست لە پەرلەماندا خۆش نییە پەلاماری وڵاتێکی دراوسێ و دۆست بدەی. من بەڵگەت دەدەمێ بازرگانەکانی خۆمان دێن بەدوای شتی هەرزاندا دەگەڕێن. یاریدەدەری وەزیری بازرگانیی ئێران، ئاغای زەیتوون نەژاد، تەلەفۆنی بۆ کردم. بازرگان لە هەرێمی کوردستانەوە هاتووە تایتی کڕیوە، وەزارەتی بازرگانیی عێراق بۆ خۆی تایتی ئەکتیڤ 20ی دەوێت، ئەوەی ئێران ئەکتیڤ 12یە، لەبەر مەسەلەی تەندروستی، بەڵام نرخی تۆنی ئەکتیڤ 20 لەگەڵ ئەکتیڤ 12 نزیکەی 200 دۆلاری فەرقە. بازرگانەکە گوتوویەتی تۆ ئەکتیڤ 12ی تێبکە و لەسەر پاکەتەکە بنووسە 20.

ئاغای زەیتوون نەژاد تەلەفۆنی بۆ کردم، گوتی ئەوە بۆ بازرگانەکە بکەم یان نا، گوتم مەیکە.

بۆ نموونە مەعجوونی تەماتە، خەستییەکەی پێیدەگوترێ بریکس. ئاوەتەماتەی ستاندارد بریکسەکەی 28ـە، کێشی یەک کیلۆیە. بازرگانی کورد دێتە ئێران دەڵێت بریکسەکەی بکە بە 20، کێشەکەشی بە قوتووەکەوە بکە بە یەک کیلۆ، بەڵام لەسەر قوتووەکە بنووسە بریکسەکەی 28ـە و کێشی سافیشی یەک کیلۆ. ئەوە لێرە 100 غرامت لێ دەدزێ. کەسێک هاتە لام گوتی من

◆◆ لە کوردستان پێیانگوتووم هەر لە ئێران بمێنەوە

حیمایەی فڵان بەرپرسم، کە بەرپرسێکی گەورە بوو، داوای کرد ئەو کارەی بۆ بکەم. پێمگوت هەتا پێکهاتەی کیمیایی بابەتەکەم بۆ نەهێنی ڕازی نابم.

**ڕووداو: ڕەنگە یەکێک لە هۆکارەکانی کەمیی ئەو ئاڵوگۆڕە پەیوەندی بە کواڵیتی کاڵا و خۆراکی ئێرانیشەوە هەبێ، قەت لەوبارەیەوە لەگەڵ کاربەدەستانی ئێران قسەتان کردووە؟**

**نازم دەباغ:** ئەوەی پێمکرابێ قسەم لەسەر کردووە، بەڵام کاڵای ئێرانی کواڵیتیی خراپ نییە. بۆ نموونە لە ئێران جۆرە بەنزینێک هەیە، پێیدەگوترێ بەنزینی ئەحمەد نەژادی کە بە ماددەی کیمیایی دروست دەکرێ. زەمانی ئەو ئاسمانی تارانی کردە دووکەڵی شین. یەک تۆن لەو بەنزینە 50 دۆلار لە بەنزینەکانی دیکە هەرزانترە. بازرگانێکی خۆمان لە سلێمانی هات، مەوعیدم بۆ وەرگرت لە وەزارەتی نەوتی ئێران کە بچێ بەنزینە ستانداردەکە بکڕێ. دوایی نەهاتەوە. لێمپرسی بەنزینت کڕی، گوتی: بەڵێ. گوتم: توخوا فڵان بەنزینت نەکڕی؟ گوتی: بۆ؟ گوتم مردووت نەمرێ ئەوە ژەهرە دەیبەیەوە سلێمانی، بەس لەبەر ئەوەی 50 دۆلار هەرزانترە؟

**ڕووداو: هەندێک لەبارەی تۆوە دەڵێن تۆ نوێنەری ئێرانیت لە هەرێمی کوردستان، نەک نوێنەری هەرێم لە ئێران، وەڵامی تۆ چییە؟**

**نازم دەباغ:** ئەم جۆرە پرسیارانەم زۆر پێ خۆشە لەبەر ئەوەی ئەمانەی ئەم جۆرە پرسیارانە دەورووژێنن پێموایە ناحەزن بە خۆیان و میللەتەکەیان و حکومەتی هەرێمی کوردستانیش. جەخت لەوە دەکەمەوە کە نوێنەری حکومەتی هەرێمی کوردستانم بە بەڵگەی ئەوەی لە بەرپرسی فەرمانگەی پەیوەندییەکانی دەرەوە و لە سەرووی ئەویشەوە من وەک نوێنەری حکومەت بانگ دەکرێم و پرسیارم لێدەکرێ و ڕاوێژم پێدەکرێ و منیش پرسیار دەکەمەوە، خۆشبەختانە تا ئێستا هیچ جۆرە سەرزەنشتێک و گلەییەک نەبووە لەسەر ئەو وتووێژ و بابەتانەی لە ڕاگەیاندنەکاندا باسم کردوون، بەڵام ئەوانەی ئەو قسانە دەکەن، دوو جۆرن، هەندێک بێکاری فەیسبووکن، هەندێکیشیان لە ئەوروپا خەریکی کارەبا دزینن. ئەوانە بە پارە وەک شاعیری دەربار قسە دەکەن بۆ ئەوەی کەسانێ دڵخۆش بکەن کە جورئەتی ئەوەیان نییە ڕاستەوخۆ ئەم قسانە بکەن. ئەوانە بێئاگان لە سیاسەت، چونکە تۆ کە لە کۆماری ئیسلامی ئێرانی نوێنەری حکوومەتی و ئۆپۆزسیۆن نیت تا بە خواستی ئەوانە قسە بکەی کە ئۆپۆزسیۆنن لە وڵاتەکەدا. من لە تارانم، دەکرێ وەک ئۆپۆزیسیۆن و وەک فوئاد حەقیقی لە دژی ئێران قسە بکەم؟ تو ویژدانتان ئێران نامنێرێتەوە؟ بۆ ئێمە هەموو قسەیەک باجی لەسەرە، باجێکمان قبوڵە کە لەلایەن کەسی نەزان و ناسیاسەتمەدار و نابەرپرسەوە بەرامبەر ئایندەی میللەتەکە قسە دەکەن، کەسانێکیش هەن بە هەستیارییەوە سەیری بابەتەکە دەکەن و دەزانن ناکرێ ئەم جوگرافیە سیاسییە سەربازییە فەرهەنگییە نەژادییە فەرامۆش بکەی. ئێران و تورکیا و سووریا هاوسێمانن و مەرزمان پێکەوەیە، بوون و نەبوونمان پێکەوە بەندە. ئەمن و ئاساییشیشمان پێکەوە بەندە. ئومێد دەکەم هەموو کەسێ وا بیر بکاتەوە و وا هەڵسەنگاندن بکات و مانای نوێنەرایەتی و دیپلۆماسیش بزانێ.

◆◆ من ناتوانم وەکو ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی و فوئاد حەقیقی قسە لە دژی ئێران بکەم

هەدەپە چوارەم کۆنگرەی خۆی دەبەستێ

# ژنێک بەربژێری بەهێزە بۆ جێگرتنەوەی دەمیرتاش

**رووداو- هەولێر**

هەدەپە دەیەوێ چوارەمین کۆنگرەی خۆی بکاتە کۆنگرەی (نوێبوونەوە). پەرلەمانتارێکی هەدەپە دەڵێت: "گۆڕانکارییەک دەکەین بەدڵی جەماوەر بێت". بەڵام چاودێرانی سیاسی پێیانوایە هەدەپە لە پڕکردنەوەی شوێنی دەمیرتاش بەرەورووی زەحمەتی دەبێتەوە و ناتوانێ بەدڵی جەماوەرەکەی گۆڕانکاری بکات.

پارتی دیموکراتی گەلان (هەدەپە) لە 2012/10/15 لەسەر پێشنیازی عەبدوڵڵا ئۆجەلان، ڕێبەری پەکەکە دامەزرا. تا ئێستا سێ کۆنگرەی بەستووە و هەرسێ جارەکەش هاوسەرۆکەکانی گۆڕیوە. لە کۆنگرەی یەکەمیدا کە لە 2013/9/27 بەسترا، سەباحەت تونجەل و ئەرتوگرول کورکچو بە هاوسەرۆک هەڵبژێردران. دوای کەمتر لە ساڵێک، لە 2014/6/22 دووەمین کۆنگرەی خۆی بەست و سەڵاحەدین دەمیرتاش و فیگان یوکسەکداغ بوونە هاوسەرۆکی ئەم پارتە. لە کۆنگرەی سێیەمیشدا سەزایی تەمەلی و پەروین بۆڵدان بوونە هاوسەرۆک.

هەدەپە بڕیاری داوە لە 23ی شوباتی داهاتوو چوارەمین کۆنگرەی خۆی ببەستێ. بەگوێرەی ئەو زانیاریانەی دەست (رووداو) کەوتوون، لەناو ئەم پارتەدا ئاراستەیەک هەیە کە لەیلا گوڤەن، هاوسەرۆکی کۆنگرەی کۆمەڵگای دیموکراتیک (دەتەکە) لە شوێنی پەروین بۆڵدان بکرێتە هاوسەرۆک، سەزایی تەمەلیش وەکو هاوسەرۆکی دووەم لە شوێنی خۆی بمێنێتەوە.

گرنگترین پرسیاری بەر لە کۆنگرە ئەوەیە ئاخۆ هەدەپە دەتوانێ شوێنی سەلاحەددین دەمیرتاش پڕبکاتەوە کە ئێستا لە زیندانە و ئایا دەتوانێ گۆڕانکاری بە دڵی جەماوەرەکەی بکات؟

عومەر ئۆجەلان، پەرلەمانتاری هەدەپە دەڵێت: "بێگومان گۆڕانکارییەک دەکەین کە بەدڵی جەماوەر دەبێت".

بەگوتەی ئەو پەرلەمانتارە، کۆنگرەی هەدەپە لەسەر دوو ستوونی سەرەکی خۆی نوێ دەکاتەوە. یەکەم، باکووری کوردستان و ڕێککەوتنی نێوان کورد کە بریتییە لە بەدەستهێنانی یەکێتیی کورد و چارەسەری دیموکراتیانە بۆ کێشەی کورد. دووەمیش برەودان بە سیاسەتکردن لە شارەکانی رۆژئاوای تورکیا.

لەدوای کودەتای 16 تەممووزی 2016، حکوومەتی ئاکپارتی بەبیانووی قەلاچۆکردنی تیرۆر چەندین هاوسەرۆک، پەرلەمانتار، سەرۆکشارەوانی و سەرکردە و کادیری هەدەپەی ڕەوانەی زیندان کردووە. بەگوێرەی زانیارییە نافەرمییەکان، ژمارەی گیراوانی هەدەپە 16 هەزار کەسی تێپەڕ کردووە.

دیارترین سەرکردەی هەدەپە سەلاحەددین دەمیرتاشە کە زیاتر لە سێ ساڵە بەند کراوە،



دەمیرتاش لە 4ی تشرینی دووەمی 2016 لەگەڵ فیگان یوکسەکداغ و 8 پەرلەمانتاری دیکە دەستگیرکران

دەمیرتاش لە 4ی تشرینی دووەمی 2016 لەگەڵ فیگان یوکسەکداغ و 8 پەرلەمانتاری دیکە دەستگیرکران. ئەمەش لەناو هەدەپە کەلێنێکی گەورەی دروست کردووە و تا ئەمڕۆ کەسێکی پەیدا نەکردووە جێی دەمیرتاش بگرێتەوە.

پرۆفیسۆر وەهاب جۆشکون لە زانکۆی دیجلە بە (رووداو)ی گوت: "گۆڕانکاری بە دوو شێوە دەبێت: لەناو ئۆرگان و بەڕێوەبەرایەتی هەدەپە

پەرلەمانتارێکی هەدەپە:

**گۆڕانکارییەک دەکەین بەدڵی جەماوەر بێت**

ڕێگا بۆ خەڵکی نوێ بکرێتەوە. لەلایەکی دیکەوە دەبێت لە سیاسەتی ئەم پارتەدا ئاراستەیەکی نوێ دیاری بکرێت. لەم چوارچێوەیەدا هەدەپە چ لە بەرهەمهێنانی سیاسەتدا یان لە پڕکردنەوەی جێگەی دەمیرتاشدا ڕووبەڕووی زەحمەتی دەبێتەوە. پێموانییە هەدەپە گۆڕانکارییەک بکات بە دڵی جەماوەرەکەی بێ".

هەروەها دەڵێت: "هەدەپە لەو هێڵە لاینەداوە کە لە سەردەمی دەمیرتاشدا پەیڕەو دەکرا. ئێستا کێشەی ئەوە هەیە کێ جێگای ئەو پڕ دەکاتەوە. دەمیرتاش دەیتوانی لەگەڵ توێژی جیاواز پەیوەندی دروست بکات. ئەوانەی دواتر لەسەر کورسی سەرۆکایەتی دانیشتن، نەیانتوانی هەمان کار بکەن. ئێستاش هەر دەمیرتاش ڕۆژەڤی ئەم پارتە دیاری دەکات. مرۆڤ بۆ ئەوەی بزانێ هەدەپە چ سیاسەتێک بەڕێوەدەبات، گوێ لە قسەکانی دەمیرتاش دەگرێت".

د.مەسعود یەگەن، مامۆستای زانکۆ پێیوایە ئەو گۆڕانکاریانەی کە دەبێت بکرێن لە توانای هەدەپەدا نییە. لەوبارەیەوە بە (رووداو)ی گوت: "ئەگەر جەماوەری هەدەپە داواکاری هەبێت، دەخوازێت کورد لەناو ئەو گێژاوە سیاسی و زەحمەتە رزگار بکرێ کە دوای 2015 تێیکەوتوون. پرسیار دەکەن ئایا هەدەپە لە کۆنگرەدا بەم ئاراستەیەدا دەڕوات؟ وەڵامی ئەم پرسیارە نەخێرە".

یەگەن بۆ ئەو "نەخێرە" ئاماژە بە دوو هۆکار دەدات و دەڵێت: "یەکەم، ئەم کارە لە توانای هەدەپە گەورەترە، چونکە لە بەرامبەریدا دەوڵەتێکی بەهێز هەیە، ڕێککەوتنی هەدەپەش لەناوخۆیدا لە رووی چۆنایەتییەوە لاوازە. دووەم. هەدەپە بۆ ئەوەی ئەم تەنگژە سیاسییە تێپەڕێنێ پێویستی بە کادیری لێهاتوو هەیە کە زۆربەیان وەکو سەڵاحەدین دەمیرتاش بەندکراون. بۆیە چاوەڕێی گۆڕانکاریی گەورە لە کۆنگرەی هەدەپە ناکرێ".

ڕەخنەیەک کە زۆر لە سیاسەتی هەدەپە دەگیرێت، مەسەلەی (تورکیاییبوون)ی ئەم پارتەیە کە هەندێک کەس وەکو دوورکەوتنەوە لە کورد و کەوتنە ژێر کاریگەریی چەپی تورک دەیخوێننەوە، بەڵام پێناچێت کۆنگرەی هەدەپە لەم ڕووەوە گۆڕانکاری بکات.

عومەر ئۆجەلان، پێیوایە قەتیسکردنی سیاسەتی هەدەپە لە باکووری کوردستان سوودی بۆ کورد نابێت و دەڵێت: "نابێت کورد خۆی گۆشەگیر بکات، ئەگەر بەتەنیا بمێنێتەوە لەلایەن دەوڵەتەوە زیاتر گوشاری بۆ دێت. بۆ دەوڵەتیش دەبێتە بیانوویەکی ڕەوا، پڕوپاگەندە دەکات و دەڵێ ئەوانە کوردن، لەناوچەکەیاندا دژی دەوڵەت یاخیبوون. ئاسانتر لە جاران دەتوانێ رۆژئاوای تورکیا لە دژی کورد هانبدات".

ئۆجەلان دەشڵێت: "لەوانەیە پرۆژەی تورکیاییبوون لەلایەن زۆر کەسەوە بە بچووکی سەیر بکرێت، بەڵام ئەمە بەڕاست نازانین، چونکە بەشی زۆری کورد لە ئیستانبوڵ، ئیزمیر، ئەدەنە، مێرسین، موغلا و ئەنتالیا دەژین. پێویستە ئێمە گوتارێکمان هەبێت بۆ ئەو کوردانەی لە دەرەوەی جوگرافیای کوردستان دەژین. پڕۆژەی

د.مەسعود یەگەن، مامۆستای زانکۆ:

**چاوەڕێی گۆڕانکاریی گەورە لە کۆنگرەی هەدەپە ناکرێ**

تورکیاییبوون کورد لەو توێژانەی لەلایەن سیستەم فەرامۆش کراون (عەلەوی، کوردی عەلەوی، سریانی، ئەرمەنی، سۆسیالیست و چەپخواز) نزیک دەکاتەوە. بێگومان ئەو توێژانە مافی سیاسەتکردنیان لەژێر چەتری هەدەپە هەیە، کە بۆ کورد سوودبەخشە".

وەهاب جۆشکون، ئاراستەی ئێستای هەدەپە بە ڕاست دەزانێ و دەڵێت: "ئەم پڕۆژەیە سەرکەوتنی بەدەستهێناوە. لە 2015 هەدەپە 13%ی دەنگەکانی هێنا. لە هەڵبژاردنی دواتریشدا دەوروبەری 10% بوو. هەدەپە سوورە لەسەر درێژەدان بەم پڕۆژەیە. بەڵام بۆ زیاتر سەرکەوتنی ئەم پڕۆژەیە پێویستە بە زمانێکی پاراوتر لەدژی توندوتیژی بوەستێتەوە. بە پێچەوانەوە سەرکەوتنی هەدەپە سنووردار دەبێت".

دەربارەی گلەیی جەماوەری هەدەپەیش، ئەو پرۆفیسۆرە کوردە دەڵێت: "بەشێک لە جەماوەری هەدەپە گلەیی ئەوە دەکەن کە چەپی تورک لەناو پارتەکەدا کاریگەری زۆر بووە. هەروەها داوا دەکەن هەدەپە زیاتر خاوەندارێتی لە ناوچە کوردنشینەکان بکات. بەرپرسانی هەدەپە ئاگایان لەم داواکاری و گازندانە هەیە، لەمبارەیەوە هەندێک هەنگاو دەنێن. بۆ نموونە هەدەپە لەبارەی یەکێتی نەتەوەیی کار دەکات. ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی نزیک لە هەدەپە دەربارەی زمانی دایک کار و چالاکییان هەیە. لەگەڵ ئەمانەش ناتوانین بە زمانێکی دڵنیاکەرەوە بڵێین کە لەمبارەیەوە گۆڕان بەسەر سیاسەتیاندا دێت".

هاوشێوەی جۆشکون، مەسعود یەگەنیش سیاسەتی ئێستای هەدەپە کە ڕووی لە تورکیایە بە ڕاست دەزانێ: "لە حوەزیرانی 2015دا هەدەپە بووە سێیەم گەورە پارتی تورکیا، گەیشتە ئەو ئاستەی کە دەتوانێ دوارۆژ ئاراستە بکات. ئەگەر لە حوەزیرانی 2015دا پەکەکە بەرەو دەرەوەی سنووری تورکیا کشابایەوە، ئەمڕۆ سیاسەتی کوردی لە ئاستێکی زۆر جیاوازتر دەبوو. شەڕی خەندەق دەستکەوتەکانی ئەم سیاسەتەی هەدەپەی بەفیڕۆ دا".

# تورکیا "زنجیرە کونسوڵخانە" لە عێراق دەکاتەوە

**رووداو- هەولێر**

حکومەتی تورکیا زنجیرەیەک کونسوڵخانە لە عێراق دەکاتەوە. چاودێرانی کاروباری تورکیا پێیانوایە ئەنقەرە بەم هەنگاوە لاوازیی حکومەتی ئێستای عێراق دەقۆزێتەوە. هەندێکیش وای بۆ دەچن کە بۆ کەمکردنەوەی هەژموونی ئێران، ئەمریکا یارمەتیی تورکیا دەدات بۆ ئەوەی لە عێراقدا پێگەی خۆی بەهێزتر بکات.

رۆژی 2020/1/16 ڕەجەب تەیب ئەردۆغان، سەرۆککۆماری تورکیا ڕایگەیاند کە وڵاتەکەی پلانی هەیە لە نیوەی یەکەمی ئەمساڵدا جارێکی دیکە هەردوو کونسوڵخانەی بەسرە و مووسڵ لە عێراق بکاتەوە. هەروەها گوتی کە پلانیان هەیە کونسوڵخانە لە نەجەف و کەرکووکیش بکەنەوە.

لە 21ی کانوونی یەکەمی ڕابردوو فاتیح یلدز، باڵیۆزی تورکیا لە عێراق ڕایگەیاندبوو کە وڵاتەکەی داوایەکی ئاراستەی حکومەتی عێراق کردووە بۆ دروستکردنی دوو کونسوڵخانە لە نەجەف و کەرکووک.

## پەیوەندیی تورکیا و عێراق

لەدوای ڕووخاندنی ڕژێمی سەدام حوسێن، پەیوەندی ئەنقەرە – بەغدا هەڵکشان و داکشانی زۆری بەخۆیەوە بینیوە. قۆناغی هەڵکشان لە 2010 – 2014دا بوو، لەگەڵ ئامادەکاریی ئەمریکا بۆ کشانەوە لە عێراق لە کۆتایی 2011، تورکیا ویستی کارتەکانی لە عێراق ڕێکبخاتەوە. ئەنقەرە پێیوابوو هەڵبژاردنی ئەیاد عەلاوی دەبێتە هۆی سەقامگیریی عێراق، بەڵام دانانەوەی نووری مالیکی بە سەرۆکوەزیران ئەنقەرەی بێهیوا کرد و پەیوەندی عێراق – تورکیا تێکچوو. لەسەر ئاستی ناوچەییش، بەهاری عەرەبی ڕێکخستنەوەی پەیوەندیی عێراق – تورکیای تێکدا، چونکە چەند بەرەیەکی سیاسی لە نێوان پاڵپشت و دژ بەم بزاڤە دروستبوون، ئەمەش ململانێی جیۆپۆلیتیکی لە نێوان تورکیا و ئێران لێکەوتەوە.

قۆناغی داکشان لە 2014 – 2018 بوو. تورکیا هاتنی حەیدەر عەبادی بۆ سەر حوکم بە دەرفەتێک بینی بۆ هەڵدانەوەی لاپەڕەیەکی نوێی پەیوەندی لەگەڵ عێراق، بەڵام پشتبەستنی عێراق بە ئەمریکا و ئێران بۆ بەرەنگاربوونەوەی داعش، بووە هۆی زیاتر پاشەکشەی ڕۆڵ و هەژموونی تورکیا.

لەدوای ئۆپەراسیۆنی ڕزگارکردنی مووسڵ لەدەستی داعش، تورکیا چەند جارێک ڕایگەیاندووە کە کونسوڵخانەکانی لە مووسڵ و بەسرە دەکاتەوە. بەرپرسێکی پێشووی وەزارەتی دەرەوەی عێراق لە سەردەمی حەیدەر عەبادی بە (رووداو)ی گوت: "لە ساڵی 2018 کاتێک تورکیا داوای کرد کونسوڵخانە لە مووسڵ بکاتەوە، بە ڕاشکاوانە پێمانگوتن تا یەک سەربازی تورک لە عێراقدا مابێ، ڕێگاتان پێ نادەین".

## زنجیرەیەک کۆنسوڵخانە بۆچی؟

سیاسەتی تورکیا لە عێراقدا پڕە لە هەوراز و نشێو، پێشتر تورکیا ڕێزی لە سەروەریی عێراق نەگرتووە. ئۆپەراسیۆنی سەربازی، کەمپی باشیک، کێشەی ئاوی لەگەڵ عێراق، هەر یەکێکیان قەیرانێکن لە پەیوەندی نێوان هەردوو وڵاتدا. بۆیە ڕاگەیاندنی کردنەوەی چوار کونسوڵخانە لە گرنگترین شارەکانی عێراقدا، گومان هەڵدەگرێت.

ئیبراهیم ڤارلی، نووسەر و پسپۆڕی کاروباری رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بە (رووداو)ی گوت: "کردنەوەی کونسوڵخانەکان لەچوارچێوەی پرۆژە و پلانێکدایە. وەکو هەڵمەتێک لەدژی کاریگەریی ئێران دەخوێنرێتەوە. تورکیا دەخوازێت لەسەر عەرەبە سوننەکانی عێراق سیاسەت بونیاد بنێ و سەنگی خۆی لەڕووی سیاسی و سەربازی لەم وڵاتەدا زیاتر بکات".

بەڵام یەشار ئاکیش، وەزیری پێشووی دەرەوەی تورکیا ئەو قسەیەی ڤارلی ڕەتکردەوە و بە (رووداو)ی گوت: "کردنەوەی کونسوڵخانە بە ڕێککەوتنی هەردوولادا دەبێ. ئەگەر شتێکی جگە لە بەرەوپێشبردنی پەیوەندیی سیاسی و ئابووری لە پشت کردنەوەی کونسوڵخانەکان هەبێت، بەشێکی گرنگی ڕای گشتی تورکیا پشتگیری لێ ناکات.

گوتیشی: "تورکیا ڕژێمێکی عەلمانییە، ئەگەر بخوازێت پەیوەندییەکانی لەگەڵ عێراق لە چوارچێوەیەکی مەزهەبی پێشبخات هەڵە دەکات".

لە 28ی نیسانی 2019 مەولود چاوشئۆغلۆ، وەزیری دەرەوەی تورکیا سەردانی بەغدای کرد و بەڵێنی تەرخانکردنی 5 ملیار دۆلاری دا بۆ ئاوەدانکردنەوەی عێراق. ئەمەش جدییەتی ئەو وڵاتە لە بەرەوپێشبردنی پەیوەندییەکان نیشاندەدات. تورکیا بۆ باشترکردنی پەیوەندییەکانی لەگەڵ عێراق دوو ئامانجی سەرەکی هەیە:

یەکەم، بەدەستهێنانی ئاسایشی جیۆسیاسی، چونکە ئەنقەرە لە دابەشبوونی عێراق دەترسێت، هاتنی داعش نەک بووە هۆی ڕێگری لە هاتنی کەلوپەلی تورکی بۆ عێراق، بەڵکو ئاستی هەڕەشە ئەمنییەکانی لەسەر تورکیاش زیاتر کرد. دووەمیش ئابوورییە. عێراق پێویستی بە بنیاتنانەوەی ژێرخانەکەی هەیە، تورکیاش لە بواری بنیاتنانەوە کەرتێکی زەبەلاحی هەیە. بەڵام وجودی ئێران لە عێراقدا ئاستەنگی بۆ تورکیا دروست کردووە.

د.سەلام عەبدولکەریم، مامۆستای زانکۆی سلێمانی و توێژەری سیاسی دەڵێت: "لەبەر ئەوەی ئێران ڕۆڵێکی گەورەی هەیە لە عێراق و شیعە باڵادەستە، ڕێگا بە تورکیا نەدراوە ئامانجەکانی بەباشی بپێکێت".

## کوژرانی سولەیمانی و پێگەی تورکیا لە عێراق

جگە لە عێراق، ئەردۆغان لە چەندین وڵاتی عەرەبی (لیبیا، سودان، سۆماڵ، یەمەن و سووریا) ململانێی هەژموون دەکات، بەڵام جگە لە هەندێک دەستکەوتی بچووک و کاتی شتێکی ئەوتۆی بەدەستنەهێناوە. بۆیە هەوڵدەدات لە گۆڕەپانی عێراقدا ئەمە بەدەستبهێنێ و لاوازیی حکومەتی عێراق و ململانێی نێوان ئەمریکا و ئێرانیش یارمەتیدەرە. بەگوێرەی گۆڤاری (ناشیۆناڵ ئینترێست) تورکیا ململانێی ئەمریکا و ئێران دەقۆزێتەوە بۆ بەهێزکردنی پێگەی خۆی لە عێراقدا. هەروەها دەخوازێت بە ئێران بڵێ وجودی من باشترە لە وجودی ئەمریکا لە عێراقدا.

لە بەرژەوەندی ئەمریکاشدایە حکومەتی عێراق و ئەنقەرە نێوانیان باش بێ. بەتایبەتی دوای کوژرانی قاسم سولەیمانی. هەروەها ئێرانیش چاوی خۆی لە هاتنی ئەنقەرە بۆ عێراق دەگرێت بۆ ئەوەی لە سووریا ئیحتیوای بکات.

ئیبراهیم ڤارلی پێیوایە حکوومەتی ئاکەپە لە مێژە ئەم ستراتیژیەی هەبووە: "سوود لەو بۆشاییە وەردەگرێ کە لە عێراقدا هەیە. وەکو چۆن ئێران لە تەواوی ناوچەکەدا هەژموونی هەیە، تورکیاش دەیەوێ لە عێراقدا هەژموونی هەبێت، بەڵام پێموانییە بەکوژرانی قاسم سولەیمانی کاریگەری ئێران لە عێراقدا کەم ببێتەوە. سولەیمانی فیگۆرێکی گرنگ بوو، بەڵام ئێران لەسەر کەسەکان سیاسەت ناکات. بەڵکو بەشێوەیەکی سیستەماتیک و لە چوارچێوەی ستراتیژی درێژمەودا پلان جێبەجێ دەکات".

د.سەلام عەبدولکەریم، لە ڕەهەندی مێژووییەوە سەیری مەسەلەکە دەکات و دەڵێت: "تورکیا عێراق بە بەشێک لەخۆی دەزانێت و وەکو چوارچێوەی رووبەری سوننە سەیری دەکات و پێیوایە ناکرێت ئەم رووبەرە بۆ ئێران بەجێبێڵن". هەروەها دەڵێت: "تورکیا کۆمەڵێک حساباتی دیکەی هەیە، لەوانە کێشەی پەکەکە لە سنوورەکان، کەمینەی تورکمان و مەسەلەی مووسڵ و کەرکووک. هەموو ئەمانە رەهەندی مێژووییان هەیە. هەروەها کێشەی ئاو بەتایبەتی رووباری دیجلە و بەنداوی ئەلیسۆ، هەموو ئەمانە دەبنە هۆی ئەوەی تورکیا گرنگی بە عێراق بدات". سەبارەت بە کوژرانی سولەیمانی و بەهێزبوونی پێگەی تورکیا لە عێراق، د. سەلام دەڵێت: "دوای کوژرانی سولەیمانی، ئەمریکا دەیەوێت هەژموونی ئێران بەسەر ناوەندی بڕیار لە عێراق لاواز بکات. پشت بە تورکیا دەبەستێت و تورکیا بەخۆشی دەیەوێت لەم ڕێگەیەوە هەژموونی خۆی زیاتر بکات. جا ئەمە لە ڕێگەی کردنەوەی کونسوڵخانە بێ یان هەر جۆرە دەستێوەردانێکی دیکە".

بەڵام یەشار ئاکیش کە ئێستا لە دەرەوەی تورکیا دەژیت و لەلایەن میدیای سەر بە ئاکەپە بە گولەنی دەناسرێ، دەڵێت: "نازانین دوای کوژرانی سولەیمانی ڕۆڵی ئێران لە عێراق کەم دەبێتەوە یان نا، بەڵام تورکیا و ئێران لە عێراق رکابەری یەک نین، بەڵکو تەواوکەری یەکترن".

## لاوازیی حکومەتی عێراق دەرفەتێک بۆ تورکیا!

ئێستا حکومەتی عێراق لاوازە، دەزگاکانی دەوڵەت کارانین و ناتوانن لەدژی دەستێوەردانی دەرەکی بوەستنەوە. ئەمەش دەرفەتێکی زێرین بۆ تورکیا دەستەبەر دەکات. د. سەلام عەبدولکەریم لەو بارەیەوە دەڵێت: "عێراق درکی بە چاوچنۆکیی تورکیا کردووە. چەندینجار هێزە شیعەکان لە پەرلەمان کە داوای دەرکردنی هێزە بیانییەکانیان کردووە، ناوی تورکیایان هێناوە. پەرلەمانی عێراق تەنیا مەبەستی دەرکردنی هێزەکانی ئەمریکا نەبوو، مەبەستی هێزەکانی تورکیاش بوو. بەڵام عێراق سەروەریی لاوازە، دەرکردنی سوپای تورکیا پێویستی بە سوپایەکی بەهێزی عێراقی هەیە، پێویستی بە لۆبییەکی جیهانی گەورەش هەیە کە لەوانەیە ئەمریکا لەمبارەیەوە زۆر یارمەتی نەدات".



کونسوڵخانەی پێشووی تورکیا لە مووسڵ

**لیریا کایتازی، سەرکردەی ناسراوی کۆسۆڤۆیی بۆ (ڕووداو):**

# کۆسۆڤۆ و کوردستان دەتوانن نوێنەرایەتییان لەلای یەکدی هەبێ

ژنێکی قژزەرد و نەرمونیانە لە قسەکردن. لەسەرەتاوە نەیشاردەوە کە کوردی زۆر خۆشدەوێ. ئەویش یەکێکە لەو سەرکردانەی دیکەی جیهان کە سەرسامن بەو شەڕەی کورد لەدژی داعش کردوویانە. لیریا کایتازی یەکێکە لە سەرکردە دەستڕۆیشتووەکانی کۆسڤۆ. هاوڕێ و هاوسەنگەری ئیبراهیم ڕۆگۆڤای باوکی سەربەخۆیی کۆسۆڤۆیە. لە ناوچەیەکی شاخاویی دەرەوەی پریشتینای پایتەخت لە خواردنگەیەکی زۆر گەورە کە بەسەر دۆڵێکی دڵڕفێندا دەڕوانێت. قسەم لەگەڵ کرد. کایتازی لە ڕۆژانی داهاتوودا بەشدار دەبێ لە دوازدەهەمینساڵیادی جاڕدانی سەربەخۆیی کۆسۆڤۆ. بەڵام لەم هەڤپەیڤینەدا لەگەڵ (ڕووداو) باسی خراپیی دۆخی ئابووریی کۆسۆڤۆییەکان و کێشەی ناوچە ناکۆکی لەسەرەکان و باسی سەربەخۆیی کوردستانیش دەکات.

**هەڤپەیڤین: هێمن عەبدوڵڵا**
**ڕووداو - پریشتینا**



(فۆتۆ: ڕووداو)

**ڕووداو: دوازدە ساڵ لەمەوبەر سەربەخۆییتان ڕاگەیاند. لەوکاتەوە تاوەکو ئێستا چاوەڕوانییەکانی خەڵکی کۆسۆڤۆ لە ئێوە، سیاسییەکان، گۆڕاوە. ئێوە چۆن لەو گۆڕانە تێگەیشتوون؟**

**لیریا کایتازی:** لە سەردەمی جاڕدانی سەربەخۆییەوە ئەوە گۆڕاوە، ئێستا خەڵک پێشڤەچوونی ئابووری و ژیانێکی باشتریان دەوێت. هەروەها ئەوەش گۆڕاوە کە خەڵک تێگەیشتوون لەوەی تەنیا نابێ چاوەڕوانییان لە دەوڵەت هەبێ و دەبێ ئەوانیش شتێکی بۆ بکەن. ئەمەش بەشێکە لەو پرۆسەیەی بۆ خۆگونجاندن لەگەڵ بنەماکانی یەکێتیی ئەورووپا بۆ ئەندامێتیمان لەو یەکێتییە پێویستە. ئامانجێکی دیکەمان کارکردنە لەسەر بەهێزکردنی ڕێزگرتنی یەکدی لەنێوان پێکهاتەکانی کۆسۆڤۆ. ئێمەی ئەلبانی کە زۆرینەی دانیشتووانی کۆسۆڤۆین، زۆر جیاکاریمان لە ڕابردوودا لەگەڵ کرا. بۆیە دەمانەوێ وابکەین نەوەی دوای خۆمان لەگەڵ پێکهاتەکانی دیکە ئەو جیاکارییە نەکەن کە لە ڕابردوودا بەرامبەر خۆمان کرا.

**ڕووداو: ئێمە چووینە باکووری کۆسۆڤۆ کە بە ناوچەی ناکۆکی لەسەر دەناسرێ و ئەلبانی و سربییەکان تێیدا دەژین. دەزانین گۆڕانکاریی ڕیشەیی و ئاوەدانکردنەوەی گەورە لە کۆسۆڤۆ ڕوویداوە، بەڵام لەو ناوچەیە کە سربییەکانی لێدەژین هەستمانکرد دۆخەکە وانییە و پشتگوێخراوە. بۆچی ئەمە وایە؟**

**لیریا کایتازی:** وەک گوتم ئێمە خۆمان جیاکاریمان بەرامبەر کراوە، بۆیە نامانەوێ کەس جیاکاری لەگەڵ بکرێ. بۆیەش مافی هەموو پێکهاتەکانمان لە دەستووردا چەسپاندووە. ڕاستییەکەی ئێمە جیاکاریی ئەرێنی دەکەین و کۆتامان بۆ هەموو پێکهاتەکان داناوە و کورسییەکانیان پارێزراون. واتە بۆ ئەوەی خۆیان لەگەڵ جڤاکی کۆسۆڤۆ بگونجێنن مافی زیاترمان پێداون. جگە لەوە لە دەستووردا ئەوە چەسپێنراوە کە گۆڕانکارییە ڕیشەییەکان لە وڵاتدا بەبێ ڕەزامەندیی دوو لەسەر سێی دەنگی ئەو پێکهاتانە ناتوانرێ تێپەڕێنرێ.

**ڕووداو: ڕاستە لە دەستووردا ئەو مافانەتان چەسپاندووە، بەڵام پەرۆشیی هەموو پێکهاتەکان بۆ دۆخی ئابووری و کواڵیتیی ژیانیانە، بەڕاستی تۆ لەو ڕووەوە گەشبینی بە ئایندەی کۆسۆڤۆ؟**

**لیریا کایتازی:** من خۆم بایۆلۆجستم. توێژینەوەشم کردووە لەسەر ئەو پاڵنەرانەی وادەکەن جۆرەها بوونەوەر شوێنی ژیانیان بگۆڕن بۆئەوەی دۆخی خۆیان باشتر بکەن. لای ئێمە هۆکارەکانی دواکەوتنی گەشەی ئابووری زۆر نین. یەکەم شت ئەوەیە کە ئێمە لە قۆناغی پاش جەنگداین. بەوهۆیەشەوە تەنیا لەڕووی فیزیکییەوە نا، بەڵکو لەڕووی دەروونیشەوە خەڵکی ئێمە زیانمەند بوون و هێشتا توانای ئەوەیان نییە بەخێرایی خۆیان پێشبخەن. هەروەها لە سەردەمی جەنگدا ژێرخانی کۆسۆڤۆ وێران کرا و هیچمان نەما. ئێمە ئێستا لە قۆناغی بنیاتنانەوەی ئەو ژێرخانەداین. سیستەمی ئێمە لە تاکحیزبییەوە گۆڕدراوە بۆ فرەحیزبی و دیموکراسی کە وەک دەزانن ئەمەش دەرهاویشتەی خۆی هەیە. هەروەها پرۆسەی بە ئەهلیکردنی سێکتەرە جیاوازەکان ئەمەش کاریگەریی هەبووە. ئەوە بزانن کە جاران لە سایەی سیستەمی سۆسیالستیدا لێرە هەموو شتێک موڵکی دەوڵەت بوو. هەروەها لە کۆسۆڤۆ ئابووریی ماڵبات زۆر بەهێز بوو. ئەمەش بریتی نەبوو لەوەی کە تەنیا ماڵباتێک دۆخی ژیانیان باش بێت، بەڵکو هەموو ئەوانەی لە دەوروبەریان بوون و تەنانەت لەو شارە یان گوندەش کە دەژیان، لە دەوڵەمەندیی ماڵباتە گەورەکان سوودمەند دەبوون. ئێستا ئەوە نەماوە و ئەو جۆرە ماڵباتانە کۆچبەر بوون بۆ ئەورووپا و شوێنەکانی دیکە. هەروەها چیدیکە ماڵباتەکان پێکەوە ناژین و ئاستی پێویستی و چاوەڕوانییەکانیان لە ژیان بەرزتر بوونەتەوە. ئێمەش جاران وەکو کوردستان بووین و ژنەکانمان ڕۆڵی گەورەیان هەبوو لە ئیدارەدانی ماڵبات و بەهێزکردنی ئابووریی ماڵبات. هەروەها لەبەرئەوەی لە قۆناغی تەواوکردنی دروستکردنی دەوڵەتداین، زۆر کەس هەن دەبێ فێر بکرێن ڕێز لە یاساکان و لە دەوڵەت بگرن. ئەوەی ئێمە ئێستا دەیکەین چاککردنەوەی هەموو ئەو شتانەیە و هاندانی وەبەرهێنەرانە بۆ ئەوەی زۆرتر ڕوو لە کۆسۆڤۆ بکەن و ئەو دۆخە بگۆڕین. بۆیە من گەشبینم. چونکە ئێمە گەنجی خوێندەوارمان دروستکردوون و توانای مرۆیی زۆرباشمان هەیە. سامانی سرووشتیمان هەیە. تەحەددایەک کە هەبێ لەبەردەمماندا جۆری پەیوەندیمانە لەگەڵ دراوسێکانمان. بۆنموونە وڵات هەیە هێشتا کۆسۆڤۆی پێ بەشێکە لە وڵاتی خۆی و دان بە سەربەخۆیی کۆسۆڤۆدا نانێ.

> سربیا ناهێڵێ تەنانەت ببینە ئەندامی ئینتەرپۆلیش

> دەکرێ لەلایەنی کوردستانەوە دەستپێشخەری بکرێت بۆ کردنەوەی نوێنەرایەتی

> لە سەردەمی سەربەخۆییدا گەنجی خوێندەوارمان دروستکردوون

**ڕووداو: دەزانم باسی سربیا دەکەی. پرسیاری منیش لەسەر ئەوەیە. لەماوەی ڕابردوودا لە مۆنتێنیگرۆ بووم و بینیم چۆن ئەوان بە لێکتێکەیشتن لەگەڵ سربیا بە ئاشتییانە جیابوونەتەوە. لە ئەنجامی ئەمەشدا بوونەتە ئەندامی نەتەوە یەکگرتووەکان و ناتۆ، کەچی ئێوە لەبەرئەوەی بەبێ لێکتێکەیشتن لەگەڵ سربیا سەربەخۆییتان ڕاگەیاندووە، ئەندامی نەتەوە یەکگرتووەکان نین و تەنانەت بۆتان نییە کۆمپانیای خزمەتگوزاریی مۆبایلیشتان هەبێ و لە مۆناکۆ بەکرێ وەرتانگرتووە. بۆچی لەگەڵ سربیا پێکنایەنەوە؟**

**لیریا کایتازی:** ئێمە لەلای خۆمانەوە هەموو شتێکمان کردووە و ئەوە لایەنی بەرامبەرە کە ئەوەی ناوێ. هەوڵیش دەدەین کە وا نەمێنێ. لێرە کڵێسای سربییەکان هەیە و پارتی سربی هەن و هەموو شتێکیان هەیە. تەنانەت وای لێهاتووە سربیا بەخراپ سوود لەوە وەردەگرێ و کاریگەریی خراپی لەسەر هەندێک خەڵک هەیە لە نێوەوەی کۆسۆڤۆ بۆ ئەوەی گەشەسەندنی ئێرە ڕابگرێ. هەروەها لەسەر ئاستی نێودەوڵەتیش کێشەمان بۆ دروستدەکەن. بۆ نموونە ناهێڵن ببینە ئەندامی ئینتەرپۆل و بەوهۆیەشەوە ناتوانین لە مەسەلەی قاچاخچێتی بە مرۆڤەوە لەسەر سنوورەکان وەک پێویست هاریکاریی یەکدی بکەین.

**ڕووداو: تۆ ژنێکی خەباتکار بوویت و وەک تێگەیشتم لەسەر کوردیش زۆر شت دەزانیت. شۆڕشەکانی کوردستان لەسەر کۆسۆڤۆییەکان و بەتایبەتیش لەسەر تۆ چ کاریگەرییەکیان هەبووە؟**

> لە هەشتاکاندا باوکم باسی خەباتی کوردستانی بۆ کردووم

> سربیا بە خراپ سوود لە سربەکانی ناو کۆسۆڤۆ وەردەگرێ

**لیریا کایتازی:** من لە ساڵانی هەشتادا لەبارەی کوردستان و شۆڕشەکەیەوە شتم بیست. ساڵی 1981 ئێمە یەکەمین خۆپیشاندان و بەرهەڵستیمان بۆ سەربەخۆیی کۆسۆڤۆ دەستپێکرد. چونکە تاوەکو ئەوکات تەنیا حوکمی زاتیمان هەبوو. ئەوکات باوکم باسی کوردستانی بۆ کردم. ئەو خۆیشی پیاوێکی شۆڕشگێڕ بوو، زوو زوو باسی ئەوەی بۆ دەکردین کە گەلێک هەیە هەوڵ بۆ ئازادی دەدات و ناویان کوردە. ئەو دەیگوت ئەوانە ژمارەیان یەکجار زۆرە و دەوڵەتی خۆیان نییە و وەکو ئێمە ئەوانیش هەوڵ بۆ ئازادی دەدەن. دواتر کە دەستم بە خوێندنەوە کرد، بینیم کورد و کۆسۆڤۆییەکان وەکو یەک لەژێر دەستی عوسمانییەکاندا بوون. کاتێکیش بەشداریم لە خەباتی ڕزگاریی کۆسۆڤۆدا کرد، ڕێز و خۆشەویستیم بۆ ئەو گەلانەی بەدوای ئازادیی خۆیانەوەن زیاتر بوو. بۆیە ئێستا کە ئێمە گەیشتووینەتە ئاواتی خۆمان، هیوای ئەوە دەخوازم کوردستانیش سەربەخۆ بێت و ببنە خاوەنی دەوڵەتی خۆتان. تاوەکو بتوانن بەشداریی کاریگەرتان لە پێشخستنی جیهاندا هەبێت.

> هیوادارم کوردستانیش وەک کۆسۆڤۆ سەربەخۆ بێت

**ڕووداو: بەڵام خۆ سربیا ناتوانێ ڕێگەتان لێبگرێ لەوەی کونسوڵخانەیەک لە کوردستانی ئازاد بکەنەوە و ئەوانیش لێرە نوێنەرایەتییان هەبێت. بۆچی ئەمە ڕووینەداوە؟**

**لیریا کایتازی:** مەسەلەکە پەیوەندی بە کات و پێویستییەوە هەیە. چونکە هێشتاش لە زۆر وڵات کە دانیان بە سەربەخۆیی کۆسۆڤۆدا ناوە باڵیۆزخانەمان نییە. لە پەرلەمانی کۆسۆڤۆ کار لەسەر ئەوە دەکەین چۆن پەیوەندیمان لەگەڵ ئەو گەلانە هەبێ کە هەوڵ بۆ ئازادیی خۆیان دەدەن. ڕەنگە باش بێ ئەگەر لەلایەنی کوردستانەوە دەستپێشخەرییەک بکرێت و لە دەرگای پەرلەمانی کۆسۆڤۆ بدرێت، چونکە دەکرێ کونسوڵخانە و نوێنەرایەتی لە هەردوولا هەبێت.

# ئەمریکا لە عێراق هەوڵ بۆ دروستکردنی هەرێمی سوننە دەدات

**ڕووداو- هەولێر**

ئەمریکا بۆ دەرچوون لەو تەنگژەیەی لە چەند هەفتەی ڕابردوودا لە عێراق تێیکەوت، دەستی بە هەوڵێک کردووە بۆ دروستکردنی هەرێمێک بۆ سوننە. ئەو هەوڵە بەشێکە لە کاردانەوەکانی ئەمریکا بەرامبەر گوشاری پارتە شیعەکانی عێراق کە داوای دەرچوونی هێزەکانی لە عێراق دەکەن. ئەگەر پلانەکە سەربگرێ، ئێران لەو لینکە بێبەش دەکات کە بۆ تەواوکردنی پرۆژەی هیلالی شیعە پێویستی پێیە.

کاربەدەستێکی شیعە بە ماڵپەڕی (میدڵئیست ئای)ی قەتەری ڕاگەیاندووە: "یەکێتیی عێراق چیدی لە ئەولەویەتی ئەمریکادا نییە، ئەگەر ئەمریکییەکان لە هەوڵەکانیان بۆ هێشتنەوەی هێزەکانیان لە عێراق بگەنە بنبەست، ئەوە بە جدی کار بۆ جێبەجێکردنی ئەو پرۆژەیە دەکەن".

پرۆژەی دابەشکردنی عێراق بۆ سێ هەرێمی شیعە، سوننە و کورد شتێکی نوێ نییە. لە ئایاری 2006 دا جۆزێف بایدن کە ئەوکات سیناتۆری دیموکراتەکان بوو، لە وتارێکدا لە ڕۆژنامەی (نیویۆرک تایمز)ی ئەمریکی لەژێر ناوی (یەکپارچەیی لەڕێگەی ئۆتۆنۆمییەوە لە عێراق) پێشنیازی کرد عێراق بۆ سێ هەرێم دابەش بکرێ، بەشێک لەو پرۆژەیە بۆ ئەوە بوو: "لە ڕێگەی نامەرکەزییەتەوە عێراق بە یەکپارچەیی بهێڵدرێتەوە". پێشنیازەکە هی سەردەمێک بوو کە شەڕی تائیفیی نێوان سوننە و شیعە لە لوتکەدا بوو.

ئەو کات سوننەکان لەگەڵ پرۆژەکە نەبوون، ساڵح موتڵەگ، لە لێدوانێکدا لە ساڵی 2008 بۆ ئاژانسی ڕۆیتەرز گوتبووی: "ئێمە لە کاتی ڕاگەیاندنی پرۆژەکە ڕەتمانکردەوە و ئێستاش ڕەتیدەکەینەوە. عێراق ناتوانێ درێژە بە خۆی بدات، ئەگەر یەکپارچە نەبێ".

بەرپرسێکی پێشووی ئیدارەی ئەمریکا و ئاگادار لە پلانە ئەمریکییەکە، بە ماڵپەڕە قەتەرییەکە دەڵێ: "دروستکردنی هەرێمی سوننە هەمووکات وەک بژارەیەک لای ئەمریکییەکان هەبووە". ئەوەش وەک هەوڵێک بۆ ڕێگری لەوەی ئێران سنووری نفووزی لە عێراقەوە بۆ دەریای نێوەڕاست درێژ بکاتەوە.

**سەرکردەیەکی شیعە:**

> چیدی یەکێتیی عێراق لە ئەولەویەتی ئەمریکادا نییە

ئەم هەرێمە سوننییەی کە ئێستا باسەکەی گەرمە، لە هەرسێ پارێزگای ئەنبار، سەلاحەدین و نەینەوا و هەروەها بەشێکی پارێزگای دیالە پێکدێ، بەوەش بەشە شیعییەکەی عێراق بەتەواوی لە سووریا دادەبڕێ.

بەرپرسەکەی پێشووی ئیدارەی ئەمریکا دەڵێت: "پرۆژەکە ئەمریکییە و هی سوننەکان نییە. وجوودی هێزەکانی ئەمریکا گەرەنتییەک بووە بۆ سوننە و کورد، ئەگەر ئەمریکا ناچار بێ عێراق جێبهێڵێ، ئەوە دروستکردنی هەرێمێکی سوننە لە ڕۆژئاوای عێراق پلانێکە بۆ جڵەوکردنی ئێران و هێزەکانی لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست. ئێمە باسی دروستکردنی دەوڵەتێک دەکەین، نەک هەرێمێکی ئیداری".

## ئاگری شەڕ لەسەر خاکی سوننە

لە ساڵی 2003 وە، عێراق گۆڕەپانی سەرەکیی ململانێی ئێران و ئەمریکا لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست بووە. ململانێکە لە ڕۆژی سێی کانوونی دووەمی ئەمساڵ پێی نایە قۆناغێکی هەستیارەوە، دوای ئەوەی فڕۆکەیەکی بێفڕۆکەوانی ئەمریکا قاسم سولەیمانی، فەرماندەی سوپای قودس و مەهدی موهەندیس، فەرماندەی کەتایبی حیزبوڵڵای عێراقی کردە ئامانج.

دوای کوژرانی ئەو دوو فەرماندەیە کە ڕۆڵی باڵایان لە جێبەجێکردنی سیاسەتی میحوەری شیعەدا هەبوو، زۆرینەی پەرلەمانتارانی شیعەی عێراق لە کۆبوونەوەیەکی پەرلەماندا داوایان لە حکومەتی وڵاتەکەیان کرد کۆتایی بە 17 ساڵ وجوودی هێزەکانی ئەمریکا لە عێراق بهێنێ. لەو کۆبوونەوەیەدا کورد و سوننەی عێراق بەشدار نەبوون.

بەگوێرەی ڕاپۆرتەکە، زۆربەی پەرلەمانتارە سوننەکان لە ترسی کاردانەوەی شیعەکان، ڕوویان لە هەولێر و ئوردن کردبوو، لەوێش چاویان بە بەرپرسانی ئەمریکی کەوتبوو بۆ ئەوەی "باسی بژارەکانی بەردەم هەردوو لایەن" بکەن، لەکاتێکدا ڕووداوەکانی ڕۆژانی یەکەمی ئەمساڵ سوننەکانی ناچار کردبوو بیر لە ئەڵتەرناتیف بکەنەوە، لە هەمووشیان بەرچاوتر دامەزراندنی هەرێمی سوننەیە.

ڕۆژی هەشتی کانوونی دووەم، ئێران هێرشی مووشەکی کردە سەر بنکەی عەین ئەلئەسەد لە ئەنبار و بنکەیەکی دیکەی ئەمریکییەکان لە هەرێمی کوردستان. بەبێ ئەوەی هیچ کوژراوێکی لێبکەوێتەوە. کەمتر لە 24 سەعات دواتر، دەیڤد شێنکەر، یاریدەدەری وەزیری دەرەوەی ئەمریکا بۆ کاروباری ڕۆژهەڵاتی نزیک ڕاستەوخۆ و بێ چوونە بەغدا هاتە هەولێر. لەو سەردانەشدا لەگەڵ مەسعود بارزانی، سەرۆکی پێشووی هەرێمی کوردستان و بەرپرسانی دیکە کۆبووەوە.

بەیاننامەکانی حکومەتی ئەمریکا باسی کۆبوونەوەی شێنکەر لەگەڵ عەرەبە سوننەکان ناکەن، بەڵام ژمارەیەکی زۆر سەرچاوە بۆ (MEE) یان ئاشکرا کردووە کە هەم شێنکەر و هەم ستیڤن ڤەیگن، کونسوڵی ئەمریکا لە هەرێمی کوردستان چاویان بە ژمارەیەک لە سیاسییەکانی سوننە کەوتووە و باسی "لێکەوتەکانی بڕیاری پەرلەمانی عێراق"، "هەڕەشەی سەر سوننەکان" و "چارەسەری ئەو دوو کێشەیە"یان کردووە.

شینکەر هەمان ڕۆژ سەردانی ئیماراتی عەرەبی کردبوو، بەپێی بەیاننامەی حکومەتی ئەمریکا، لەو سەردانەدا "بە ڕێکەوت" چاوی بە محەممەد حەلبووسی کەوتووە. دوای کۆبوونەوەکە، حەلبووسی لەگەڵ سەرکردەکانی سوننەی عێراق کۆبووەوە. پەرلەمانتارێکی عێراقی کە ئامادەی کۆبوونەوەکە بووە، دەڵێ: "داواکردنی هەرێم بناغەیەکی تایفی نییە، بەڵکو لەسەر بناغەیەکی ئیدارییە بۆ بەڕێوەبردنی پارێزگاکانی خۆمان. ئامادەبووان لەگەڵ بیرۆکەکە کۆک بوون و گوتیان لە کاتی گونجاودا پێشکەش بە موخاتەبی خۆمانی دەکەین".

**بەرپرسێکی پێشووی ئیدارەی ئەمریکا:**

> دروستکردنی هەرێمی سوننە هەمووکات وەک بژارەیەک هەبووە

حەلبووسی لە تویتێکی ڕۆژی 12ی کانوونی دووەمدا پلانێکی لەو جۆرە و گفتوگۆی لەوبارەوە ڕەتکردەوە، بەڵام ژمارەیەک لە هاوپەیمانانی حەلبووسی باس لەوە دەکەن کە هاوبەشە سیاسییەکانیان سوورن لەسەر ئەو پلانە.

عەبدوڵڵا ئەلخربیت، پەرلەمانتار و هاوپەیمانی حەلبووسی لەوبارەیەوە بە ماڵپەڕە قەتەرییەکە دەڵێ: "گفتوگۆکان لەسەر ئەم بابەتە نەوەستاوە و هەتا دێ زیاتر باسی دەکرێ. کاتێک دەڵێین نامەرکەزییەتمان لە عێراق دەوێ، ئەوە بابەتێکە کە دەکرێ باسی لەسەر بکرێ. بەڵام ئێمە فیدراڵیزم و کۆنفیدراڵیزممان قەبووڵ نییە، چونکە ئەوە بە مانای دابەشکردنی عێراقە".

سەرکردەیەکی دیکەی سوننەش ئەوە دووپات دەکاتەوە کە "کۆبوونەوەکان زۆر بە گەرمی دەکرێن، هەموو سەرکردە سوننەکانیش تێیدا بەشدارن، بەڵام بۆ ڕای گشتی ئاشکرای ناکەن، چونکە چاوەڕێی دۆخێک دەکەن کە تێیدا پارێزراو بن".

هیچکام لە سەرکردە سوننە و شیعەکان کە قسەیان بۆ ماڵپەڕە قەتەرییەکە کردووە، لەبارەی وردەکاریی پرۆژەکە هیچ نازانن، لەوانەش سنووری هەرێمەکە و ئەو میکانیزمانەی بۆ چارەسەری کێشەکانی بەردەمی دەگیرێنەبەر. سەرکردەکانی هەردوولا دەڵێن پرۆژەکە جارێ تەنیا وەک بیرۆکە خراوەتەڕوو.

مادەی 116 و 119ی دەستووری عێراق بە دیاریکراوی باسی مافی دروستکردنی هەرێم لە چوارچێوەی سیستەمی فیدراڵی دەکەن و میکانیزمەکانی بەدیهێنانی ئەو مافەش دیاری دەکەن. سەرکردەیەکی باڵای سوننە ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە دوای دروستکردنی هەرێمەکە، لە چوارچێوەی فیدراڵی یان کۆنفیدراڵیدا دەیلکێنن بە هەرێمی کوردستانەوە، ئەوەش بۆ ئەوەیە "سوننە و کورد لەسەر کەرکوک و ناوچە کێشەلەسەرەکان تووشی شەڕ و کێشە نەبن".

ئەوەش دوای قۆناغی بەدەستهێنانی دانپێدانانی نێودەوڵەتی دەبێ. بەڵام جێی سەرنجە کە کەرکوک لەناو ئەم پرۆژەیەدا نییە.

## پشتگیریی کەنداو

بەگوێرەی ڕاپۆرتەکە، وڵاتانی کەنداو بە سەرکردایەتیی سعودیە و ئیمارات پشتگیریی پرۆژەکە دەکەن. سەرکردەیەکی سوننەی ئاگاداری گفتوگۆکان دەڵێ: "هاریکاریی دارایی و گوشاری نێودەوڵەتی و هێزی سەربازیی پێویست بۆ دروستکردنی ئەم هەرێمە لەبەردەستە. نە ئێران و نە هێزە شیعەکان ناتوانن لەدژی ئەو پرۆژەیە بوەستن، چونکە ئەمریکا و وڵاتانی کەنداو پشتیوانی لێدەکەن".

بەشی زۆری ئەو ناوچانەی کە وەک پێکهێنەری هەرێمەکە بیریان لێکراوەتەوە، لە چەند ساڵی ڕابردووی شەڕی دژی داعشدا وێران بوون. سەرکردە سوننەکە دەڵێ: "باسەکە لەسەر پارە و وەبەرهێنانێکی زەبەلاحە کە ئەنبار دەکات بە دەشتێکی سەوز و ناوچە وێرانەکانی مووسڵ و سەلاحەددینی پێ ئاوەدان دەکرێتەوە".

**سەرکردەیەکی سوننە:**

> هاریکاریی دارایی و گوشاری نێودەوڵەتی و هێزی سەربازیی پێویست بۆ دروستکردنی هەرێمەکە هەیە

بەگوێرەی ڕاپۆرتەکە، سوننەکان چاوەڕێی ئاکامی خۆپیشاندانەکانی چوار مانگی ڕابردووی عێراقن، ئەگەر خۆپیشاندانەکان بتوانن حکومەتی عێراق ناچار بکەن خەم لە هەموو عێراقییەکان بخوات، ئەوە ئەوانیش واز لە پرۆژەی هەرێم دەهێنن. بەڵام ڕۆژی شەممەی ڕابردوو، هێزە ئەمنییەکانی عێراق هەڵیانکوتایە سەر خۆپیشاندەرانی تەحریر و دەستیان بە سووتاندنی خێوەتەکانیان کرد و ئەم پەلامارەش بە کوژرانی چەند خۆپیشاندەرێک کۆتایی هات.

سەرکردەیەکی باڵای سوننە هۆشداری دەدات کە ئەگەر خۆپیشاندانەکان نەتوانن ئاکامی دڵخوازی سوننەکان بەدەستەوە بدەن، ئەوە سوننە پێکەوە پشتگیری لە پرۆژەی بوون بە هەرێم دەکەن. سەرکردەکە دەڵێ: "سوننەکان نایانەوێ بەشێک لە هیلالی شیعە بن و ئامادە نین مل بۆ کۆنترۆڵی ئێران بدەن. بۆیە پێشنیازی دروستکردنی بنکەی سەربازییان بە ئەمریکییەکان داوە لەسەر خاکی خۆیان، لە بەرامبەریشدا داوای پشتگیریی پێویست دەکەن بۆ دروستکردنی ئەو هەرێمەی کە دەیانەوێ دروستی بکەن".

لە ساڵی ڕابردوودا

# 1000 کۆمپانیا بەهۆی خۆدزینەوە لە باج دراونەتە دادگا

## لە 30 هەزار کۆمپانیا لە کوردستان تەنیا 5000یان باج دەدەن

ڕەوا عەبدوڵڵا
ڕووداو- هەولێر

بەڕێوەبەری گشتیی باجەکان دەڵێت لەڕێگەی ڕێکخستنەوە و پێداچوونەوە بە وەرگرتنی باج لە کۆمپانیاکان، داهاتی باج دە هێندەی پێشوو زیاد بووە. هەروەها دەڵێت بەهۆی خۆدزینەوە لە باجدان، ساڵی ڕابردوو نزیکەی 1000 کۆمپانیا دراونەتە دادگا و گەشتی دەرەوەی وڵاتیش لە خاوەنی 100 کۆمپانیا قەدەغەکراوە.

بەپێی ئامارێک کە پێشتر لەلایەن بەڕێوەبەرایەتی گشتیی باجەکان و خانووبەرەی میری درابووە (ڕووداو)، کۆی داهاتی سەرجەم باجەکانی هەرێمی کوردستان لە ساڵی 2013 نزیکەی 162 ملیار دینار بووە، لەڕێگەی ڕێکخستنەوە و پێداچوونەوە بە وەرگرتنی باج لە ساڵی 2014، ئەم داهاتە 31% زیادی کردووە و بووەتە 212 ملیار دینار کە 111 ملیار دیناری باجی قازانجی کۆمپانیاکان بووە.

بەپێی یاسا، هەر کۆمپانیایەکی خۆماڵی یان بیانی لە هەرێمی کوردستان کار بکات، پێویستە ساڵانە 15%ی قازانجی خۆی بداتە حکومەت.

د.کەمال تەیب وەرتی، بەڕێوەبەری گشتیی باجەکان و خانووبەرەی میری لە وەزارەتی دارایی و ئابووری بە (ڕووداو)ی گوت: "بەهۆی ڕێکخستنەوە و پێداچوونەوە و بە وەرگرتنی باجی کۆمپانیاکان، توانیومانە تارادەیەک ڕێگری لە خۆدزینەوەی کۆمپانیاکان لە باج بکەین، ئەگەر پێشتر داهاتی باج ملیارێک دینار بووبێ، ئێستا بووەتە 10 ملیار دینار".

پێشتر کۆمپانیاکان لە ڕێگەی ژمێریاری یاسایی، داهاتی ساڵانەیان بۆ بەڕێوەبەرایەتی باجەکان دەنارد، بەگوێرەی ئەو داهاتە، 15% باجیان لێ وەردەگیرا، بەڵام زۆرجار ئەو ژمارانە لەلایەن بەڕێوەبەرایەتییەکانی باجەوە ڕەتدەکرانەوە و لە ڕێگەی لێژنەیەکی پسپۆڕەوە خەمڵاندن بۆ قازانجی کۆمپانیاکان دەکرا و بەگوێرەی خەمڵاندنەکە باجیان لێ وەردەگیرا.

د.کەمال وەرتی دەڵێت: "ئەو خەمڵاندنە پێوەرێکی زانستی نەبوو بۆ وەرگرتنی باج، چونکە بەگوێرەی زانیاری و میزاجی پسپۆڕەکە دەگۆڕا، ڕێنماییەکانی وەرگرتنی باج پێویستی بە پێداچوونەوە هەبوو".

ساڵی ڕابردوو لەسەر پێشنیازی بەڕێوەبەرایەتی گشتیی باجەکان، ئەنجوومەنی وەزیران پێداچوونەوەی بە ڕێنماییەکانی وەرگرتنی باج کرد، بەپێی ڕێنمایی نوێ، لەمەودوا بەدواداچوون و وردبینی و پشکنین بۆ داهاتی کۆمپانیاکان دەکرێ، ئەگەر دەرکەوت کۆمپانیاکە لە پێشکەشکردنی هەژماری داهات و قازانج فێڵی کردووە، دەدرێتە دادگا. خاوەنی کۆمپانیاکەش گەشتی دەرەوەی لێ قەدەغە دەکرێ، تا ئەو کاتەی دۆسیەکەی لە دادگا یەکلایی دەکرێتەوە.

> بەڕێوەبەری گشتیی باجەکان:
>
> بەهۆی ڕێگری لە خۆدزینەوەی کۆمپانیاکان لە باج، داهاتی باج دە قات زیاد بووە

دکتۆر کەمال ئاشکرای کرد کە بەهۆی خۆدزینەوە و فێڵکردن لە باج، ساڵی ڕابردوو نزیکەی 1000 کۆمپانیا دراونەتە دادگا، گەشتکردنیش لە خاوەنی زیاتر لە 100 بەڕێوەبەری ڕێگەپێدراوی کۆمپانیاکان قەدەغە کراوە.

ئەنجوومەنی وەزیران لە ئابی 2019 بڕیاری ژمارە 13ی دەرکرد. ئەو بڕیارە دەسەڵات بە بەڕێوەبەرایەتی گشتیی باجەکان دەدات ئەو کۆمپانیایانە بدەنە دادگا کە خۆیان لە باج دەدزنەوە.

بەپێی ئاماری بەڕێوەبەرایەتی گشتیی تۆماری کۆمپانیاکان کە وێنەیەکی دراوەتە (ڕووداو)، لە کۆتایی ساڵی 2019 ژمارەی کۆمپانیا تۆمارکراوەکان لە هەرێمی کوردستان گەیشتووەتە 30 هەزار و 446 کۆمپانیا، بەڵام تەنیا 23 هەزاریان لە بەڕێوەبەرایەتی گشتیی باجەکان تۆمارکراون.



بەپێی یاسا، هەر کۆمپانیایەک لە هەرێمی کوردستان کار بکات، پێویستە ساڵانە 15%ی قازانجی خۆی بداتە حکومەت

د.کەمال تەیب دەڵێت: "کەموکوڕی لە یاسای تۆماری کۆمپانیاکان هەیە، کاتێک کەسێک کۆمپانیایەک تۆمار دەکات، نانێردرێت بۆ لای ئێمە، بۆیە داوامان کردووە، هیچ کۆمپانیایەک مۆڵەتی پێنەدرێ تا لە بەڕێوەبەرایەتی باجەکان تۆمار دەکرێت".

لەو 23 هەزار کۆمپانیایەی لە بەڕێوەبەرایەتی گشتیی باجەکان تۆمار کراون، بە گوتەی د.کەمال تەنیا نزیکەی 5000 کۆمپانیا چالاکن و باج دەدەن، ئەوانی دیکە بەهۆی کاریگەریی قەیرانی دارایی و وەستانی کار لە زۆربەی سێکتەرەکان چالاکییان لاوازە".

بۆ کەمکردنەوە و نەهێشتنی دیاردەی خۆدزینەوە لە باج، ئەنجوومەنی وەزیران خەریکی دانانی داتاسەنتەرێکی ئەلیکترۆنییە بۆ ئەوەی زانیاریی دروستی لەسەر هەر مامەڵەیەکی بازرگانی لە هەر یەکەیەکی بازرگانی هەبێ.

د.کەمال وەرتی دەڵێت: "ئەنجوومەنی وەزیران بۆ دانانی ئەم داتاسەنتەرە لێژنەی تایبەتی پێکهێناوە، وەک قۆناغی یەکەمیش لە باجەکانەوە دەستپێدەکات، ئێمەش لە داهاتوودا داتابەیسێکی ئەلیکترۆنی بۆ تۆماری هەموو کۆمپانیاکان دروست دەکەین، هەر کۆمپانیایەک ساڵانە لەکاتی خۆی هەژماری کۆتایی پێشکەش نەکات و باج نەدات، دەیدەینە دادگا".

وەرتی پێیوایە ئەگەر ئەم داتاسەنتەرە جێبەجێ بکرێت، داهاتی باجەکانی دیکەش بە گشتی 20 بەرامبەر زیاد دەکات، بەمەرجێک لایەنە پەیوەندیدارەکان هەماهەنگ بن و سیستەمی کاشێر لە هەموو یەکە بازرگانییەکانی وەک هۆتێل و مۆتێل و چێشتخانە و سوپەرمارکێت و مۆڵ و سەنتەرەکان دابنرێت، بەشێوەی ئەلیکترۆنیش بە داتابەیسی ناوەندیی باجەکانەوە ببەسترێتەوە.

لەکۆی ئەو 30 هەزار و 446 کۆمپانیایەی لە هەرێمی کوردستان دامەزراون، 18 هەزار و 538 یان لە سنووری پارێزگای هەولێرن.

پشتیوان مستەفا وەرتی، بەڕێوەبەری تۆمارکردنی کۆمپانیاکانی هەولێر دەڵێت: "بەپێی یاسای تۆماری کۆمپانیاکان، لەکاتی دامەزراندن داوا لەو کەسانە ناکرێت پاکانەی باج بهێن بۆ دامەزراندنی کۆمپانیا، بەڵام ئێستا هەماهەنگیمان لەگەڵ باجەکان هەیە، دوای مانگێک لە دامەزراندن خاوەنی کۆمپانیا تازە دامەزراوەکان ئاگادار دەکەینەوە کە پێویستە دۆسیە لە بەڕێوەبەرایەتی باجەکان بکەنەوە".

بەپێی ماددەی 47 لە یاسای تۆماری کۆمپانیاکان، ئەگەر ساڵێک دوای دامەزراندن کۆمپانیایەک کار نەکات، دەتوانرێ کۆمپانیاکە هەڵبوەشێنرێتەوە و پاکتاو بکرێت.

پشتیوان مستەفا دەڵێت: "بۆچوونی جیاواز لەسەر جێبەجێکردنی ئەو ماددەیە هەیە، کاتی خۆی ڕێنماییەک هەبوو هەر کەسێک ئەگەر ویستی کۆمپانیایەک دابمەزرێنێ ئەگەر کۆمپانیای دیکەی بەناو بووایە، دەبوو پاکانەی کۆمپانیاکەی دیکە پێشکەش بکات، ئینجا ڕێگەی پێبدەن کۆمپانیای نوێ دابمەزرێنێ، بەڵام ئەم ڕێنماییە کاری پێنەکرا".

پشتیوان وەرتی باسی فێڵێکی خاوەن کۆمپانیاکان دەکات و دەڵێت: "خەڵک هەیە 20 کۆمپانیای بەناوە، هۆکارەکەشی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کاتێک تەندەرێکیان بۆ دەردەچێت، لە جیاتی ئەوەی کۆمپانیا کۆنەکانیان نوێ بکەنەوە کە پارەی باج و کاتی دەوێت، کۆمپانیایەکی نوێ تۆمار دەکەن کە ئاسانە و خەرجیی کەمە".

### باج بە خەملاندن

هێمن عارف، بەڕێوەبەری دارایی کۆمپانیای جیبال کە بریکاری کۆمپانیای سامسونگە لە کوردستان، دەڵێت: "لەبەر ئەوەی تائێستا سیستەمێکی ڕێکخراو بۆ وەرگرتنی باج نییە، بۆیە متمانە لە نێوان کۆمپانیاکان و بەڕێوەبەرایەتی باجەکاندا نییە. کۆمپانیاکان هەژماری کۆتایی داهات و قازانجی ساڵانەیان بەهەرچەند پێشکەش بکەن، فەرمانگەی باج ڕەتیدەکاتەوە، ئەوان بۆ وەرگرتنی باج هەر کار بە خەملاندنی لێژنەکانی خۆیان دەکەن، لێژنەکەش بەبێ لەبەرچاوگرتنی بارودۆخی بازاڕ، هەمیشە خەملاندنەکانیان زیاتر دەنووسن".

بۆ وەرگرتنی باج لە کۆمپانیا گەورەکان، بەڕێوەبەرایەتییەکی تایبەت بەناوی بەڕێوەبەرایەتی گەورە باجدەران دانراوە، وەک قۆناغی یەکەم وەرگرتنی باج لە نزیکەی 500 کۆمپانیای گەورە خراوەتە ئەستۆی ئەو بەڕێوەبەرایەتییە.

د.کەمال وەرتی دەڵێت: "زۆرترین داهاتی ئێمە لە باجی کۆمپانیا گەورەکانە، بە تایبەتی کۆمپانیاکانی هاوردەکردنی جگەرە، پەیوەندی، خزمەتگوزاریی ئاسایش، نەوت و هەندێ بواری دیکە.. هەندێ لەم کۆمپانیایانە ساڵانە بە ملیار دینار باج دەدەن".

> بەهۆی باجنەدانەوە گەشتکردن لە خاوەنی 100 کۆمپانیا قەدەغە کراوە

بەپێی ڕووپێویەکی عێراق و هەرێمی کوردستان:

# گەشتیارانی بیانی زۆرترین پارەیان لە هەولێر خەرج کردووە

> داهاتی گەشتی 7000 گەشتیاری بیانی 8 ملیار دینار بووە

ڕەوا عەبدوڵڵا
ڕووداو- هەولێر

دەستەی ئامار ڕووپێوییەکی مەیدانی بۆ دیاریکردنی خەرجیی گەشتیارانی بیانی لەماوەی مانەوەیان لە هەرێمی کوردستان کردووە. لە ڕووپێوییەکەدا 7049 گەشتیار لە هەولێر و دهۆک و سلێمانی بە نموونە وەرگیراون کە بە هەر هەموویان 289،178 ڕۆژ ماونەتەوە و خەرجیی مانەوەیان زیاتر لە 8 ملیار و 894 ملیۆن و 361 هەزار دینار بووە.

ئەو ڕووپێوییە کە یەکەمجارە دەکرێ و بۆ دیاریکردنی ڕێژەی بەشداریی کەرتی گەشتیارییە لە کۆبەرهەمی خۆماڵی، بە دوو قۆناغ کراوە، قۆناغی یەکەمیان لە 4 تاوەکو 10ی ئەیلول، دووەمیش لە 17 تاوەکو 23ی مانگی تشرینی یەکەمی ساڵی ڕابردوو بووە. لە ماوەی 14 ڕۆژدا لە هەردوو فڕۆکەخانەی هەولێر و سلێمانی، خاڵە سنوورییەکانی ئیبراهیم خەلیل، حاجی ئۆمەران، باشماغ و پەروێزخان، لە ڕێگەی فۆرمێکەوە زانیاری لە 7 هەزار و 49 گەشتیار وەرگیراوە.

فۆرمەکە لە هەولێر دراوەتە 2،656 گەشتیار کە بە هەموویان 70،166 ڕۆژ ماونەتەوە و لە ماوەی مانەوەشیان زیاتر لە 4 ملیار و 959 ملیۆن دینار خەرجییان هەبووە. تێکڕای خەرجیی هەر ڕۆژێکی مانەوەش 70 هەزار 677 دینار بووە.



گەشتیارێکی بیانی لە سەنتەری شاری هەولێر لەکاتی پشوودانداا

لە سلێمانیش 2،690 گەشتیار بە نموونە وەرگیراون کە 190،263 ڕۆژ ماونەتەوە. دوو ملیار و 950 ملیۆن دیناریان خەرج کردووە، تێکڕای خەرجیی ڕۆژانەی هەر گەشتیارێکیش 15 هەزار و 506 دینار بووە.

هەروەها 1703 گەشتیار لە دهۆکیش بە نموونە وەرگیراون کە 28.749 ڕۆژ ماونەتەوە، لەماوەی ماوەشیان نزیکەی 985 ملیۆن دیناریان خەرج کردووە، لە هەر ڕۆژێکی مانەوەشیان 34 هەزار و 255 دیناریان خەرج کردووە.

سیروان محەممەد، سەرۆکی دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان دەڵێت، ڕووپێوییەکە بۆ یەکەمجارە دەکرێ و لەسەر داوای ناوەندی ئاماری عێراق بووە بۆ دیاریکردنی پشکی کەرتی گەشتیاری لە کۆبەرهەمی ناوخۆ (GDP). داتاکانی ڕووپێوییەکە وردەکاریی زۆریان لەبارەی ئامانجی گەشتەکە و شوێنی مانەوە و خەرجیی نووستن، خواردن و خواردنەوە، گواستنەوە، کڕینی دیاری، پەیوەندییەکان، چارەسەری و خەرجی دیکەی تێدایە.

گوتیشی: "لەبەر ئەوەی هێشتا هەندێ پارێزگای عێراق داتاکانیان بەشێوەی ئەلیکترۆنی تۆمار نەکردووە، دەزگای ئاماری عێراق شیکردنەوەی گشتگیری بۆ داتای گشت پارێزگاکان نەکردووە، بۆیە ئێستا ناتوانین شیکردنەوەی داتاکان بۆ ڕاگەیاندن بخەینەڕوو".

بەپێی ئەو داتایەی بە تایبەت دراوەتە (ڕووداو)، لە کۆی ئەو 2،656 گەشتیارەی لە هەولێر وەک نموونە وەرگیراون 1،157 گەشتیاریان ئێرانی بوونە، 1،035 گەشتیاری دیکەیان عێراقیی دانیشتووی دەرەوە بوونە، 193 گەشتیاریان سووری بوونە، ئەوانی دیکەش ئوردنی، لوبنانی، تورکی، میسری، جەزائیری، ئەمەریکی، کەنەدی، ئەڵمانی، نەرویجی، فەرەنسی، هیندی، پاکستانی، ئازەربایجانی و ئەرمەنستانی بوون.

نزیکەی 92%ی گەشتیارانی پارێزگای دهۆک تورک بوونە کە 1،558 گەشتیارن، گەشتیاری سویدی بە 33 گەشتیار و گەشتیاری ئەڵمانی بە 27 گەشتیار لە پلەی دووەم و سێیەم دێن. ئەوانی دیکەش گەشتیاری هۆڵەندی، بەریتانی، فەرەنسی، بەلجیکی، ئیتاڵی، یۆنانی، ئەمەریکی، سووری و وڵاتانی دیکەن.

لە پارێزگای سلێمانی پشکی شێر بەر گەشتیاری ئێرانی کەوتووە کە لە کۆی 2،690 گەشتیار 1،910 گەشتیاریان ئێرانی بوونە، بەپلەی دووەم گەشتیاری عێراقی و دانیشتووی دەرەوە دێن کە ژمارەیان 699 گەشتیار بووە. ئەوانی دیکەش گەشتیاری ئەڵمانی، بەریتانی، ژاپۆنی، چیکی، چینی، هیندی، تورکی، سووری، ئوردنی، سعودی و لوبنانی بوون.

سیروان محەممەد دەڵێت: "ڕووپێوییەکە ڕۆڵی گرنگی دەبێت بۆ دیاریکردنی بەشداریی کەرتی گەشتوگوزار لە کۆبەرهەمی خۆماڵی، بەڵام بەهۆی ئەوەی لە ساڵی 2012 ڕووپێویمان بۆ داهاتی سەرجەم سێکتەرەکان لە کوردستان و ڕێژەی بەشدارییان لە کۆبەرهەمی خۆماڵی نەکردووە، بۆیە بەم ڕووپێوییە ناتوانین ڕێژەی بەشداریی کەرتی گەشتوگوزار لە کۆبەرهەمی ناوخۆ دیاری بکەین".

> خەرجیی گەشتیارێکی بیانی لە هەولێر 2.5 ملیۆن دینار بووە و لە سلێمانی یەک ملیۆن دینار بووە

بەپێی ڕووپێوییەکە، زۆرترین خەرجیی گەشتیاران لەسەر ئاستی هەرێمی کوردستان لە پارێزگای هەولێر بووە کە خەرجیی ڕۆژانەی هەر گەشتیارێک 70 هەزار و 677 دینار بووە.

شکور عەزیز، جێگری سەرۆکی لقی هەولێری کۆمەڵەی میوانخانە و چێشتخانەکان بە (ڕووداو)ی گوت: "هەرچەندە ڕووپێویەکەی دەستەی ئامار لەکاتێکدا کراوە کە وەرزی گەشتیاری نییە لە کوردستان، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئەم ڕووپێوییە ڕۆڵی گرنگی دەبێت بۆ خستنەڕووی خەرجیی گەشتیارانی بیانی لە هوتێل و مۆتێل و ڕێستۆرانتەکان".

گوتیشی: "گرنگیی ڕووپێوییەکە لەوەدایە لە خاڵە سنوورییەکان ماوەی مانەوە و خەرجیی مانەوە لە خودی گەشتیار وەرگیراوە کە پێشتر بە خەملاندن بووە".

ئەو کەسانەی لە ڕووپێوییەکە بە نموونە وەرگیراون، ئەو بیانیانە نین کە لە کوردستان نیشتەجێن. واتە خەرجییەکانیان لەسەر پارەی کوردستان نەبووە.

دەستەی ئامار خەرجی چەند گەشتیارێکی بە نموونە داوەتە (ڕووداو)، لەوانە گەشتیارێکی تەمەن 41 ساڵەی بەریتانی کە 22 ڕۆژ لە هەولێر ماوەتەوە و 2 ملیۆن و 420 هەزار دیناری خەرج کردووە: (600 هەزار هۆتێل، 700 هەزار خواردن، 400 هەزار دیاری، 120 هەزار خەرجیی گواستنەوە، 600 هەزار دیناریش خەرجیی پەیوەندی).

گەشتیارێکی ئێرانیش لە سلێمانی لە ماوەی 25 ڕۆژدا 916 هەزار دیناری خەرج کردووە: 120 هەزار خواردن، 500 هەزار دیاری، 50 هەزار گەشت، 240 هەزار خەرجیی دیکە. بەڵام خەرجیی نووستنی نەبووە، چونکە لە ماڵی خزمێکی ماوەتەوە.

گەشتیارێکی ئەڵمانی لە 60 ڕۆژدا لە دهۆک 10 ملیۆن و 820 هەزار دیناری خەرج کردووە: 2 ملیۆن و 500 هەزار خواردن، 4 ملیۆن و 240 هەزار دیاری، سێ ملیۆن دینار خەرجیی گەڕان و گەشت، ملیۆنێک و 80 هەزار خەرجیی دیکە. پارەی هوتێلی نەداوە، چونکە لەلای هاوڕێیەکی ماوەتەوە.

دەستەی ئامار خەرجیی نووستنی گەشتیارانی پارێزگای دهۆکی بە نموونە داوەتە (ڕووداو). خەرجیی نووستنی ئەو 1،703 گەشتیارەی بە نموونە وەرگیراون: بۆ هۆتێل و مۆتێل 50 ملیۆن و 64 هەزار دینار بووە، بۆ خانووی کرێ ملیۆنێک و 136 هەزار دینار بووە.

شێخ ئیحسان عیسا فەیزوڵڵا، سەرۆکی لقی دهۆکی کۆمەڵەی میوانخانە و چێشتخانەکان، تێبینی لەسەر وەرگرتنی نموونەی گەشتیارانی بیانی لە دهۆک هەیە و دەڵێت: "هەرگیز بڕوا ناکەم 1،557 گەشتیاری تورک بۆ مەبەستی گەشتیاری سەردانی شاری دهۆکیان کردبێت. پێدەچێ کرێکار و شوفێری تورکیش بە گەشتیار تۆمار کرابن".

شێخ ئیحسان گوتیشی: "بەپێی بەدواداچوونی ئێمە، خەرجی گەشتیاری عەرەب لە هاویندا ڕۆژانە لە 23 هەزار تێپەڕ ناکات، لە زستانیشدا لە 15 هەزار دینار زیاتر نییە، خەرجی ڕۆژێکی مانەوەی گەشتیاری بیانیش 75 دۆلار زیاتر نییە، بەمەرجێک لەهۆتێل مابێتەوە و لە ڕێستۆرانت و چێشتخانە نانی خواردبێت".

# قۆناغی پارادیبلۆماسی و گەشەی هاوسەنگی سیاسی و ئابووری لە هەرێمی کوردستان

پ.د.هاوڕێ مەنسووربەگ
دکتۆرا لە جیۆلۆجیای نەوت

د.ئەرشەد تەها
دکتۆرا لە سیاسەتی ئابووری

ئابووری و سیاسەت دوو ڕووی یەک دراون، هێزی سیاسی و سەربازیی هەر وڵاتێک ڕاستەوخۆ پەیوەستە بە هێزی ئابوورییەکەی. یەکێتیی سۆڤیەت پێش ئەوەی لەڕووی سیاسییەوە بڕووخێ، لەڕووی ئابوورییەوە ڕووخا. یەکێتیی سۆڤیەت لە ساڵانی کۆتایی تەمەنیدا توانای دابینکردنی پێداویستییە سەرەکییەکانی نەمابوو بۆ بەردەوامبوون. قەیران تەنگی بە هەموو سێکتەرەکان هەڵچنیبوو. گۆرباتچۆڤ دوایین سەرۆکی یەکێتیی سۆڤیەت مانگێک پێش گوتارە بەناوبانگەکەی وازهێنانی لە پۆستەکەی، نامەیەکی سێ وشەیی بۆ (جۆن مەیجەر) سەرۆک وەزیرانی بەریتانیای ئەوکات دەنێرێت و دەڵێ: ((بەڕێز جۆن یارمەتی)). بەڵام سوودی نەبوو، دوای مانگێک ناچار بوو بێتە سەر تەلەفزیۆنی نیشتمانی و مەرگی سۆڤیەت ڕابگەیێنێت و میراتەکەی بەسەر پازدە وڵاتدا دابەش کرا.

بەڵام ولایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بە پێچەوانەوە، گەشەی ئابووری بووە هۆی گەشەی سیاسی و سەربازیی ئەو وڵاتە، تەنیا بودجەی سەربازیی ولایەتە یەکگرتووەکان (680) ملیار دۆلارە! یازدە کەشتی فڕۆکە هەڵگری هەیە، دوایین کەشتی فڕۆکەهەڵگر (یو ئێس ئێس جیراڵد فۆرد) سێزدە ملیار دۆلار تێچووی دروستکردنی بووە، سەرەڕای خەرجکردنی شەشە ملیار دۆلار لە توێژینەوەی پێشخستنی ئەو کەشتییە! لەکاتێکدا ڕووسیا یەک کەشتی فڕۆکەهەڵگری هەیە بەناوی (ئەمیراڵ کوزنستوف) کە لە ساڵی (1981) دروستکراوە و زۆربەی کات پەکی کەوتووە و بەکەڵکی خزمەتی سەربازی نەماوە و تەنیا لەبەر عەیبە لە خزمەت دوورنەخراوەتەوە!

قەیرانی دارایی ساڵی (2014) لە هەرێمی کوردستان ئەزموونێکی گرنگ بوو، پێویستە بەئاسانی بەسەرماندا تێپەڕ نەبێت. داهاتی سەرەکیی هەرێمی کوردستان پشت بە فرۆشی نەوت دەبەستێ، نرخی نەوتیش لە بازاڕی جیهانیدا لە ساڵی (2014) دابەزی، سەرەڕای چەند هۆکارێکی تری وەک شەڕی داعش و هاتنی ژمارەیەکی زۆری ئاوارە و بڕینی بودجەی هەرێم لەلایەن حکومەتی ناوەندی، قەیران لە بانکەکانەوە دەستیپێکرد و پاشەکەوتی مووچە و وەستانی هەموو پڕۆژە و چالاکییە ئابوورییەکانی لێکەوتەوە. لاوازیی ژێرخانی ئابووری کاریگەریی نێگەتیڤی هەبوو لەسەر پێگەی سیاسی هەرێمی کوردستان، هەر لەبەر ئەوەش بوو کە ریفراندۆمی کوردستان بۆ سەربەخۆیی زۆرینەی ڕەهای دەنگی خەڵکی کوردستانی بەدەستهێنا، بەڵام لەڕووی ئابوورییەوە نەمانتوانی بەردەوام بین.

هەرێمی کوردستان دەبێ سوود لەو ئەزموونە وەرگرێت و گۆڕانکاریی ڕیشەیی بکات لە هەردوو بواری ئابووری و سیاسی، دەبێ سوود لە گۆڕانکارییە جیهانی و ناوچەیی و هەرێمییەکان وەرگرێت، لە کاتێکدا جیهان هەمووی چاوی لەسەر ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستە، ولایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا خەریکی پێکهێنانی هاوپەیمانییەکی نێودەوڵەتییە لە دژی هەژموونی ئێران لە ناوچەکە و بەتایبەتی لە عێراق، هەردوو وڵاتی گرنگی کەنداو: سعودیە و ئیمارات توانا و پارەی زۆر تەرخان دەکەن بۆ گۆڕینی هاوکێشەی ناوچەکە و کەمکردنەوەی هەژموونی ئێران لە کەنداوی عەرەبی، ئەوانە هەمووی هاندەرن بۆ ئەوەی حکومەتی هەرێم تەواوی هێز و توانای بخاتەگەڕ تاوەکو ببێتە ژمارەیەکی سەختی هاوکێشە تازەکەی ناوچەکە.

بواری دیبلۆماسی لە ڕابردوودا کارێکی سیادی بووە، وڵاتەکان لەڕێگەی میکانیزمی فەرمی و لە چوارچێوەی وەزارەتی دەرەوە لە چوارچێوەیان دابوو، بەڵام گەشەکردن و تێکەڵبوونی بەرژەوەندییە نێودەوڵەتییەکان و زۆربوونی ژمارەی کاراکتەرەکان و ئاڵۆزبوونی بابەتەکان و بەرژەوەندییەکان و قەیرانە نێودەوڵەتییەکان و جۆراوجۆربوونی کەناڵە کاریگەرەکان و شێواز و ئاڕاستەکانی سیاسەتی دەرەوە، وڵاتانی خستووەتە بەردەم مەترسیی سڕینەوە، لەبەر ئەوە پێویستە لەمەودوا عەقڵانیتر و کراوەتر سیاسەتی دەرەوە پەیڕەو بکەن تاوەکو سەرکەوتنی سیاسەتی دەرەوە مسۆگەر بکەن و ئامانجەکانیان دەستەبەر بکەن.

لەبەر ئەو هۆکارانەی پێشوو، پارادیبلۆماسی بە شێوەیەکی بەرچاو گەشەی کردووە و لە سنوور و دەسەڵاتی وەزارەتی دەرەوە دەرچووە، بەهۆی پێشکەوتنی هۆکارەکانی گەیاندن و تۆڕەکانی ئینتەرنێت هەموو سێکتەرەکانی ناوخۆی وڵات بە سێکتەرە هاوشێوەکانی خۆیان لە دەرەوەی وڵات بەستراونەتەوە، پارتە سیاسییەکان بە پارتە سیاسییەکانی دەرەوە، زانکۆکان بە زانکۆکانی دەرەوە، ناوەندەکانی توێژینەوە بە ناوەندەکانی توێژینەوەی دەرەوە، هۆکارەکانی ڕاگەیاندن بە هۆکارەکانی ڕاگەیاندنی دەرەوە و.. هتد.

دەرفەتێکی زێڕینە ئێستا حکومەتی هەرێمی کوردستان بەشێوەی پارادیبلۆماسی پەرە بە پەیوەندییەکانی بدات و لۆبیی بەهێز لەسەر ئاستی ناوچەکە و ئاستی نێودەوڵەتی دروست بکات، تاوەکو ڕەنگدانەوەی هەبێت لەسەر کەرتی وزە بەتایبەتی و ئابووریی هەرێمی کوردستان بە گشتی و بەتەواوی بیخەینە سەر نەخشەی وزەی جیهان، دەست بکەین بە کردنەوەی دانوستاندن لەگەڵ ڕێکخراوی ئۆپێک بۆ جێگیرکردنی پشکی هەرێمی کوردستان بە جیا لە عێراق لە بازاڕی پێترۆلدا، چونکە بۆ کۆنترۆڵکردنی نرخی نەوت لە بازاڕی جیهانیدا ئەو ڕێکخراوە پشکی وڵاتانی ئەندام هەمیشە سنووردار دەکات، عێراقیش دەیەوێت هەناردەی نەوتی کوردستان سنووردار بکات و ڕێگا نەدات ڕۆژانە لە (450) هەزار بەرمیل زیاتر هەناردە بکات و هەر زیادەیەکی هەناردە بۆ عێراق بێت و کوردستان نەگرێتەوە، بێگومان ئەو دانوستاندنەش ئاسان نابێت، بەتایبەتی بە هۆی ڕێگریی عێراق لە هەر هەوڵێکی لەو جۆرە، بەڵام پێشبینی دەکرێت دوو وڵاتی گرنگی وەک سعودیە و ئیمارات پشتگیری لەو هەنگاوە بکەن، بەتایبەتی سعودیە کە سەرکردایەتی ئەو ڕێکخراوە دەکات، ئەوەش لەبەر دوو هۆکار، یەکەم: عێراق بەناوچەی هەژموونی ئێران دەزانن و بەهێزبوونی کوردستان گرنگە بۆیان بۆ کەمکردنەوەی ئەو هەژموونە. دووەم: هەرێمی کوردستان لەسەر هەردوو ئاستی سەرۆکایەتی هەرێم و سەرۆکایەتی حکومەت پەیوەندیی باشی لەگەڵ ئەم دوو وڵاتە هەیە. هەر بە تەنیا کردنەوەی ئەم جۆرە گفتوگۆ و دانوستاندنە گرنگیی تایبەتی خۆی هەیە. بە تایبەتی ئێستا کە عێراق ناسەقامگیر و بێ سەر و بێ حکومەتە و کەس نازانێ ئەو دۆخە بەکوێ دەگات و ئەو ناسەقامگیرییە چەند دەخایەنێ، سەرەڕای ئەوانەش شەڕی ناوخۆ لە عێراق ئەگەرێکی بەهێزە، ئەوەش مەترسییەکی گەورەیە لەسەر بەشە بودجەی هەرێمی کوردستان کە لە حکومەتی ناوەندییەوە بۆی دابین دەکرێ.

> هەرێمی کوردستان نابێت تەنیا پشت بە داتا و ئامارەکانی کۆمپانیا نێودەوڵەتیەکانی نەوت ببەستێ

> پێویستە یەدەگی نەوت و غازی کوردستان بەهاوکاریی ئۆپێک و ئاژانسی جیهانیی وزە پشتڕاست بکرێتەوە، ئەوکات دەتوانین بڵێین لەسەر نەخشەی وزەی جیهانین

پێویستیشە هەوڵ بدرێت بۆ جێگیرکردنی بڕی یەدەگی نەوت و غازی کوردستان و داتاکان بڵاوبکرێنەوە. یەدەگی هەرێم بە سیستەمێکی نێودەوڵەتی و بەهاوکاریی دامەزراوە جیهانییەکان وەک ئۆپێک و ئاژانسی وزەی جیهانی پشتڕاست بکرێتەوە و جێگیر بکرێت، ئەوکات دەتوانین بڵێین کوردستان لەسەر نەخشەی وزەی جیهانییە، چونکە جیاوازی هەیە لە نێوان یەدەگ (Reserve) و سامان (Resource). چەند ساڵێک لەمەوبەر، کۆمپانیای زەبەلاحی بواری نەوت و گاز (Shell)، یەکێک لە گەورە بەرپرسەکانی کۆمپانیاکەی لەسەر کار لابرد لەبەر ئەوەی بەرپرسەکە نازانێت جیاوازی بکات لە نێوان یەدەگ و سامان. کێشمەکێشی نێوخۆیی کۆمپانیای شێڵ لەمەڕ پێناسەی یەدەگ و سامان، ئابووریناسان و پسپۆڕانی بواری نەوت و گازی لە سەرتاسەری جیهان سەرقاڵ کرد. بە کورتی، ئەوکاتە بە نەوت و گاز دەگوترێت یەدەگ کە زانیارییەکی زۆری زەویناسی لەبەردەست بێت، نەوتی نێو کانەکان بە تەکنەلۆجیای ئێستا بتوانرێت بەرهەم بهێنرێت و بازاڕی ئابووریش گونجاو بێت بە شێوەیەک کە خەرجی کۆمپانیاکان کەمتر بێت لە داهات. ئەگەر یەکێک لەو فاکتەرانەی ئاماژەمان بۆ کردن ئامادە نەبێت، نابێ زاراوەی ((یەدەگ)) بەکاربێت و نەوت و گازی نێو کانەکان وەک ((سامان)) ئاماژەی بۆ دەکرێت. لە هەندێک شوێنی زەوی، بوون و نەبوونی نەوت وەکو یەکە، چونکە لە سەردەمی ئێستا ئەو تەکنەلۆجیایە لەئارادا نییە کە بتوانێ نەوتەکە بەرهەم بهێنێ و تێچووەکانی هێندە زۆرە، بە لەبەرچاوگرتنی نرخی نەوت و بازاڕی جیهانی، ئەم نەوتە هیچ سوودێکی ئابووری نابێت، کەسیش خۆی لە قەرەی پڕۆژەی دەرهێنانی نادات. بۆنموونە لە هەندێک لە کێڵگەکانی نەوتی بن زەریاکان، ئەوانەی کە دوورن لە کەنارەکانی بەرازیل، خەرجییەکی زۆر سەرسوڕهێنەریان دەوێت بۆ ئەوەی نەوت بەرهەم بهێنرێت. لە هەندێک شوێن، قووڵیی زەریاکان دەگەنە دوو کیلۆمەتر، دوای ئەو دوو کیلۆمەترە، پێنج تا شەش کیلۆمەتر بیر هەڵکەندن پێویستە، کە ئەمەش تەکنەلۆجیایەکی لە ڕادەبەدەر پێشکەوتووی دەوێت و هێزێکی مرۆیی زەبەلاحی پێویستە. هەندێک لەو پلاتفۆرمانەی کە بە زمانی پیشەسازیی نەوت بە (Oil Rig) ناسراوە، خەرجیی ڕۆژانەیان دەگاتە یەک ملیۆن دۆلار!

ئەو پلاتفۆرمانە چەندین ساڵ دەمێننەوە تاوەکو کێڵگەیەکی نەوت دەکەوێتە کار و بیرە نەوتەکان بە تەواوی لێدەدرێن، تێچووی گەشەپێدانی کێڵگەکانی نەوت و گاز تا بەکارخستنیان و بەرهەمهێنان، دەیان و سەدان بلیۆن دۆلار سەرمایەی دەوێت. هەرکاتێک نرخی نەوت لە بازاڕەکانی جیهان دادەبەزێت، بەرهەمهێنانی نەوت لەم شوێنە دژوارانەی سەر زەوی دووچاری مەترسی و زیانی گەورە دەبێتەوە، چونکە ئەم جۆرە کێڵگانە تەنیا لەکاتی تەندروستبوونی باری ئابووریی جیهان دەبنە سەرچاوەی گەشەی وڵات و قازانج بۆ کۆمپانیاکان مسۆگەر دەکەن. بۆی هەیە نەوت و گازی وڵاتێک لە سەردەمێکی ئابووریی دیاریکراودا "سامان" بێت و لە سەردەمێکی دیکەدا "یەدەگ" بێت و پێچەوانەکەشی ڕاستە، ئەوەی ئەوڕۆ یەدەگە، ڕەنگە سبەینێ پاشەکشە بکات و ببێتەوە بە سامان.

وڵاتان و کۆمپانیاکان هەمیشە لە پێشبڕکێدان بۆ زیادکردنی یەدەگی خۆیان و گۆڕینی "ستەیتەسی" نەوت و گازی وڵات لە سامانەوە بۆ یەدەگ، بەتایبەتی وڵاتانی ئەندام لە ئۆپێک، چونکە پشکی ئەندامەکانی لەسەر بنچینەی یەدەگ دیاری دەکرێت.

بڕێکی زۆری نەوت و گازی کوردستان لە سەردەمی ئێستادا، بە یەدەگ هەژمار دەکرێت، چونکە لەڕووی زەویناسییەوە، تا ڕادەیەکی باش دەزانین نەوت و گازی ئێمە چۆن دروستبوون و چۆن لە کانەکان پارێزراون. هەروەها کێڵگەکانی نەوت و گازی کوردستان لەسەر وشکانی دۆزراونەتەوە. بە پێچەوانەی بەرازیل و دەریای باکووری نەرویج و بەریتانیا، خەرجیی دەرهێنانی کەمترە و بەرگەی گۆڕانکاری و قەیرانەکانی ئابووریی جیهان تا ئاستێکی باش دەگرێت. هەندێک ناوچەی کوردستان هەن کە لەڕووی زەویناسییەوە، ناوچەی زۆر ئاڵۆزن و شیکردنەوەی زۆریان پێویستە، بۆ ئەوەی نەوت و گازی ژێر خاکەکەیان لەباری "سامانەوە" بگۆڕین بۆ باری "یەدەگ". پێویستە حکومەتی هەرێمی کوردستان سیاسەت بە شێوەیەک دابڕێژێت کە خۆشمان هاوشانی کۆمپانیا نەوتییەکان توێژینەوەی ورد لەسەر یەدەگ و سامانی نەوت و گازمان بکەین.

سەنتەرەکانی توێژینەوەی نەوت و بەشە زانستییەکانی زانکۆکانمان هان بدەین کە سەرقاڵی لێکۆڵینەوەی زەویناسی و وزە بن و بە هاوکاریی سەنتەرەکانی توێژینەوەی وزەی جیهانی داتا و پلان و بەرنامەی ستراتیژیی تۆکمە بخەنە بەردەست حکومەت و سەرکردایەتی کورد و پێشنیاز و ڕاسپاردەکانیان، پێشەگەرییانە بخەنەڕوو.

هەرێمی کوردستان نابێت تەنیا پشت بە داتا و ئامارەکانی کۆمپانیا نێودەوڵەتیەکانی نەوت ببەستێ. ڕەنگبێت هەندێک جار، دید و تێڕوانینی ئایندە و پلانی ستراتیجیمان وەک نەتەوە، جیاواز بێت لەگەڵ دیدی کۆمپانیا جیهانییەکان. لەکاتی تەنگژەی کۆمپانیای شێل کە ئاماژەمان بۆ کرد، چەندین ڕاپۆرتی ئابووری بڵاوبوونەوە کە هەندێک لە بەرپرسانی کۆمپانیای ناوبراو ژمارەیەک چەواشەکارییان دەربارەی یەدەگی نەوت و گازی کۆمپانیای ناوبراو خستووەتەڕوو، هەروەها لە ڕاپۆرتەکاندا جیاوازی نەکراوە لە نێوان "یەدەگ" و "سامان". ئەم جۆرە زانیاریانە، زیانی گەورە بە پشکدارە ئابوورییەکان دەگەیەنێت و هەموو لایەک، بەو وڵاتانەی کە بەرهەمهێنانیشیان لێ دەکرێت، لە تاریکیدا دەمێننەوە و دووچاری مەترسیی گەورە دەبن.

> هەرێمی کوردستان دەبێ لەگەڵ ئۆپێک دانوستاندن بکات بۆ جێگیرکردنی پشکی خۆی بە جیا لە عێراق لە بازاڕی پێترۆلدا



(فۆتۆ: ڕووداو)

ژنان
ڕووداو
ژمارە ( 589 ) – دووشەممە 2020/1/27



## تەرمی کچێک دەدۆزرێتەوە

**ڕووداو – هەولێر**

دوای 16 ڕۆژ لە ونبوونی، لە گوندێکی نزیک گوێر تەرمی کچێک بەناوی سایە یونس دۆزرایەوە. باوکی دەڵێ، ئەو لە دەوام بووە و هاوژینەکەی دوای چوار ڕۆژ لە ونبوونی ئاگاداری کردووەتەوە، جارێکیش لەسەر ئازاردانی کچەکەی سکاڵای لەسەر هاوژین و دایکی هاوژینەکەی تۆمارکردووە. کەسوکاری کچەکە دەڵێن، کچەکە لەلایەن دایک و داپیرەکەی هێندە ئازاردەدرا کە ئێمە ناچار دەبووین جاروبار لای خۆمان ئاگاداری ببین. سەکینە حەمەد، داپیری کچەکە ئاماژە بەوە دەکات، ئەشکەنجەیان داوە، لە سەربانەوە فڕێیان داوە و نانیان پێنەداوە. مەنفییە حەمید، پوری کچەکەش دەڵێ، کردبوویان بە پانکەوە و ئەویش بەخێرایی پانکەکەی کوژاندووەتەوە و لێیکردووەتەوە.

## خومەینی ڕێگەی پێداون ڕەگەزی خۆیان بگۆڕن

# کۆمەڵگەی ئێران جووتڕەگەزەکان قبوڵ ناکات

**جەبار دەستباز**
**ڕووداو – سنە**

باران لە گوندێکی نێوان سنە و مەریوان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەگەڵ باوکی دەژی، جلێکی سووری لەبەرە و ئارایشتی کردووە. ماوەی سێ ساڵە نەشتەرگەریی گۆڕینی ڕەگەزی کردووە، لەبەر ئەوەی پێشتر هەستی دەکرد لەناو جەستەی پیاوێکدا بەندکراوە و هەر کاتێک وەک کوڕ ڕەفتاری لەگەڵ دەکرا، خەریک دەبوو جەڵتە لێی بدات.

باران، تەمەن 24 ساڵ، لەبارەی بارودۆخی خۆی پێش نەشتەرگەرییەکە بە (ڕووداو)ی گوت: "جاران لە قوتابخانە و لە نێوان کەسوکار و خێزانەکەی خۆشمدا زۆر هەراسان و بریندار دەکرام. بە دوای ڕێگەیەکدا دەگەڕام خۆم ڕزگار بکەم".

لە ئێران، نەشتەرگەریی گۆڕین یان ڕێکخستنەوەی ڕەگەز کارێکی یاساییە، بەڵام کۆمەڵگەی ڕەگەزگۆڕەکان (ترانسجێندەرەکان) لە کۆماری ئیسلامیی ئێراندا ڕووبەڕووی هەڵاواردن و سووکایەتی دەبنەوە. ئەگەرچی یاسا ڕێگە بە نەشتەرگەریی ڕێکخستنەوەی ڕەگەز دەدات، بەڵام بەگوێرەی دوایین ڕاپۆرتی ڕێکخراوی چاودێریی مافەکانی مرۆڤ (HRW) "هیچ یاسایەک هەڵاوردن دژی ئەوان قەدەغە ناکات".

دوای ئەوەی بۆی دەرکەوت کە نەشتەرگەریی گۆڕینی ڕەگەز لە ئێران هەیە و یاساییشە، باران بابەتەکەی لەگەڵ دایک و باوکی باسکرد، ئەوان پێشتر دەیانزانی باران خۆی بە "مێ" دەزانێ، بەڵام براکانی لەگەڵ ئەو بڕیارە نەبوون و تەنانەت هەڕەشەیان لە خۆی و دایک و باوکیان کرد.

باران کە پێشتر ناوی دانا بووە، دەڵێ: "براکانم پاش سەردانی دەروونناس ڕێگەیان بە گۆڕینەکە دا". شەش مانگ دواتر، پرۆسەی چارەسەری دانانی هۆرمۆن دەستیپێکرد کە بە هۆیەوە مەمکی گەورە بوون و مووی دەموچاوی نەما، لە کۆتاییشدا لە نەخۆشخانەی میرداماد لە تاران نەشتەرگەرییەکەی کرد.

ژیان وەک ڕەگەزگۆڕێک کاریگەریی دەروونی قورس لەسەر کەسەکە دادەنێ. باران کە هێشتا نەشتەرگەریی ناسککردنەوەی دەنگیشی ماوە، لەوبارەوە دەڵێ: "سەرەتا نەمدەزانی شتێک بە ناوی نەشتەرگەریی گۆڕینی ڕەگەز هەیە، هەر ئەوەش تووشی خەمۆکی کردبووم، بەڵام دواتر لەڕێی ئینتەرنێتەوە زانیم نەشتەرگەرییەکی وەها لە ئێران هەیە. لە خۆشیان نەمدەزانی چی بکەم".

بەڵام ژیانی ڕەگەزگۆڕەکان دوای نەشتەرگەریی ڕەگەزگۆڕکێش ئاسان نییە و ئەوجار دەبێ هۆکاری ڕەگەزگۆڕینەکەیان بۆ دەوروبەر ڕوون بکەنەوە. وەک باران دەڵێ: "دەمەوێ ڕابردووی خۆم لەبیربکەم، بۆیە هەموو وێنەکانی پێش ڕەگەزگۆڕکێی خۆمم سڕیوەتەوە، بەڵام هەر کاتێک دەچمە ناو خەڵکەوە، هەموو کەس پرسیاری ئەوەم لێدەکەن کە بۆچی ڕەگەزی خۆمم گۆڕی. بەم پرسیارە ڕێک خوێ بە زامەکانمدا دەکەن. یەکێک لە براکانم چیدی سەردانی ماڵی دایک و باوکم ناکات و لەگەڵ منیش قسەی نییە. کاتێک ئەو شتانە دەبینم، خەمۆکی دامدەگرێ".

> **ڕەگەزگۆڕێک:**
> دەمەوێ ڕابردووی خۆم لەبیر بکەم، بەڵام کۆمەڵگە ناهێڵێ



نیگار کە جووتڕەگەزە، لەلایەن کەسوکارییەوە ناچار بە هاوسەرگیری لەگەڵ کچێک کرابوو

دایکی باران ساڵی ڕابردوو کۆچی دوایی کرد، باران خۆی بە گوناهبار دەزانێ و دەڵێت: "من هۆکاری ئەوە بووم کە دایکم کێشەی دڵی بۆ دروست ببێ، چونکە ئەو بەردەوام نیگەرانی من بوو، بۆم دەگریا و دەیگوت بۆچی تەنیا کوڕەکەی ئەو دەبێ وەها دەرچووبێ. من گەورەترین پشت و پەنای خۆمم لەدەست چوو. ئێستا ڕۆژەکانم لە ماڵەوە بەڕێدەکەم، چونکە هێزی ئەوەم نەماوە بچمە هیچ شوێنێک. ئێستا ئەوەی دەمەوێ تەنیا پشتێکە، کەسێک کە هاوبەشم بێ".

باران هێشتاش هەوڵدەدات بە چاوێکی ئەرێنییەوە سەیری ژیانی خۆی بکات و پێیوایە ڕەگەزگۆڕەکان نابێ واز لە خەونەکانیان بهێنن.

### "ئامادەم بمرم"

ئێوارەیە و نیگار لە کەنار دەریاچەی مەریوان پیاسە دەکات، بەڵام هۆڕنی ئۆتۆمبێلەکان و تانە و تەشەری هەرزەکارەکان ئارامی و تەنیایی دەشێوێنن. ناوە فەرمییەکەی کاوەیە، بەڵام خۆی حەز ناکات بەو ناوە بانگ بکرێ.

نیگار گەنجێکی بە قەڵافەتی تەمەن 29 ساڵە، بەشێک لە قژی بەسەر دەموچاویدا بڵاوکردووەتەوە. کاتێک تەمەنی 18 ساڵ بوو، خێزانەکەی ناچاریان کرد لەگەڵ ئافرەتێک هاوسەرگیری بکات، بەڵکو لەو ڕێگەیەوە ببێ بە "پیاوێکی ئاسایی"، بەڵام دوای تەنیا چەند مانگێک هاوسەرگیرییەکەیان هەڵوەشایەوە. ئەو هیچکات ئەو چەند مانگەی بیر ناچێتەوە کە خۆی بە "دۆزەخ" ناوی دەبات: "ئامادەبووم بمرم و دەست لە هاوژینەکەم نەدەم. بەڵام دوای ماوەیەک ئەو خۆیشی هەستی بەوە کرد، بۆیە لە یەک جیابووینەوە".

نیگار کە لێوەکانی سوور کردووە و چاوەکانیشی بە ماکیاژ گەورە کردووە، باس لەوە دەکات کە بە منداڵی هەموو کات حەزی لەوە بووە لەگەڵ کچان یاری بکات، هەرچەند لەسەر ئەوە لێدانیشی خواردووە. نیگار لەوبارەوە دەڵێ: "خێزانەکەم لەسەر ئەوە زۆر لێیان دەدام، بەڵام چی بکەم من حەزم لەوە بوو. قێزم لە جلی کوڕانە دەبووەوە، بەڵام ناچاریان دەکردم ئەو جلانە لەبەر بکەم. هاوپۆلەکانم گاڵتەیان پێدەکردم. من چەند جارێک هەوڵی خۆکوشتنم داوە".

بەپێچەوانەی زۆر کەسی دیکە، نیگار بڕیاری داوە نەشتەرگەریی ڕەگەزگۆڕین نەکات، ئەوەش دوای ئەوەی چاوی بە کەسانێکی دیکە کەوت کە نەشتەرگەرییەکەیان کردووە و لە ئەنجامەکەی ڕازی نەبوونە.

> **جووتڕەگەزێک:**
> ڕەنگە لە چەند مانگی دابێت هەواڵی خۆکوشتنم بڵاوبێتەوە

پاش جیابوونەوەی لە هاوژینەکەی، نیگار ڕووی لە تاران کرد، بەڵام ئێستا گەڕاوەتەوە شارەکەی خۆی، لە کاتێکدا خێزانەکەی گەیشتوونەتە ئەو بڕوایەی ناتوانن بیگۆڕن. دوای گەڕانەوە بۆ مەریوان، نیگار نەیتوانی کار بدۆزێتەوە، چونکە بە گوتەی خۆی خاوەن کارەکان ئامادەنین کار بدەن بە کەسێکی جووتڕەگەز.

نیگار دەڵێ: "ڕووم لە هەر شوێنێک دەکرد، بە چاوی سووکەوە سەیریان دەکردم". دواجار دۆخی سەختی ئابووری و دابینکردنی بژێوی ناچاری کرد ڕوو لە لەشفرۆشی بکات، لە کاتێکدا "زۆر خەڵکی ئەم کۆمەڵگایە، پێیان باشترە لەگەڵ کەسێکی جووتڕەگەز بن، چونکە ئەوان بە بەراورد لەگەڵ ئافرەتان کێشەی کەمتر دروستدەکەن".

زۆربەی موشتەرییەکانی لە شارەکانی دیکەوە دێن و لە ڕێگەی ئەپلیکەیشنی (IMO) و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانی دیکەوە یەکدی دەناسن، چونکە "خەڵکی شارەکەی خۆت دەتناسن و دەکرێ کێشەت بۆ دروست بکەن".

بەڵام ئەو کارە مەترسییەکی زۆریشی تێدایە، وەک چۆن یەکێک لەو کەسانەی لە ڕێگەی ئینستاگرامەوە ناسیبووی، بە سەختی لێیدا.

نیگار دەڵێ "ئەو خۆی وەک کەسێکی باش دەردەخست و بەڵێنی دا بۆ هەتا هەتایە هاوڕێم بێ، وەهای دەردەخست کە لێم تێدەگات. خۆشحاڵ بووم بەوەی دواجار کەسێکم دۆزیوەتەوە کە بە دوایدا دەگەڕام".

بەڵام شەوێکیان ئەو کەسە دوو هاوڕێی دیکەی لەگەڵ خۆی هێنابوو: "ئەو ناچاری کردم لەگەڵ ئەوانیش بخەوم. دواتر دەستیان کرد بە لێدانم، ئەوەندەیان لێدام پێستی دەموچاوم تەقی، تەلەفۆن و پارەکەشمیان لێ دزیم".

### یاسایین، بەڵام قەبووڵکراو نین

پشکۆ ئەحمەدی، چالاکڤانی هاوڕەگەزخوازەکان کە ئێستا لە دەرەوەی وڵات دەژی، بە (ڕووداو)ی گوت کە ئێران کەمتر لە وڵاتانی دیکەی ئیسلامی بە چاوی دژایەتییەوە سەیری خەڵکانی جووتڕەگەز و ڕەگەزگۆڕ دەکات، چونکە ئایەتوڵڵا خومەینی، دامەزرێنەری کۆماری ئیسلامیی ئێران، لە فەتوایەکدا ڕێگەی بە گۆڕینی ڕەگەز دا.

ڕێکخراوی خۆشبژێوی ئێران نیوەی ئەو 2500 دۆلارەی داوە کە باران بۆ نەشتەرگەریی گۆڕینی ڕەگەز خەرجی کردووە، ئەوەش بەپێی یاسایەک کە ئەو ڕێکخراوە دەبێ نیوەی خەرجییەکانی گۆڕینی ڕەگەزی هاووڵاتیانی ئێران بدات. نیوەکەی دیکەی پارەکە خەڵکانی خێرخواز داویانە.

ئەحمەدی جەخت لەوە دەکاتەوە کە ئەگەرچی یاسا و فەتواکەی ئایەتوڵڵا خومەینی ڕێگە بە ڕەگەزگۆڕین دەدات، بەڵام کۆمەڵگای ئێرانی خەڵکانی جووتڕەگەز قەبووڵ ناکەن، پێشیوایە کێشەکە ئەوەیە: "نە کۆمەڵگای کوردی و نە کۆمەڵگای ئێران زانیارییان لەسەر ئەو بابەتە نییە، بۆیە خەڵکانی جووتڕەگەز بە لادەر لە نۆرمە کۆمەڵایەتییەکان و بە گوناهبار دەزانن".

بە بۆچوونی ئەحمەدی "ئەوە ڕاستییەکە کە کۆمەڵگای کوردیش دەبێ وەک هەموو کۆمەڵگاکانی دیکە نەک هەر جووتڕەگەزەکان قەبووڵ بکات، بەڵکو دان بە هەموو گروپە ڕەگەزییەکانی دیکەشدا بنێت".

نیگار لەسەر ڕووداوی لێدانەکە سکاڵای تۆمار کردووە و هەتا ئێستا چاوەڕێی ئەنجام دەکات. بەڵام وەک خۆی دەڵێ کێشەکانی ئەو بە یەکلابوونەوەی ئەو دۆسییە تەواو نابێ، چونکە "هەر بە ڕاستی لە هەموو شتێکی ئەم کۆمەڵگا دڕۆزنە و لە چارەنووسی خۆم ماندوو بووم. بە دووری مەزانە لە چەند مانگی داهاتوودا هەواڵی خۆکوشتنم بڵاو ببێتەوە".

> **چالاکڤانێکی هاوڕەگەزخوازان:**
> کۆمەڵگەی ئێرانی زانیارییان لەسەر جووتڕەگەزەکان نییە، بۆیە وەکو لادەر دەیانبینن

# داواکەیان بەجێ نەهێنا و خۆی سووتاند

**تریسکە شێرزاد**
**ڕووداو – کەرکووک**

وەردە پێویستی بە هەندێک پارە بوو، لە ماڵی دایکی بترازێ کەسی دیکەی شک نەدەبرد، بەڵام یەکێک لە خوشکەکانی ڕەتیدەکاتەوە پارە بدەنە وەردە، بۆیە کاتێک دەگەڕێتەوە ماڵەوە، ئاگر لە جەستەی بەردەدات. دوای ڕۆژێک مانەوە لە نەخۆشخانە، بەهۆی زۆریی سووتانەکەیەوە دەمرێ.

ڕۆژی 2020/1/20 ئافرەتێکی تەمەن 42 ساڵ بەناوی وەردە مەحموود، دانیشتووی گەڕەکی ئەڵماس لە شاری کەرکووک، لە نێو ماڵەکەیدا ئاگری لە جەستەی خۆی بەردا، بەهۆی زۆریی سووتانەکەی، ڕۆژی دواتر مرد.

عەمید ئەفراسیاو کامیل، گوتەبێژی پۆلیسی کەرکووک بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند: "لەلایەن نەخۆشخانەی ئازادی لە ڕووداوێکی خۆسووتاندنی ئافرەتان ئاگادار کراینەوە، تیمێکی پۆلیس چوونە نەخۆشخانە ئیفادەی ژنەکەیان وەرگرت. ئەو لە ئیفادەکەیدا دەڵێت هیچ کەسێک بەرپرس نییە لە خۆسووتاندنم، لە کاتی ڕووداوەکە دڵم توند بووە بۆیە ئاگرم لە خۆم بەردا".

ئەو ئافرەتە تەنیا ڕۆژێک لە نەخۆشخانە مایەوە و مرد. عەمید ئەفراسیاو دەڵێت ئیفادەیان لە مێردی ژنەکەش وەرگرتووە، ئەو دەڵێت لە کاتی ڕووداوەکە لە ماڵ نەبووە و نازانێ بۆچی خۆی سووتاندووە. کاتێکیش هەواڵی خۆسووتاندنی ژنەکەی زانیوە شۆک بووە، چونکە هیچ کێشەیەکیان نەبووە.

پۆلیس دەڵێت لە لێکۆڵینەوەکانیان بەردەوام دەبن تا ئەو کاتەی هۆکاری خۆسووتاندنی ژنەکەیان بۆ ڕوون دەبێتەوە.

(ڕووداو) پەیوەندی بە ئەشرەف خەلیل، هاوژینی وەردەوە کرد، بەڵام ئەو گوتی ئازاری لەدەستدانی هاوژینەکەی هێندە بەسوێیە، توانای قسەکردنی لەسەر ڕووداوەکە نییە.

مێردی وەردە گوتی :" هاوژینەکەم ماوەی دوو ساڵ بوو نەخۆش بوو، کێشەیەک لە منداڵدانی هەبوو دەیویست نەشتەرگەری بکات، بەڵام نەیکرد، ئەو چەند ڕۆژەی دوایی زۆر خەمی دەخوارد. لە نەخۆشییەکەی بێزار بوو بۆیە خۆی سووتاند".

بەڵام (ڕووداو) توانی لە ڕێگەی دراوسێیەکیانەوە کە ئاگاداری ژیانی وەردە بووە، زانیاری لەبارەی ژیانی وەردە و هۆکاری خۆسووتاندنەکەی وەربگرێ.

ئەو دراوسێیەی کە نەیویست ناوی بڵاوبکرێتەوە، گوتی: "وەردە خاوەنی پێنج منداڵ بوو (سێ کچ و دوو کوڕ). لەگەڵ ماڵی باوکی لە یەک گەڕەک بوون، هاوژینەکەی لە چێشتخانەیەک کار دەکات، هەندێک ڕۆژ تا سەعات یەکی شەو ناگەڕێتەوە".

بە گوتەی ئەو دراوسێیەیان، وەردە ماوەی دوو ساڵ بوو بە دەست نەخۆشییەوە دەیناڵاند، چەند جارێک سەردانی پزیشکی کردووە، دوایینجار چەند ڕۆژێک بەر لە خۆسووتاندنی بووە، پزیشک پێیگوتووە دەبێ نەشتەرگەری بۆ بکرێ، بەڵام پارەی نەشتەرگەرییەکەی نەبوو.

وەردە دوای ئەوەی لەلای پزیشکەکەی گەڕاوەتەوە، لەلای دراوسێکانی باسی ئەوەی کردووە کە نەخۆشییەکەی تەنیا بە نەشتەرگەری چاک دەبێتەوە، نەشتەرگەرییەکەش پێویستی بە 1600 دۆلار بووە، بەڵام وەردە ئەو پارەیەی نەبووە.



دراوسێکەی وەردە گوتی: "جگە لە ماڵی دایکی کەسی شک نەدەبرد داوای پارەیان لێ بکات، بۆیە چووبووە لای دایکی و داوای پارەی کردبوو، گوتبووی هەر کاتێک خانووەکەی میراتی باوکمتان فرۆشت، 1600 دۆلارەکە بگێڕنەوە، بەڵام خوشکێکی پێیدەڵێت ئێمە پارەمان نییە بیدەین بە تۆ".

ئەو دراوسێیەیان گوتیشی: "وەردە بەو قسەیە زۆر نیگەران بووە، کە گەڕابووەوە ماڵەوە یەکسەر ئاگری لە جەستەی خۆی بەردابوو".

لەگەڵ هاوار و قیژەی وەردە، دراوسێکانی ڕژابوونە ماڵەکەی، بینیبوویان یەکێک لە کچەکانی خەریکی کوژاندنەوەی ئاگری سەر جەستەی دایکیەتی، بەو هۆیەوە هەر دوو دەستەکانی و قاچێکیشی سووتابوون. دراوسێکیان بە پەلە وەردەیان گەیاندبووە نەخۆشخانەی ئازادی لە شاری کەرکووک. بەڵام پزیشکەکان نەیانتوانی ڕزگاری بکەن، چونکە ڕێژەی سووتانەکەی پتر لە 95% بووە.

سەبارەت بە هۆکاری خۆسووتاندنی ئەو ژنە کە ئایا تەنیا لەبەر ئەوە بووە دایکی پارەی نەداوەتێ، یان لەبەر هۆکاری دیکە بووە، ئەو دراوسێیەی ماڵی وەردە گوتی "ئەو کاتەی لە نەخۆشخانە بوو، یەکێک لە دراوسێیەکان چووەتە لای لێی پرسیوە، بۆچی خۆت سووتاند، کێشەت لەگەڵ کێ هەبوو؟ ئەویش گوتبووی، چووم بۆ ماڵی دایکم داوای پارەم کرد، بەڵام خوشکەکەم گوتی پارەمان نییە بتدەینێ، منیش هاتمەوە ماڵەوە دڵم زۆر توند بوو، نازانم چۆن ئاگرم لە جەستەم بەردا، هەستم دەکرد یەکێک بە دەنگی بەرز هاواری دەکرد خۆت بسووتێنە، منیش نەوتم هێنا و ئاگرم لە جەستەی خۆم بەردا."

وەردە باسی لەوەش کردبوو کە ئەو کێشەی لەگەڵ کەس نییە، هاوژینەکەشی زۆر بۆی باش بووە و قەت دڵی نەشکاندووە، بەڵام ماڵی دایکی دڵیان شکاند، لەگەڵ ئەوەشدا گوتبووی زۆر پەشیمانم و ئەگەر مردم ئاگاتان لە منداڵەکانم بێ.

بەپێی ئاماری پۆلیس

# لە دوو ساڵی ڕابردوودا 171 کرێکاری بیانی لە کوردستان مردوون

**5 کرێکاری ژن و 14 کرێکاری پیاوی بیانی خۆیان کوشتووە**



30 هەزار کرێکاری بیانی لە هەرێمی کوردستان

(فۆتۆ: ڕووداو)

دیمەن بورهان
ڕووداو – هەولێر

بەپێی ئامارێکی بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی هەرێمی کوردستان، لە ماوەی دوو ساڵی ڕابردوودا 171 کرێکاری بیانی لە هەرێمی کوردستان مردوون. کە لەنێویاندا 25 ئافرەتی تێدایە، بەشێک لەوانە کوژراون یان خۆیان کوشتووە، زۆربەشیان بە جەڵتەی دڵ مردوون.

مۆنتی لامبو، کچێکی تەمەن 31 ساڵی نیپاڵییە، ماوەی پێنج ساڵە بۆ کارکردن لە هەرێمی کوردستانە و لە ماڵێکدا خزمەتکارە، ئەو چیرۆکی خۆخنکاندنی دامایای هاوڕێی بۆ (ڕووداو) گێڕایەوە و گوتی: "لەگەڵ دامایا لە قۆناغی سەرەتایی هاوپۆل بووین، دوای وازهێنانم لە قوتابخانە، ئیتر لە نیپاڵ نەمبینییەوە، ساڵی 2017 بەڕێکەوت لە مۆڵێکی هەولێر بینیم، زۆر دڵخۆش بووم، وەک بڵێی یەکێک لە ئەندامانی خێزانەکەم بێت".

مۆنتی ئێستا دڵی خۆزگە هاوڕێکەمم هەر نەبینیبایەوە، چونکە: "دامایا ژنێکی داڕووخاو و دایکێکی بەدبەخت بوو، خاوەنی دوو منداڵ بوو، کچەکەی ئۆتیزمی هەبوو، بۆ دابینکردنی بژێوی ژیانیان هاتبووە کوردستان، بەڵام لێرە پارەی کەمی دەستدەکەوت کە بەشی چارەسەری کچەکەی نەدەکرد، قەرزداری و دووری لە منداڵەکانی تەواو بێهیوایان کردبوو، بۆیە ساڵی 2018 لەو ماڵەی کاری لێدەکرد، خۆی خنکاند".

دوای چەند هەفتەیەک، بەهاوکاریی ئەو کۆمپانیایەی بۆ کار هێنابووی و خاوەنی ئەو ماڵەی کاری تێدا دەکرد، تەرمی دامایا نێردرایەوە بۆ نیپاڵ.

**لەو 171 کرێکارە بیانییەی لە کوردستان مردوون، 25یان لە ڕەگەزی مێن کە یەکێکیان کچێکی 6 ساڵانە**

## ڕۆژێک بۆ دەردەدڵی

کرێکارە نیپاڵییەکان ڕۆژێکیان بۆ دەردەدڵ تەرخان کردووە، چیرۆکی سەیر لەنێوان خۆیاندا باس دەکەن. وەک مۆنتی دەڵێت: "لەگەڵ هاوڕێکانم مانگی ڕۆژێک دەهاتینە دەرەوە و کۆدەبووینەوە، هەریەکە بە خەمێکەوە ئازار دەچێژین، هاوڕێکانمان باسیان لەوە دەکرد کە چۆن چەندین جار لەلایەن خاوەن کارەکانیانەوە دەستدرێژییان کراوەتە سەر، هەندێکیان هەوڵی خۆکوشتنیان دابوو".

مۆنتی لە مامەڵەی ئەو خێزانانەی کرێکارە بیانییەکانیان لەخۆگرتووە نیگەرانە و دەڵێ: "لێرە زۆربەمان بەتایبەت ڕەشپێستەکان، وەک کۆیلەیەک سەیر دەکرێین، زۆربەی هاوڕێکانم بەم هەڵسوکەوتە ئازاری دەروونی دەچێژن، ئەمەش یەکێکە لەو هۆکارە سەرەکیانەی کە وادەکات کرێکارە بیانییەکان بە ژن و پیاوەوە خۆیان بکوژن".

تانیا کچێکی دیکەی نیپاڵییە و ماوەی 2 ساڵە بۆ کارکردن هاتووەتە هەولێر، ئەو بەپێچەوانەی مۆنتی بە (ڕووداو)ی گوت: "ئەگەر بەپێی دابونەریتی ئەو خێزانانەی کاریان بۆ دەکەین هەڵسوکەوت بکەین و کاری بەدڕەوشتی نەکەین، ڕووبەڕووی هیچ کێشەیەک نابینەوە، ئێمەش بۆ گەشت نەهاتووین، بۆ کارکردن هاتووین و دەبێت بەرگەی ناڕەحەتییەکانیش بگرین".

**14 کرێکاری پیاو و 2 ژنی کرێکاری بیانی کوژراون**

## 171 کرێکاری بیانی مردوون

بەپێی ئاماری پۆلیسی هەرێمی کوردستان، لە دوو ساڵی ڕابردوودا 171 کرێکاری بیانی لە هەرێمی کوردستان بەهۆکاری جیاجیا گیانیان لەدەستداوە.

لە ساڵی 2018 و 2019 لە پارێزگای دهۆک 37 حاڵەتی مردن تۆمارکراوە کە زۆربەیان کرێکاری سووری و ئێرانی و تورکی بوون، 34 لەو کرێکارانە بەهۆی نەخۆشی، جەڵتە، تەزووی کارەبا و کەوتنەخوارەوە لە باڵەخانە و ڕووداوی هاتوچۆ مردوون، سێ کرێکاریش (دوو نێر و یەک مێ) خۆیان خنکاندووە.

لە پارێزگای هەولێر لە دوو ساڵی ڕابردوودا 38 حاڵەتی گیانلەدەستدانی کرێکاری بیانی تۆمارکراوە.

لە 2018دا 10 کرێکار گیانیان لەدەستداوە کە حەوتیان بەهۆی نەخۆشی و بەتایبەت بەهۆی جەڵتە بووە، 2 ژنیش کە ڕەگەزنامەیان سووری و نیپاڵییە بە پەت خۆیان خنکاندووە، ژنێکی دیکەی نیپاڵیش لەنێو ماڵی خاوەن کارەکەی لەلایەن دزێکەوە کوژرا.

لە ساڵی 2019 حاڵەتی خۆکوشتن و مردنی کرێکارە بیانییەکان لە هەولێر زیادی کردووە بۆ 28 حاڵەت کە هەشت لەوانە خۆکوشتن بوون، (دوو ژن و شەش پیاو) چواریان سووری بوون، ئەوانی دیکەش ئێرانی، نیپاڵی، فلیپینی و بەریتانی. هەروەها کرێکارێکی نیپاڵیش لە شارۆچکەی عەنکاوە لەسەر شەقام بە چەقۆ کوژراوە، ژنێکی تورکیش گومانی کوژرانی لێدەکرێ. کرێکارێکی بەنگلادشیش لەکاتی پاککردنەوەی تەنەکەی خۆڵی هاووڵاتییەک کە بۆمبێکی تێدا دانرابوو، مردووە. هۆکاری مردنی 17 کرێکارەکەی دیکەش جەڵتە، تەزووی کارەبا، کەوتنەخوارەلە شوێنی کار و، ڕووداوی هاتوچۆ بووە.

زۆرترین حاڵەتی گیانلەدەستدانی کرێکاری بیانی لە سنووری پارێزگای سلێمانی بووە کە بەپێی ئامارەکەی پۆلیسی هەرێم، لەو دوو ساڵەدا 66 حاڵەت بووە، بەڵام هیچ حاڵەتێکی کوشتن و خۆکوشتنی کرێکارانی ئافرەتی تێدا نییە.

بەپێی ئامارەکە، لە ساڵی 2018دا 29 کرێکاری بیانی لە سلێمانی گیانیان لەدەستداوە، تەنیا یەکێکیان لە ڕەگەزی مێیە کە کچێکی شەش ساڵانی سوورییە و بە ڕووداوی هاتوچۆ مردووە. چوار کرێکاریش کوژراون کە سووری، ئێرانی و نیپاڵین، گەنجێکی ئێرانییش خۆی کوشتووە. 24 حاڵەتەکەی دیکەش بەهۆی ڕووداوی هاتوچۆ، جەڵتە، تەقینەوەی مین، تەزووی کارەبا و کەوتنەخوارەوە لە باڵەخانە بووە.

**جەڵتەی دڵ هۆکارێکی سەرەکی مردنی کرێکارانی بیانییە لە کوردستان**

بەڵام لە ساڵی 2019دا 37 کرێکاری بیانی لە سلێمانی گیانیان لەدەستداوە، تەنیا یەکێکیان لە ڕەگەزی مێیە، ژنێکی فلیپینییە و بە ڕووداوی هاتوچۆ مردووە. سێ کرێکاریش بە چەقۆ کوژراون، و سێ کرێکاری دیکەش خۆیان کوشتووە کە دوویان خۆهەڵواسین بووە بە پەت. 31 حاڵەتەکەی دیکەش بەهۆی ڕووداوی هاتوچۆ، جەڵتە، تەقینەوەی مین، تەزووی کارەبا و کەوتنەخوارەوە لە باڵەخانە بووە.

لە قەزا و ناحیەکانیشدا زۆرترین حاڵەتی گیانلەدەستدان لە قەزای سۆران بووە. لە ماوەی ئەو دوو ساڵەدا 19 حاڵەت تۆمارکراوە.

لە ساڵی 2018 شەش حاڵەتی مردن لە قەزاکە تۆمارکراون کە بەهۆی خنکان، ڕووداوی هاتوچۆ و کەوتنەخوارەوە لەسەر باڵەخانە بووە.

ساڵی 2019ش 13 حاڵەتی مردن هەبووە، 4 حاڵەتیان کوشتن بووە، دوو لەوانە بەهۆی کێشەی کۆمەڵایەتی بووە، دووانیشیان بەهۆی تەقەی پاسدارانی ئێرانی و پەکەکە لەسەر سنوور کوژراون، 5 حاڵەتی ڕەقبوونەوەش لەسەر سنووری تورکیا هەبووە، ئەوانی دیکەش بەهۆی نەخۆشی، خنکان لە ئاو و هۆکاری نادیار مردوون.

ساڵی 2019 لە گەرمیان تەنیا دوو حاڵەتی سووتانی کرێکاری بیانی لەنێو کابینەیەکدا تۆمارکراون کە ئەوانیش سوورین و لە ڕەگەزی نێرن.

بەڵام هەر لەو ساڵەدا لە ڕاپەڕین 6 حاڵەتی مردن تۆمارکراون، دوو لەوان کە فینلەندی و بەریتانین و لە ڕەگەزی نێرن، خۆیان کوشتووە.

هەر لە ڕاپەڕین و لە ساڵی 2018، دوو حاڵەتی سووتان و یەک ڕووداوی کوشتن هەبووە کە هەرسێکیان ئێرانین و نێرن.

بەپێی ئامارەکەی پۆلیسی هەرێم، لەکۆی ئەو 171 کرێکارە بیانییەی لە کوردستان مردوون، 25یان لە ڕەگەزی مێن کەیەکێکیان کچێکی تەمەن 6 ساڵانە.

## جەڵتەی دڵ هۆکاری یەکەمی مردنە

جەڵتەی دڵ هۆکاری مردنی زۆربەی کرێکارانی بیانییە لە هەرێمی کوردستان، بەگوتەی زۆربەی ئەو کرێکارە بیانییانەی بۆ (ڕووداو) قسەیان کردووە، هەژاری و خەمخواردن لە دووریی لە خێزانەکانیان، هۆکارە بۆ تووشبوونیان بە جەڵتە.

ڕەزا ڕەحمانی کە 9 ساڵە لە مهابادەوە بۆ کارکردن هاتووەتە سلێمانی، بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند: "لە ماوەی کارکردنم زیاتر لە 50 کرێکاری ئێرانی لە سلێمانی مردوون، هەندێکیان بەهۆی کەوتنە خوارە لەسەر بینا و تەزووی کارەبا بووە، بەڵام زۆربەیان بەهۆی جەڵتەی دڵ مردوون، ئەمەش لەبەر خۆشگوزەرانی و خواردنی چەور نییە، بۆ خراپیی باری ئابووری و خەمی دووری لە کەسوکاریان دەگەڕێتەوە، کرێکار هەیە ڕۆژ تا ئێوارە دینارێکی دەستناکەوێ، پارەی نان و شوێنی خەوی نییە، شەو لەسەر شەقامەکان دەکاتەوە، چۆن جەڵتە لێی نادات؟!"

ڕەزا لە کارەکەی ڕازی نییە و دەڵێت: "بەهۆی کەمیی ئامێر و پێداویستیی کارکردن، ڕۆژ لەدوای ڕۆژ حاڵەتەکانی مردنی کرێکارانی بیانی زیاتر دەبێت، ڕۆژانە کیسە چیمەنتۆ و بلۆک بۆ باڵەخانەی 10 نهۆمی سەردەخەین، لەکاتی کارکردندا هەردوو پێ و دەستم شکاوە و چەند جارێک لە مردن ڕزگارم بووە".

## 30 هەزار کرێکاری بیانی لە کوردستان

بەپێی بەدواداچوونی ڕێکخراوێکی داکۆکیکار لە مافی کرێکارانی بیانی، ئەو کرێکارانە بازرگانییان پێوە دەکرێت و بەرەوڕووی دەستدرێژیش دەبنەوە.

محەممەد هەژار، سکرتێری ڕێکخراوی ڕۆشنبیری و داکۆکیکار لە مافی کرێکارانی بیانی بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند: "لە هەرێمی کوردستان نزیکەی 30 هەزار کرێکاری بیانی هەن، لەڕێگەی 163 کۆمپانیاوە بە فەرمی و بە قاچاخ بۆ کارکردن هێنراونەتە کوردستان، هەندێک لە کۆمپانیاکان بازرگانی بەو کرێکارانەوە دەکەن، چەندین کەیسی وا لە ڕێکخراوەکەی ئێمە تۆمارکراون و لە چەند ڕۆژی داهاتوودا ئامارەکان ڕادەگەیەنین".

محەممەد هەژار گوتیشی: "ئەو پێشێلکاریانەی بەرامبەر کرێکارە بیانییەکان دەکرێن، زۆرترینی بریتین لە لێدان و ئەشکەنجەدان، دەستبەسەرداگرتنی پاسپۆرت، بەندکردن، پێنەدانی کرێی کار، دەستدرێژی و بازرگانیکردن پێیانەوە".

محەممەد هەژار کە ماوەیەک لەمەوبەر وەزیری کاری بینیوە، نامەیەکی داوەتێ بۆ ئەوەی بیگەیەنێتە دەستی سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران کە چەند داواکارییەکی بۆ پشتگیری لە کرێکارانی بیانی تێدایە.

لەبارەی خراپیی بارودۆخی کرێکارانی بیانی لە هەرێمی کوردستان، کوێستان محەممەد، وەزیری کار و کاروباری کۆمەڵایەتی گوتی: "بە دوو ڕێگە کرێکاری بیانی دەهێنرێنە کوردستان: ڕێگای یاسایی کە لەڕێگەی کۆمپانیا و بەپێی گرێبەست دێن، ئەمانە هەر کێشەیەکیان هەبێت بەدواداچوونی بۆ دەکەین. هەروەها بەڕێگای قاچاخیش کرێکار لە بەغدا و وڵاتانەوە بەبیانووی گەشتکردن دەهێنرێن".

**لە کوردستان وەک کۆیلە سەیری کرێکارانی بیانی دەکرێت**

کرێکارێکی بیانی

---

دوای بڵاوبوونەوەی گرتەیەکی ڤیدیۆیی

# داواکاری گشتی دۆسیەیەکی داخراوی تاوان هەڵدەداتەوە



مەسعود ڕەمەزان دەڵێت بەهۆی ئەو ڕووداوەوە تاوەکو ئێستاش لەنێو جێگەدا کەوتووە

شکار ئەحمەد
ڕووداو – هەولێر

بەهۆی بڵاوبوونەوەی گرتەیەکی ڤیدیۆیی، داواکاری گشتی دۆسیەیەکی داخراوی دادگا هەڵدەداتەوە، دوای دەستگیرکردنی تۆمەتبارەکە، لە چەند ڕۆژی ڕابردوودا دووبارە ئازادکرایەوە، بەڵام ڕێکخراوێکی مافی مرۆڤ پێیوایە تۆمەتبار مەبەستی کوشتنی تاوانلێکراوی هەبووە، بۆیە ئەوانیش سکاڵای لەسەر تۆمار دەکەن.

ڕۆژی 2019/6/10 لەبەردەم هۆتێلێک لە نزیک شارۆچکەی عەنکاوە، شوفێرێک بە ئەنقەست ئاوارەیەکی ڕۆژئاوای کوردستان بەناوی مەسعود ڕەمەزان دەشێلێت و دەڕوات. لەبارەی ڕووداوەکە، مەسعود بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند: "ئەو ڕۆژە بۆ وەرگرتنەوەی قەرزێک لە هاوڕێیەکم چوومە هۆتێلەکە، لەکاتی هاتنە دەرەوە شوفێرێک کە ئۆتۆمبێلێکی بەرزی پێبوو، بەرەوڕووم هات، من هەڵاتم و خۆی کێشا بە دەروازەی هۆتێلەکەدا، منیش تووڕە بووم و بەردێکم تێگرت، دووبارە بەرەوڕووم هاتەوە و شێلامی، بە سەختی بریندار کردم و بەجێیهێشتم".

شوفێرەکە ناوی محەممەد هادییە و بە گوتەی ئەو گەنجە، یەکەم جاری بووە بیبینێ، مەسعود پێیوایە ئەو کەسە ویستوویەتی بیکوژێ، چونکە پێشتر لەنێو هۆتێلەکە بووەتە دەمەقاڵەی لەگەڵ پاسەوانەکانی هوتێلەکە و لێیانداوە. محەممەد دەڵێت: "لە ڕووداوەکەدا قاچێکم سەقەت بوو، لووتم و دوو پەراسووم شکان، هەموو گیانم وێران بوو، ئێستاش لەسەر جێگا کەوتووم".

دوای زیاتر لە سێ مانگ تۆمەتبارەکە دەستگیر دەکرێ، مەسعود دەڵێ: "ڕۆژی 2019/9/31 محەممەد دەستگیرکرا، بڕیار بوو 40 هەزار دۆلارم وەک قەرەبوو بداتێ، بەڵام کەسوکارەکەی هاتنە ماڵ و داوای سوڵحیان کرد، لەبەرئەوەی ئەویش خێزان و منداڵی هەبوو، تەنیا داوای تێچووی چارەسەرییەکەم لێکردنەوە، لەسەر 7 هەزار و 700 دۆلار ڕێککەوتین، 3 هەزار دۆلاریان پێدام، گوتیان دوای کشاندنەوەی سکاڵاکە و ئازادبوونی محەممەد پارەکەی دیکەشت دەدەینێ، بۆیە سکاڵاکەم کشاندەوە و محەممەد ئازاد کرا، بەڵام بەڵێنەکەیان نەبردە سەر و پارەکەیان نەدا".

مەسعود ڕەمەزان ماوەی 7 ساڵە هاتووەتە هەولێر و لەگەڵ هاوژین و سێ منداڵەکەی لە کەمپێکی هەولێر نیشتەجێیە. ئەو گوتی: "پێشتر کرێکاریم دەکرد، چەند ڕۆژێک بوو دەمویست خواردنگەیەک دابنێم و کاربکەم، هەموو کارەکانم کردبوو، بەڵام بەهۆی ڕووداوەکە کارەکەم لەدەستدا، ئێستاش لەسەر جێگا کەوتووم و هەرچی هەمبوو لە چارەسەری برینداریيەکەم خەرج کردووە".

بەڵام برایەکی محەممەد هادی ڕووداوەکە بەجۆرێکی دیکە باس دەکات. پوشۆ هادی بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند: "محەممەد قاچی چەپی 10 سانتیمەتر کورتە، بەشێکی جەستەی پلاتینە، شەبەکە و باڵۆنی بۆ دانراوە، ڕۆژی ڕووداوەکە لە چێشتخانەی هۆتێلەکە داوای پارەی زیادیان لێکردبوو، ئەویش قبووڵی نەکردبوو، بۆیە بە شەش پاسەوان لێیاندابوو، ئەویش وەک کاردانەوەیەک ویستبووی بە ئۆتۆمبێلەکەی بچێتە نێو هۆتێلەکە، ئەو گەنجەی شێلابوو".

پوشۆ گوتیشی: "بە 3 هەزار دۆلار سوڵحمان لەگەڵ گەنجەکە کرد و پارەکەمان دا، داوای هیچ بڕە پارەیەکی دیکەشی نەکردووە، ئەو گەنجە سکاڵاکەی لەدژی براکەم کشاندەوە و ڕۆژی 2019/10/7 ئازاد کرا، ڕۆژی 2019/10/23 دادگای لێکۆڵینەوە دۆسیەکەی داخست".

بڵاوبوونەوەی گرتەی ڤیدیۆیی ڕووداوەکە لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان دووبارە دۆسیەکەی زیندوو کردەوە. پوشۆ دەڵێ: "بەهۆی ئەو گرتە ڤیدیۆییە داواکاری گشتی دۆسیەکەیان لە دادگا زیندووکردەوە، گەنجەکە دووبارە سکاڵای لەدژی براکەم تۆمارکردەوە و دەستگیرکرایەوە، ماوەی مانگێک و نیو لە زیندان بوو، لەکاتێکدا ئەم دۆسیەیە داخرابوو، هیچ کێشەیەکمان لەگەڵ گەنجەکە نەمابوو".

بەگوتەی پارێزەری دۆسیەی محەممەد هادی، گرتە ڤیدیۆییەکی دیکەی نێو هۆتێلەکەیان دەستکەوتووە کە بە شەش کەس لە محەممەد و خزمێکی دەدەن. خەلیل یاسین بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند: "بەپێی گرتە ڤیدیۆییەکە محەممەد و خزمێکی بەناوی ئەحمەد لەنێو هۆتێلەکە گێچەڵیان پێدەکرێت و داوای پارەیان لێدەکەن، دواتر بە شەش کەس لێیاندەدەن، محەممەد هەڵدێت و خزمەکەی لە ژوورەوە دەمێنێتەوە".

خەلیل دەشڵێ: "محەممەد بۆ دەربازکردنی ئەحمەد، خۆی بە دەروازەی هۆتێلەکەدا دەکێشێت، لەوکاتەدا سکیوریتییەک تەقە دەکات و محەممەد دەشێوێت، دووبارە بەرەو دەروازەی هۆتێلەکە دەچێتەوە. ئەو گەنجە دەکەوێتە ژێر ئۆتۆمبێلەکە، ئەگەرنا محەممەد هیچ نیازێکی کوشتنی ئەوی نەبووە".

دوای بڵاوبوونەوەی گرتە ڤیدیۆییەکە، دووبارە محەممەد هادی دەستگیردەکرێتەوە. پارێزەرەکەشی دەڵێ: "داواکاری گشتی بەبیانووی ئەوەی دۆسیەکە مافی گشتی تێدایە، تانەی لە بڕیاری دادگا دا کە دۆسیەکەی داخستبوو، بۆیە محەممەد بەپێی ماددەکانی 405 و 31 لە یاسای سزادانی عێراقی دووبارە دەستگیرکرا، دۆسیەکەشی ڕەوانەی دادگای تاوان کرا".

لە چەند ڕۆژی ڕابردوودا بۆ جاری دووەم محەممەد هادی ئازاد کرایەوە، بۆیە مەسعود سکاڵای لەدژی تۆمار کردووەتەوە. ڕێکخراوێکی مافی مرۆڤیش دەیەوێت سکاڵا تۆمار بکات. ڕەشید عەلی، سەرۆکی ڕێکخراوی ژیانی ڕۆژ بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند: "محەممەد بە ئۆتۆمبێلەکەی بەنیازی کوشتن مەسعودی شێلاوە، ئەمەش تاوانێکی بەئەنقەستە و مافی گشتی دەیگرێتەوە".

سەرۆکی ڕێکخراوی ژیانی ڕۆژ گوتیشی: "ئەوکاتەی محەممەد هادی دەستگیرکرابوو، کەسوکارەکەی لەگەڵ مەسعود سوڵحیان کرد، بڕی 3 هەزار دۆلاریان پێدابوو، گوتیشیان خەرجی هەموو دەرمان و چارەسەرێکیشی لەئەستۆ دەگرین کە پێویستی بێت، بەڵام بەڵێنەکەیان بەجێ نەهێنا، لەبەرئەوەی ئاوارە و بێکەسە دەیانەوێت غەدری لێبکەن، بۆیە ئێمە سکاڵا لەدژی محەممەد هادی تۆمار دەکەین و تاوەکو هەموو مافێکی بۆ نەگەڕێننەوە دەستبەرداری دۆسیەکەی نابین".

بەگوتەی کەسوکارەکەیان، ئەمجارە محەممەد هادیش سکاڵا تۆمار دەکات. خەلیل گوتی: "کەسوکاری محەممەد دەیانویست کێشەکە کۆتایی بێت، بەڵام ئەوان وازیان نەهێنا، بۆیە بڕیاریان داوە سکاڵا لەدژی ئەو شەش سیکوریتییە تۆمار بکەن کە لێیانداوە، چونکە پێیوایە ئەوان غەدریان لێکردووە و هۆکاری کێشەکە بوون".

# بۆ هەر بەرمیلێک نەوت 10 هەزار دینار زیاتر لە خەڵک وەردەگیرێ

شکار ئەحمەد
ڕووداو – هەولێر

سەرۆکی دوو لیژنە لە ئەنجوومەنی پارێزگاکانی هەولێر و سلێمانی بەدواداچوون بۆ ئەو پارەیە دەکەن کە حکومەت لە بەرامبەر دابەشکردنی نەوتی سپی لە هاووڵاتیانی وەردەگرێ. ئەوان وەرگرتنی پارەکە بە "نایاسایی" دەزانن، بەڵام بەڕێوەبەری نەوت و کانزاکانی هەولێر دەڵێت ئەگەر ئەو نەوتەی حکومەت لە بازاڕ دەیکڕێتەوە هەژمار بکرێ، نرخی نەوتەکە لەسەر خەڵک زۆر زیاتر دەکەوێ لەوەی کە بەغدا دایناوە.

نافیز مستەفا ناوپردانی، سەرۆکی لیژنەی پیشەسازی و سامانە سرووشتییەکان لە ئەنجوومەنی پارێزگای هەولێر بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند: "ئەو پارەیەی حکومەت لە هاووڵاتیانی وەردەگرێت زیاترە لەو نرخەی کە حکومەتی عێراق دیاریکردووە، پێشتر نرخی 51 هەزار دینار بۆ هەر بەرمیلێک دیاریکرابوو، بە بڕیاری پارێزگاری هەولێر 5 هەزار کەمکرایەوە".

بەقسەی ناوپردانی "حکومەتی عێراق نەوتەکە بە 33 هەزار دینار دەداتە هەرێمی کوردستان، 3000 دیناریش کرێی گواستنەوەیە و تێچووەکەی دەبێتە 36 هەزار دینار، بەڵام حکومەت 46 هەزار دینار بۆ هەر بەرمیلێک نەوت وەردەگرێت، ئەو پارە زیادەیە کە وەردەگیرێت نایاساییە، نابێت بێجگە لە کرێی گواستنەوە هیچ بڕە پارەیەکی دیکەی بخرێتە سەر".

لە مانگی 9ی ساڵی ڕابردووەوە دەست بە دابەشکردنی نەوتی سپی بەسەر ماڵاندا کراوە، بەڵام نافیز ناوپردانی دەڵێ: "پرۆسەکە زۆر بە سستی بەڕێوەدەچێت، تەنیا لە ناوچە شاخاوییەکان نەوتی سپی دابەشکراوە. بۆیە هەفتەی داهاتوو لە ئەنجوومەنی پارێزگا بەدواداچوون بۆ هۆکاری سستیی پرۆسەکە و نرخەکەشی دەکەین. هەر کەمتەرخەمی و کارێکی نایاسایی لە پرۆسەکەدا هەبێت، بە ڕاپۆرتێک دەیدەینە لایەنە پەیوەندیدارەکان بۆ ئەوەی بەدواداچوونی بۆ بکرێت".

> ئەندامێکی ئەنجوومەنی پارێزگای سلێمانی:
> حکومەت بازرگانی نایاسایی بەو نەوتەوە دەکات کە بۆ هاووڵاتیان دێت

حکومەت دان بەوەدا دەنێت کە پارەی زیاتر لە هاووڵاتیان وەردەگیرێت، بەڵام دەڵێن قازانجێکی ئەوتۆ ناکەن. ئاری کاکەشین، بەڕێوەبەری نەوت و کانزاکانی هەولێر بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند: "ڕاستە لە بەغدا 33 هەزار دینار دیاریکراوە بۆ 216 لیتر، بەڵام لە کەرکووکەوە تا کۆگاکانمان لە هەولێر کرێی گواستنەوەی دەچێتە سەر، جارێ پارەکەمان نەداوە، بۆیە نازانین چەندە، بەڵام نزیکەی 3000 دینارێک دەبێت. 2500 دیناریش کرێ دەدەین تا دەگاتە ناوچە شاخاوییەکان".

ئاری کاکەشین گوتیشی: "ئەو بڕە نەوتەی دەگاتە ئێمە هەمان بڕە نەوت نییە کە دابەشی دەکەین و کەم دەکات، هەر تەنکەرێک 36 هەزار لیتر نەوتی تێدایە، 35 هەزار و 700 لیتری دەردەچێت، ئەو 300 لیترە زیان دەکەین، بۆیە ڕاستە بڕی تێچووەکەی ناگاتە ئەوە بڕەی لە هاووڵاتیان وەردەگیرێت، بەڵام حکومەتی هەرێمی کوردستان قازانجێکی واشی دەستناکەوێت، چاویشمان لەو قازانجە نییە کە لە هاووڵاتیانی وەردەگرین".

بەگوتەی ئەو بەرپرسەی نەوت و کانزاکان لە هەولێر، حکومەتی عێراق بڕێکی کەم نەوت بۆ هەولێر دەنێرێت: "حکومەتی عێراق تەنیا 60%ی ئەو نەوتەی ناردووە کە بۆ ناوچە شاخاوییەکان لە سنووری پارێزگای هەولێر پێویستە، بەڵام لە سلێمانی و دهۆک زیاتر لەو بڕەی کە پێویستە نێردراوە، واتە ئەگەر پێویستیان بە 15 ملیۆن لیتر بێت، 20 ملیۆن لیتریان بۆ نێردراوە".

ئاری کاکەشین دەشڵێ: "ئەو نەوتەی بۆ ناوچە شاخاوییەکانی هەولێر پێویستە 9 ملیۆن لیتر بووە و حکومەتی هەرێمی کوردستان بە نرخێکی زۆر گرانتر لە بازاڕ کڕیویەتیەوە، بۆیە ئەگەر هەردووکیان بەیەکەوە حیساب بکرێ، بەرمیلێک نەوت بە 70 هەزار دینار لەسەر حکومەت دەکەوێ، بەڵام نرخەکە لەسەر هاووڵاتییان زیاد نەکراوە و بەهەمان نرخی ئەو نەوتە دابەشکراوە کە حکومەتی عێراق ناردوویەتی".



لە مانگی 9ی ساڵی ڕابردووەوە دەست بە دابەشکردنی نەوتی سپی بەسەر ماڵاندا کراوە (فۆتۆ: ڕووداو)

> ئەندامێکی ئەنجوومەنی پارێزگای هەولێر:
> تێچووی هەر بەرمیلێک نەوت 36 هەزار دینارە، بەڵام حکومەت 46 هەزار دینار وەردەگرێ

بەگوتەی سەرۆکی لیژنەی پیشەسازی و بازرگانی لە ئەنجوومەنی پارێزگای سلێمانیش، حکومەتی هەرێمی کوردستان زیاتر لە 2 ملیار و 300 ملیۆن دینار قازانجی لەو بەشە نەوتە دەستدەکەوێت کە حکومەتی عێراق دەینێرێت. کەریم عەلی دەڵێ: "ئەو بڕە نەوتەی عێراق دەینێرێت 50 ملیۆن لیترە، حکومەتی عێراق لیتری بە 150 دینار دەداتە هاووڵاتیان و بەرمیلێک 33 هەزار دینار دەکەوێت، کەمتر لە 3 هەزار دیناریش کرێی گواستنەوەی دەچێتە سەر، بەڵام لێرە بە 46 هەزار دینار دابەش دەکرێت".

کەریم عەلی پێیوایە حکومەت بازرگانی بە نەوتی ماڵانەوە دەکات و دەڵێ: "26 ملیۆن لیتر بەر پارێزگای سلێمانی و هەڵەبجە دەکەوێ، تەنیا لەو سنوورە حکومەتی هەرێمی کوردستان زیاتر لە ملیارێک و 200 ملیۆن دیناری دەستدەکەوێت، لە 50 ملیۆن لیترەکەش زیاتر لە 2 ملیار و 300 ملیۆن دیناری دەستدەکەوێت، ئەمەش بازرگانییەکی نایاساییە کە حکومەتی هەرێمی کوردستان بەو نەوتەوە دەیکات".

---

## وەبەرهێنانی سلێمانی ئاگادارکراوەتەوە

# لە پرۆژەکانی نیشتەجێبوون "بە نایاسایی" پارە وەردەگیرێت

شکار ئەحمەد
ڕووداو – هەولێر

سەرۆکی لیژنەی پلان و پرۆژەکان لە ئەنجوومەنی پارێزگای سلێمانی دەڵێت زیاتر لە ساڵێکە وەبەرهێنەرانی پرۆژەکانی نیشتەجێبوون لە سنووری سلێمانی بە "نایاسایی" پارەی بەناوکردنی یەکەکان لە کڕیارەکانیان وەردەگرن. وەبەرهێنانی سلێمانی داوا لە خاوەن یەکەکان دەکەن سکاڵا لە دژی وەبەرهێنەرەکان تۆمار بکەن.

بەپێی یاسا و ڕێنماییەکانی دەستەی وەبەرهێنان، لەکاتی گۆڕینی گرێبەستی کڕین و فرۆشتن و خاوەندارێتی یەکەکانی نیشتەجێبوون لە پرۆژەکانی نیشتەجێبوون، نابێت کۆمپانیا هیچ بڕە پارەیەک وەربگرێت، بەڵام بە گوتەی هاووڵاتییەکی نیشتەجێی پرۆژەی (نۆژین ستی) لە دەربەندیخان، پارە وەرگیراوە. هاووڵاتییەکە کە نەیویست ناوی ئاشکرا بکرێت بە (ڕووداو)ی گوت: "ساڵی ڕابردوو یەکەیەکی نیشتەجێبوونم لە پرۆژەکە لە دەستی دوو کڕی، بۆ بەناوکردنی یەکەکە هەزار دۆلاریان لێوەرگرتم و گوتیان هەموو کۆمپانیاکان ئەم پارەیە وەردەگرن، بەڵام دواتر زانیم وەرگرتنی ئەو پارەیە نایاسایی بووە".

هاووڵاتییەکە دەشڵێ: "لە ئۆفیسی کۆمپانیاکە نووسراوێکیان پێ واژۆ کردم کە فرۆشیاریش واژۆی لەسەر کرد، بەپێی ئەو نووسراوە یەکەکە بەناوی من کرا و هەردووکیشمان واژۆمان کرد، بەڵام لەنێو نووسراوەکە ئاماژە بە 1000 دۆلارەکە نەکرابوو، دواتر کە زانیم پارە وەرگرتنەکە نایاساییە، لە ئایاری 2019 لەڕێگەی ئەنجوومەنی پارێزگا و داواکاری گشتییەوە سکاڵام لەدژی کۆمپانیاکە تۆمار کرد، بەڵام هێشتا دۆسیەکە وەکو خۆی ماوەتەوە".

بە گوتەی ئەندامێکی ئەنجوومەنی پارێزگای سلێمانی، زیاتر لە ساڵێکە ئەم مامەڵە "نایاساییە" لە سنووری پارێزگای سلێمانی هەیە و بەردەوامیشە. ڕەمەزان نامیق، سەرۆکی لیژنەی پلان و پرۆژەکان لە ئەنجوومەنی پارێزگای سلێمانی بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند: "هەموو کۆمپانیاکان کە پرۆژەی نیشتەجێبوونیان وەرگرتووە ئەم مامەڵە نایاساییە دەکەن و بەردەوامیشن. تا ئێستا زیاتر لە 10 کەس سکاڵایان لەسەر 5 کۆمپانیا لەلای ئێمە تۆمار کردووە، بەڵام بەهۆی زۆریی ڕۆتیناتی دادگا و دروستکردنی کێشە بۆیان لەلایەن کۆمپانیا، لە دادگا سکاڵا تۆمار ناکەن، تەنیا یەکێکیان سکاڵای بردووەتە دادگا و دۆسیەکەی لە دادگایە".

سەبارەت بە بڕی ئەو پارەیەی وەردەگیرێ، ڕەمەزان نامیق گوتی: "هەندێکیان 1000 دۆلار لە کڕیارەکە وەردەگرن، هەندێکیان 500 دۆلار لە کڕیار و 500 دۆلاریش لە فرۆشیارەکە وەردەگرن، بۆ ئەوەش کە کارە نایاساییەکەیان ئاشکرا نەبێت، لە بەرامبەر وەرگرتنی پارەکە پسوولەیان پێنادەن، ئەم مامەڵەیەش بەپێی بڕیاری وەبەرهێنان قەدەغە و نایاساییە".

> سەرۆکی لیژنەی پرۆژەکان لە ئەنجوومەنی پارێزگای سلێمانی:
> لە 54 پرۆژەی وەبەرهێنان پارە لە خەڵک وەرگیراوە

دەستەی وەبەرهێنانیش ئاگاداری ئەو بابەتەن. بەپێی نووسراوێکی دەستەکە کە ئاراستەی وەبەرهێنانی سلێمانی کراوە، ئاماژە بەو حاڵەتە کراوە و بە چوار خاڵ ڕوونکراوەتەوە کە نابێت وەبەرهێنەر لەکاتی گۆڕینی گرێبەستی کڕین و فرۆشتن لە کڕیارێکەوە بۆ کڕیارێکی دیکە هیچ بڕە پارەیەک وەربگرێت، چونکە دەچێتە خانەی ماددەی 240ی یاسای سزادانی عێراقی و لەڕێگەی داواکاری گشتییەوە ڕێکاری یاسایی بەرامبەر دەگیرێتەبەر، بەڕێوەبەرایەتییەکانی وەبەرهێنانیش ڕاییکردنی کارەکانیان ڕادەگرن، خاوەن یەکەکانیش دەتوانن سکاڵا تۆمار بکەن و مافی خۆیان وەربگرنەوە.

کۆمپانیاکان نکۆڵی لەوە ناکەن کە لە بەرامبەر گرێبەستکردن بۆ کڕیارەکان پارە وەردەگرن، بەڵام دەڵێن پارەکە بۆ کۆمپانیا نییە. سەربەست عەبدوڵڵا، سەرپەرشتیاری پرۆژەی نۆژین ستی لە دەربەندیخان بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند: "ڕاستە ئێمە پارە لە کڕیارەکان وەردەگرین، بەڵام ئەو پارەیە بۆ کۆمپانیا نییە، بەڵکو دەیخەینە سەر قیستی یەکەی نیشتەجێبوونەکە. بەپێی ئەو پارەیەی دەیدات کارەکانی بۆ دەکەین، ئێستا 15 ملیۆن دینار بۆ یەکەی 150 مەتری و 18 ملیۆن دینار بۆ یەکەی 200 مەتری وەردەگرین بۆ بەناوکردنی یەکەکە، ئیشی کاشی و گەچکاری و تەواوکردنی یەکەکەی بۆ دەکەین، کە پارەکەش وەردەگرین پسوولەی بۆ دەکەین".

بەڵام بەڕێوەبەری گشتیی وەبەرهێنانی سلێمانی داوا لەو کەسانە دەکات کە پارەیان لێوەرگیراوە سکاڵا تۆمار بکەن. عەزیز سەعید بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند: "تائێستا هیچ سکاڵایەکمان بۆ نەهاتووە، هەر کۆمپانیا و وەبەرهێنەرێک ئەو مامەڵەیە بکات کە پێچەوانەی یاسا و ڕێنماییەکانی دەستەی وەبەرهێنانە، ڕێکاری یاسایی لە بەرامبەر دەگرینەبەر، داواش لەو خاوەن یەکانە دەکەین کە بەناوی بەناوکردنی یەکەی نیشتەجێبوون پارەیان لێوەرگیراوە، بەڵگەکانیان بێننە لامان تاوەکو مافەکانیان بۆ وەربگرینەوە".



لەکاتی گۆڕینی گرێبەستی کڕین و فرۆشتنی یەکەکانی نیشتەجێبوون، نابێت کۆمپانیا هیچ بڕە پارەیەک وەربگرێت

---

## ئەنجوومەنی پارێزگای سلێمانی:

# سەرۆکی شارەوانیی کەلار دەدەینە دادگا

شکار ئەحمەد
ڕووداو – هەولێر

شارەوانیی کەلار زۆربەی شوێنە گشتییەکانی نێو بازاڕی شارەکە دەکاتە گەراجی ئۆتۆمبێل. پاساوەکەشیان ڕێکخستنەوەی بازاڕ و کەمکردنەوەی قەرەباڵغییە. بەڵام دوو ئەندامی ئەنجوومەنی پارێزگای سلێمانی دەڵێن پرۆژەکە لە بەرژەوەندیی کەسێکە، بۆیە لە دژی سەرۆکی شارەوانی پەنا بۆ دادگا دەبەن.

ئەکرەم ساڵح، سەرۆکی شارەوانیی کەلار بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند: "بەپێی سیستەمێک کە لە هەموو دونیا پەیڕەو دەکرێ، بەشێک لە شوێنە گشتییەکانی نێو بازاڕی کەلارمان کردووە بە پارکینگی ئۆتۆمبێل، ئەمەش لەپێناو ڕێکخستنی شار و کەمکردنەوەی قەرەباڵغی و ئاسانکارییە بۆ هاتوچۆی هاووڵاتییان".

بە گوێرەی سیستەمەکە، شوفێران بۆیان نییە بە ئارەزووی خۆیان ئۆتۆمبێل لەسەر شەقامی نێو بازاڕ و بەردەم شوێنە گشتییەکانی دیکە ڕابگرن، بەڵکو لە بەرامبەر پارککردنی ئۆتۆمبێل لە بەردەم دووکان و بازاڕەکاندا بۆ هەر سەعاتێک 500 دینارییان لێوەردەگیرێ. خاوەن دووکانەکانیش بۆیان هەیە مانگانە لە بەرامبەر پارەیەکی کەم ئۆتۆمبێلی خۆیان لە بەردەم دووکانەکەیان ڕابگرن.

ئەکرەم ساڵح گوتی: "بۆ جێبەجێکردنی ئەم پرۆژەیە، کەلارمان کردووە بە چوار زۆن، زۆنی یەکەم و دووەم تەواوبوون و نزیکەی 700 ئۆتۆمبێلی تێدا جێدەبێتەوە، خەریکین شوێنی پایسکل و خاوەن پێداویستییە تایبەتەکانیش دیاری دەکەین کە بۆ ئەوانە بێ بەرامبەرە، شوێنیش بۆ ئەو شوفێرانە دیاری دەکەین کە بۆ ماوەی 10 خولەکێک ئۆتۆمبێلەکانیان ڕادەگرن، ئەمەش بێ بەرامبەر دەبێت، ئەمساڵیش زۆنی سێیەم و چوارەم تەواو دەکەین".

پرۆژەکە بە تەندەر دراوە بە کەرتی تایبەت. سەرۆکی شارەوانیی کەلار گوتی: "پێشتر پرۆژەکە بانگەوازی بۆ کراوە، بەشێوەی تەندەر دراوە بە کەسێک، ساڵانە بۆ زۆنی یەکەم زیاتر لە 18 ملیۆن دینار و بۆ زۆنی دووەمیش 75 ملیۆن دیناری لێوەردەگرین، 17%ی پارەکە بۆ شارەوانییە و 87%یشی دەگەڕێتەوە بۆ گەنجینەی حکومەت".

لە ڕێگەی ئەو پرۆژەیەوە هەلی کار بۆ 30 کەس دابینکراوە، بەڵام بەشێک لە دانیشتووانی کەلار نیگەرانن لە پرۆژەکە. سەرۆکی شارەوانی ئەوە ناشارێتەوە و دەڵێت تەنانەت سکاڵاش هەبووە، بەڵام ناتوانن هەر 300 هەزار دانیشتووانەکەی کەلار ڕازی بکەن.

سەرۆکی شارەوانیی کەلار دەڵێت: "سەرەتا سیستەمەکە کەموکوڕی دەبێت، بەڵام بەدڵنیاییەوە لە داهاتوودا چارەسەر دەکرێن، دڵنیاشم لە داهاتوودا سەرجەم شار و پارێزگاکان ئەم پرۆژەیە جێبەجێ دەکەن، چونکە لۆد و قەرەباڵغی نێو بازاڕ کەمدەکاتەوە نەک زیادی بکات".

بەڵام دوو ئەندامی ئەنجوومەنی پارێزگای سلێمانی دەڵێن ئەو سیستەمە کێشەی بۆ هاووڵاتیان دروستکردووە. کەریم عەلی، ئەندامی ئەنجوومەنی پارێزگای سلێمانی بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند: "لە دونیادا هاتوچۆی ئۆتۆمبێل لە سەنتەری شارەکان قەدەغە دەکرێ، بەڵام لە کەلار پێچەوانەیە و سەنتەری شار دەکرێتە گەراج، ئەوەی شارەوانیی کەلار کردوویەتی لەو کارە عەجیب و غەریبانەیە کە لە کوردستان و عێراق و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستیش نەکراوە".

بەگوتەی ئەندامەکەی ئەنجوومەنی پارێزگا، شارەوانیی کەلار لە دەرەوەی تەندەرەکەش زەوی داوە بە کەسێک: "پرۆژەکە بە بڕی 19 ملیۆن و 500 هەزار دیناری ساڵانە دراوە بە کەسێک، لە دەرەوەی تەندەرەکەش شوێنی دیکەی بۆ زیادکراوە، لەوانەش بەردەمی مزگەوت کراوە بە گەراج، داهاتەکەشی بۆ یەک کەسە، بۆیە داوا لە داواکاری گشتیی گەرمیان و هەموو لایەنە پەیوەندیدارەکانی دیکە دەکەین بێدەنگ نەبن و ئەمە قبوڵ نەکەن".

بەپێچەوانەی قسەکانی سەرۆکی شارەوانی، ئەندامێکی ئەنجوومەنی پارێزگای سلێمانی پێیوایە پرۆژەکە لۆد و ئاستەنگێکی زۆری بۆ هاووڵاتیان دروستکردووە. محەممەد شێخ وەهاب بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند: "پێشتر لە کەلار چەندین گەراج هەبوون، بەڵام چەند مانگێکە شارەوانیی کەلار هەموو شوێنە گشتییەکانی سەنتەری شاری کردووە بە گەراجی ئۆتۆمبێل، سەرەتا دوو شوێن دیاریکرابوون، بەڵام ئێستا بەردەم مزگەوت، قوتابخانە، ماڵی هاووڵاتیان و مۆڵەکانیش کراون بە گەراج، ئەمەش لۆدێکی زۆری لەسەر شەقامەکان دروست کردووە، بووەتە ئاستەنگیش لە بەردەم هاووڵاتیان، بۆیە داوا لە هاووڵاتیان دەکەین پارەی ڕاگرتنی ئۆتۆمبێل لەو گەراجانە نەدەن".

محەممەد شێخ وەهاب پێیوایە زۆربەی هاووڵاتیان و شوفێرانیش لەو پرۆژەیە نیگەرانن کە ڕۆژانە بەناوی ڕاگرتنی ئۆتۆمبێل پارەیەکی زۆریان لێ وەردەگیرێ "بۆیە هەموو ڕێکارێکی یاسایی لە دژی سەرۆکی شارەوانیی کەلار دەگرینەبەر و لەڕێگەی ئەنجوومەنی پارێزگاوە پەنا دەبەینە بەر دادگا".



# چ کاتێک ددان دەکێشرێت؟

**رووداو- مێدیکاڵ نیوزتودەی**

پزیشکانی پسپۆڕی نەشتەرگەریی دەم و ددان لە چەند حاڵەتێکدا ددان دەکێشن. یەکێکیان ئەوەیە کە ددانەکە زیانی زۆری پێگەیشتبێ و ڕێگە چارەسەرییەکانی دیکە سوودیان نەمابێت.

کێشانی ددان لەلایەن پزیشکەوە چەندین هۆکاری هەن، لەوانە هەوکردنی دەم و ددان، کلۆربوونی ددان، نەخۆشییەکانی پووک، زەبر بەرکەوتن بە ددان و پێکهاتەکانی دەوروبەری.

دەرهێنانی ددان چەندین جۆری هەیە، هەڵبژاردنی هەر کامەیان پشت دەبەستێ بە جۆر، شێوە و شوێنی ددانەکە، پزیشکانی پسپۆڕی نەشتەرگەریی دەم و ددان و شەویلاک پرۆسەکە دابەش دەکەن بەسەر هەریەکە لە ئاسان یان ئاڵۆز. نەشتەرگەریی ئاسانی دەرهێنانی ددان ئەوەیە کە ددانەکە لەسەر رووی پووکەوە دیارە و بە یەک جار ددانەکە دەردەهێنرێت، دەشکرێ پرۆسەکە ئاڵۆز بێت کە پزیشک ناچار بێت لەگەڵ دەرهێنانی ددانەکە، شانەکان و ئێسکەکەشی دەربهێنێ.

بەر لە دەرهێنانی ددان نەخۆشەکە سەردانی پزیشکەکەی دەکات و هەموو ڕێگەکان و پرۆسەکەی بۆ ڕووندەکرێتەوە، ئەگەر کەسەکە نەخۆشییەکی درێژخایەنی هەبێت یان دەرمانێک بەکاردەهێنێت، دەبێت پزیشکەکە ئاگادار بکاتەوە بۆ ئەوەی لە ماوەی پرۆسەکە لە گرفت دووربێ.

پزیشکی نەشتەرگەریی دەم و ددان و شەویلاک بەر لە کارەکە دەرمانێکی سڕکەر دەداتە نەخۆشەکە بۆ ئەوەی هەست بە کەمترین ئازار بکات، هەرچەندە پرۆسەکە لەوانەیە تۆزێک بۆ چارەخوازەکە ناخۆش بێت، بەڵام پرۆسەیەکی گرنگە و لە داهاتوودا لە چەندین نەخۆشی و گرفتی دیکەی پەیوەست بە دەم و ددان دەتپارێزێ.

# پەیوەندیی دڵەڕاوکێ و خواردن

**رووداو- مێدیکاڵ نیوز تودەی**

دڵەڕاوکێ یەکێکە لە هۆکارەکانی گۆڕانی ئارەزووی خواردن، بۆ بەشێکی خەڵکی لەوانەیە ئارەزووی خواردنیان زیاد بکات و رووبکەنە خواردنی خۆراکە نادروستەکان و بەشێکی دیکەشیان ئارەزووی خواردنیان کەم دەکات و بەو هۆیەوە کێشیان دادەبەزێ.

دڵەڕاوکێ یەکێکە لە حاڵەت و گرفتە بەربڵاوەکان، لە وڵاتێکی وەک ئەمریکا ساڵانە 40 ملیۆن کەس تووشی دڵەڕاوکێ و گوشاری دەروونیی بەردەوام دەبن.

کاتێک کەسێک تووشی دڵەڕاوکێ و گوشاری دەروونی دەبێت، جەستە هۆرمۆنەکانی سترێس دەردەدات، دەردانی ئەو هۆرمۆنانەش کۆمەڵێک کاریگەری لەسەر جەستە دادەنێن. توێژینەوەکان دەریانخستووە یەکێک لەو هۆرمۆنانەی لەکاتی دڵەڕاوکێ و گوشاری دەروونیدا دەردەدرێت بریتییە لە هۆرمۆنی (CRF-corticotropin releasing factor) کە کاردەکاتە سەر کۆئەندامی هەرس و سەرەنجام ئارەزووی خواردن کەمدەکاتەوە. جگە لە لەدەستدانی ئارەزووی خواردن، ئەوانەی بەردەوام دڵەڕاوکێیان هەیە زیاتر تووشی قەبزی، سکچوون، بەدهەرسی و هێڵنج دەبن.

زیادبوون یان کەمبوونەوەی ئارەزووی خواردن پشت دەبەستێ بە ڕاددەی هەستکردنت بە دڵەڕاوکێ و گوشاری دەروونی، بۆ نموونە دەکرێت لەکاتی بوونی گوشارێکی دەروونیی کەم ئارەزووی خواردنت زیاد بکات و زۆرخۆری بکەیت، بەڵام ئەگەر ڕاددەی گوشار و دڵەڕاوکێیەکە زۆر بێت ڕێژەیەکی بەرزتری هۆرمۆنی (CRF) لە خوێندا دەبێت و بە تەواوی ئارەزووی خواردنت نامێنێ.

لەکاتی گوشاری دەروونی و دڵەڕاوکێدا ئەگەر ئارەزووی خواردنت زیاد بکات زۆر گرنگە هەوڵ بدەی خۆراکە تەندروستەکان بخۆی نەک خۆراکە خێراکان، ئەگەر ئارەزووی خواردنیشت کەم بکات پێویستە راوێژ بە پزیشک بکەی.



# هەموو شتێک لەبارەی هۆڕمۆنی ئارەزووی سێکس

**رووداو- Medicine net**

تێستۆستیرۆن هۆڕمۆنێکی نێرینەیە لەلایەن گونەکانەوە بەرهەمدەهێنرێن. ئەم هۆڕمۆنە بەڕێژەیەکی دیاریکراو لە خانمانیشدا هەیە و رۆڵی هەیە لە ڕێکخستنی ئارەزووی سێکس، توانای زایەندی و سووڕی مانگانە.



### تێستۆستیرۆن لە پیاواندا بەرپرسە لە:

- **ڕێکخستن و دابەشکردنی چەورییەکان بەسەر جەستەدا**
- **چڕیی ئێسک**
- **دەرکەوتنی موو لەسەر روخسار و جەستە**
- **میزاج**
- **گەشە و گەورەکردنی ماسولکەکان**
- **بەرهەمهێنانی خڕۆکە سوورەکانی خوێن**
- **ڕێکخستنی ئارەزووی سێکس**
- **بەرهەمهێنانی سپێرم**

لەهەر پیاوێکی ئاساییدا، لەگەڵ گەیشتن بە قۆناغی پێگەیشتن ئاستی ئەم هۆڕمۆنە زیاد دەبێت و لەگەڵ هەڵکشانی تەمەن ڕێژەکەی کەم دەکات، وەک پزیشکان دەڵێن دوای تەمەنی 30 ساڵی ئاستی هۆڕمۆنی تێستۆستیرۆن ساڵانە 1% کەم دەکات و ئەمەش بەشێکە لە پرۆسەی چوونە تەمەنەوە.

کێشەی کەمیی تێستۆستیرۆن ئەو کاتە سەرهەڵدەدات کە هۆرمۆنەکە بە ڕێژەیەکی کەم لەلایەن گونەکانەوە بەرهەم بهێنرێت، بەجۆرێک ئاستی هۆڕمۆنەکە لە 300 نانۆگرام لە دیسیلیترێکدا کەمتر بێت، لەگەڵ کەمبوونەوەشی چەند نیشانەیەک دەردەکەون.

### نیشانەکانی کەمبوونەوەی تێستۆستیرۆن:

- **کەمبوونەوەی ئارەزووی سێکس**
- **ڕەپنەبوونی چووک**
- **هەڵوەرینی مووەکان**
- **بێهێزی**
- **کەمبوونەوەی بارستەی ماسولکەکان**
- **تێکچوونی میزاج**
- **بچووکبوونەوەی قەبارەی گونەکان**
- **قەڵەوبوون**

### ئەو فاکتەرانەشی کە دەبنە هۆی کەمبوونەوەی ئاستی هۆڕمۆنی تێستۆستیرۆن، بریتین لە:

- **قەڵەوی**
- **نەخۆشیی شەکرە**
- **تێکچوونی هاوسەنگیی هۆڕمۆنەکانی دیکەی جەستە**
- **هەوکردن**
- **بەکارهێنانی هەندێ جۆری دەرمان**

دەستنیشانکردنی حاڵەتەکە لەلایەن پزیشکەوە پشت دەبەستێ بە نیشانەکان کە لە کەسەکەدا دەردەکەون و هەروەها پشکنینە تاقیگەییەکان بۆ هۆڕمۆنەکە. چارەسەری کەمیی هۆڕمۆنەکەش بە پێدانیەتی بە شێوازی جیاواز لەوانەش بە شێوەی دەرزی، جێڵ، لەزگە. هەرچەندە بەشێوەی حەبیش بەردەستە، بەڵام پزیشکان دەڵێن بەکارهێنانی حەبەکانی تێستۆستیرۆن بەشێوەیەکی درێژخایەن مەترسی لەسەر جگەر زیاد دەکات.

# هۆکارەکانی سوورهەڵگەڕانی ڕەنگی میز

**رووداو- هێڵس لاین**

گۆڕانی ڕەنگی میز بۆ سوور کۆمەڵێک هۆکاری هەن، هەندێجار هۆکارەکان بێ زیانن و پێویستیان بە چارەسەر نییە، هەندێجاریش دەرخەری گرفتێکی تەندروستیی جددییە کە دەبێت سەردانی پزیشکی بکەیت و چارەسەر وەربگری. سوورهەڵگەڕانی ڕەنگی میز هەمیشە مانای ئەوە ناگەیەنێت کە خوێنی تێدایە، بەڵکو خواردنی هەندێک جۆری خواردن دەبنە هۆی سوورهەڵگەڕانی ڕەنگی میز. دیارترین هۆکارەکانی سوورهەڵگەڕانی ڕەنگی میز بریتین لە:



### - خۆراک و دەرمان:

هەندێ جۆری خۆراک هەن کە خواردنیان دەبێتە هۆی سووربوونی ڕەنگی میز، لەوانە چەوەندەر و بلاکبێری، هەروەها بەکارهێنانی هەندێک جۆری دەرمان وەک دەرمانی (ریفامپیسین) کە دەبێتە هۆی گۆڕانی ڕەنگی میز.

### - هەوکردن:

هەوکردن یەکێکە لە هۆکارە سەرەکییەکانی بوونی خوێن لەنێو میزدا، هەوکردنەکەش دەکرێ لە گورچیلە، بۆڕییەکانی میز یان میزڵدانەوە بێت، هەوکردنیش ئەو کاتە سەرهەڵدەدات کە بەکتریا لەڕێگەی میزەڕۆوە دەگاتە میزڵدان و دواتر تەشەنە دەکات بۆ گورچیلەکان، نیشانەکانی هەوکردنی کۆئەندامی میزەڕۆش بەگشتی بریتین لە ئازار لەکاتی میزکردن، زوو زوو میزکردن و میزی خوێناوی.

### - گەورەبوونی پرۆستات:

لەو پیاوانەی تەمەنیان لە سەرووی 45 ساڵە، یەکێک لە هۆکارەکانی دەرکەوتنی خوێن لەنێو میزدا دەگەڕێتەوە بۆ گەورەبوونی پرۆستات کە رژێنێکە لە نێوان چووک و میزڵدان هەڵکەوتووە، کاتێک رژێنەکە گەورە دەبێت، گوشار دەخاتە سەر میزەڕۆ، ئەمەش دەبێتە هۆی هەوکردن و بوونی خوێن لەنێو میزدا.

### - شێرپەنجە:

میزی خوێناوی بەتایبەت لەو کەسانەی بەتەمەنن، لەوانەیە نیشانەی شێرپەنجەی گورچیلە یان میزڵدان بێت، بەڵام ئەمە هەمیشە لە قۆناغە پەرەسەندووەکانی شێرپەنجەکە دەردەکەوێت.

# سێکس تەمەنی نائومێدی دوادەخات

**رووداو- مێدیکاڵ نیوزتودەی**

توێژینەوەیەکی نوێی زانکۆی ساسکس لە بەریتانیا دەریخستووە سێکس تەمەنی نائومێدی لە خانماندا دوادەخات.

مەبەست لە تەمەنی نائومێدی ئەو تەمەنەیە کە تێیدا خانمان سووڕی مانگانەیان دەوەستێ و ئیدی منداڵیان نابێت، ئەمەش بەشێوەیەکی گشتی دوای 45 ساڵی دەستپێدەکات.

پزیشکانی بەریتانی بەدواداچوونیان بۆ 2936 خانم کردووە و بۆ ماوەی 10 ساڵ سەرپەرشتی کراون، بە ڕەچاوکردنی ئاستی هۆرمۆنی ئیسترۆجین، هاوکۆلکەی بارستایی جەستە و شێوازی ژیانی بەشداربووان بۆیان دەکەوتووە، ئەو خانمانەی زۆرتر سێکس دەکەن درەنگتر دەچنە نێو قۆناغی نائومێدییەوە.

د.هێلینا هاردەر، پزیشکی پسپۆڕی خانمان و منداڵبوون و سەرپەرشتیاری توێژینەوەکە دەڵێت: "تەمەنی ئاسایی چوونە نێو قۆناغی نائومێدی لە 45-55 ساڵە، بەشێکی خانمان پێش گەیشتنیان بە 45 ساڵی دەچنە نێو قۆناغی نائومێدی و بۆ ئەمەش کۆمەڵێک هۆکار هەن وەک بۆماوەیی، هەندێک جۆری نەخۆشی و گرفتی کرۆمۆسۆمی."

پسپۆڕەکەی خانمان و منداڵبوون روونیدەکاتەوە بەشێوەیەکی گشتی ئەو خانمانەی گرفتێکی تەندروستییان هەیە، لە کرداری سێکسدا لاوازترن و زووتر دەچنە نێو تەمەنی نائومێدییەوە.

پزیشکانی پسپۆڕی خانمان و منداڵبوون لە زانکۆی ساسکس بۆیان دەرکەوتووە ئەو خانمانەی هەفتانە سێکس دەکەن تەمەنی نائومێدییان بەڕێژەی 28% دوادەکەوێت. پزیشکان دەشڵێن هەرچەندە پەیوەندی هەیە لەنێوان سێکس و دواکەوتنی تەمەنی نائومێدی، بەڵام مەرج نییە بۆ هەموو خانمێک وەک یەک بێت. خانمان نابێت بێ خواستی خۆیان و بەزۆر سێکس بکەن، چونکە توێژینەوەی زیاتر پێویستن بۆ ئەوەی میکانیزمەکە بە وردی بخاتەڕوو.



چین جیهانی خستووەتە حاڵەتی ئامادەباشی

# گومان دەکرێ ڤایرۆسی کۆرۆنا لە مەیدانێکی نایاسایی ئاژەڵانەوە هاتبێ

**ڕووداو - هەولێر**

نەخۆشخانەکانی شاری ووهان بەهۆی لێشاوی تووشبووانی ڤایرۆسی کۆرۆنا جمەیان دێ. هەتا ڕۆژی شەممەی ڕابردوو، زیاتر لە 1300 حاڵەتی تووشبوون بەو ڤایرۆسە تۆمارکرابوون و 41 کەسیش بەهۆی ڤایرۆسەکەوە مردوون. ڕێکخراوی تەندروستیی جیهانی پێیوایە کۆرۆنا دۆخی ئاوارتەی چینە و هێشتا نەگەیشتووەتە ئەو ئاستەی جیهان بەدەستییەوە نیگەران بێ.

## ساڵی نوێی چین

ڤایرۆسی کۆرۆنا ڤایرۆسێکی گوازراوەیە و بەرپرسانی تەندروستیی چین ترسی ئەوەیان لێنیشتووە کە لەگەڵ دەستپێکردنی جەژنەکانی ساڵی نوێی چین و گەڕانەوەی سەدان ملیۆن هاووڵاتیی چینی بۆ شار و ناوچەکانی خۆیان، ڤایرۆسەکە خێراتر لە ئێستا بڵاوبێتەوە. جەژنەکانی ساڵی نوێی چین لە ڕۆژی 25ی کانوونی دووەمەوە دەستپێدەکەن.

مانگی ڕابردوو، یەکەم حاڵەتی دەرکەوتنی ڤایرۆسەکە لە شاری ووهان لە پارێزگای هوبەی لە ناوەڕاستی چین تۆمار کرا. ووهان ناوەندی پارێزگاکەیە و 11 ملیۆن دانیشتووی هەیە. کۆمیسیۆنی تەندروستی نیشتمانیی چین گومان دەکات ڤایرۆسەکە یەکەمجار لە بازاڕێکی ئاژەڵانی ئەو شارەوە بڵاوبووبێتەوە کە تێیدا بەشێوەیەکی نایاسایی بازرگانی بە ئاژەڵەوە دەکرێ. بەگوێرەی ڕاپۆرتە بەراییەکان، ئەمجارە ڤایرۆسەکە لە مار یان شەمشەمە کوێرەوە بۆ مرۆڤ گوازراوەتەوە.

حکومەتی چین بۆ ڕێگری لە بڵاوبوونەوەی زیاتری کۆرۆنا، زۆربەی وێستگەکانی شەمەندەفەری پارێزگای هوبەی ڕاگرتووە، ئەو شەمەندەفەرانەش کە لە چەند ڕۆژی ڕابردوودا هاتوونەتە پارێزگاکە، تەنیا گەشتیاریان دابەزاندووە و مافی هەڵگرتنی خەڵکی ناوچەکەیان نەبووە. هەفتەی ڕابردوو حکومەتی چین دەرچوون لە 10 شاری ئەو پارێزگایەی قەدەغە کرد کە نزیکەی 33 ملیۆن دانیشتوویان هەیە. حکومەتی بەیجینگ بۆنەکانی جەژنی سەرساڵیشی سنووردار کردووە، لەوانەش هەڵوەشاندنەوەی کۆمەڵێک فیستیڤاڵ و داخستنی ژمارەیەک پەرستگا، کە شوێنی گەورەی گەشتیارین.

بەڵام وادیارە چینییەکان ئامادە نین کۆڵ بدەن و سوورن لەسەر ئەوەی لەو دۆخەشدا چاویان بە خێزانەکانیان بکەوێ. هو لەبارەی سەردانی خۆی بۆ ووهان بە (ڕۆیتەرز)ی بەریتانی دەڵێ: "چیمان لەدەست دێ؟ ساڵی نوێی چینییە و هەر دەبێ چاومان بە خێزانەکانمان بکەوێ". سەردانیکارێکی دیکەش کە نەیویستووە ناوی ئاشکرا بکرێ، دەڵێ: "من ترسم نییە، متمانەم بە حکومەتە و دەبووایە ئێستا لەگەڵ خێزانەکەم بم".

## گلەیی لە حکومەت

بەرپرسانی نەخۆشخانەکانی ووهان بە میدیاکانیان ڕاگەیاندووە کە ژمارەی ئەو خەڵکەی سەردانیان دەکەن زۆر زیاترە لەوەی بتوانن چارەسەری هەموویان بکەن.

دانیشتوویەکی تەمەن 70 ساڵی نەخۆشییەکە بە ڕۆژنامەی (فاینەنشڵ تایمز)ی بەریتانی دەڵێ، هەفتەیەکە نیشانەکانی ئەو ڤایرۆسەی لێدەرکەوتووە، بەڵام زۆر نەخۆشخانە دەستیان بە ڕوویەوە ناوە، لە یەکێک لە نەخۆشخانەکان پێیانگوتووە کە ستافی نەخۆشخانەکە خۆشیان تووشی ڤایرۆسەکە بوون. نیشانەکانی ئەو ڤایرۆسە تا و هەناسەسواربوون و کۆخەن.

دانیشتووانی هوبەی لە کاردانەوەی حکومەت بەرامبەر پەتاکە ڕازی نین. دانیشتوویەکی ووهان بە (ڕۆیتەرز) دەڵێ: "سەرەتا هیچیان نەکرد و دەتوانم بڵێم هیچ زانیارییەکیان بە خەڵک نەدا. وادیارە ئیدی درەنگ بووە". لە کاتی بڵاوبوونەوەی ڤایرۆسی سارزیش، حکومەتی بەیجینگ ڕووبەڕووی ڕەخنە بووەوە. سارز لە کۆتایی 2002 دەرکەوت، بەڵام حکومەتی چین لە شوباتی 2003 بەشێوەیەکی فەرمی حاڵەتەکەی ڕاگەیاند، ئەو دواکەوتنە وایکرد ڤایرۆسەکە بە خێرایی بڵاوببێتەوە.

سارز (Sars) کورتکراوەی کۆنیشانەی هەوکردنی توندی کۆئەندامی هەناسەیە کە هەر بەهۆی ڤایرۆسی کۆرۆناوە بڵاوبووەوە.

لێکۆڵەرانی زانکۆی نۆرس ئیستێرن و کۆلێژی ئیمپریالی لەندەن مەزندە دەکەن ژمارەی حاڵەتەکانی تووشبوون 5 بۆ 10 هێندەی ئەو ژمارەیە بێ کە ئاشکرا کراون. بەگوێرەی مەزندەکە، ڕێی تێدەچێ نزیکەی 4000 کەس تووشی ئەو ڤایرۆسە بووبن.

## دروستکردنی نەخۆشخانەیەک لە یەک هەفتەدا

شەوی پێنجشەممەی ڕابردوو 30 حەفارە و بوڵدۆزەر دەستیان بە کارکردن لە ناوچەیەک کرد کە پێشتر بۆ بەسەربردنی پشووی فەرمانبەران و کرێکاران دروستکرابوو. حکومەتی چین بەنیازە لە ماوەی یەک هەفتەدا نەخۆشخانەیەکی 1000 تەختی لەو شوێنە دروست بکات. نەخۆشخانەکە ئەم هەفتەیە دەکرێتەوە و هاوشێوەی ئەو نەخۆشخانەیەیە کە لە 2003 و لە کاتی بڵاوبوونەوەی ڤایرۆسی سارز دروستکرا.

لە ساڵی 2003، نزیکەی 7000 کرێکار لە ماوەی یەک هەفتەدا نەخۆشخانەیەکیان دروستکرد. ئەو نەخۆشخانەیە لە ماوەی دوو مانگدا یەک لەسەر حەوتی هەموو نەخۆشخانەکانی ئەو ڤایرۆسەی چارەسەر کرد.

## تووشبووان لە دەرەوەی چین

لە فڕۆکەخانەی ووهانەوە گەشتی ئاسمانی بۆ 104 شوێن هەن، لەو ژمارەیە 29 گەشتیان بۆ دەرەوەی چینن، لەوانەش دوبەی، ئیستەنبوڵ، سیدنی، تۆکیۆ، سیئۆل، پاریس، مۆسکۆ، لەندەن و نیویۆرک. حاڵەتەکانی تووشبوون بەو ڤایرۆسە لە تایلەند، ڤێتنام، سینگاپور، هۆنگ کۆنگ، ژاپۆن، کۆریای باشوور، تایوان و ئەمریکا تۆمارکراون.

ژمارەیەکی زۆری هێڵە ئاسمانییەکان گەشتەکانی پارێزگای ووهانیان ڕاگرتووە و هەموو فڕۆکەخانەکانی جیهان پشکنینی تایبەت بۆ سەرنشینە چینییەکان دەکەن.

## کاریگەری لەسەر ئابووریی چین و جیهان

ڕۆژی هەینی، بەهاکانی 300 پێنوێن لە بۆرسەکانی چین بە ڕێژەی ٪3 و لە هۆنگ کۆنگ بە ڕێژەی ٪1.5 و لە کۆریای باشوور بە ڕێژەی ٪0.9 دابەزین. چاودێرانی ئابووری نیگەرانن لەوەی کاریگەریی کۆرۆنا لەسەر ئابووریی چین ببێتە هۆی لاوازبوونی کاریگەریی ڕێککەوتنە بازرگانییەکەی چین و ئەمریکا.

ئێدوارد پراساد، ئابووریناس و سەرۆکی پێشووی بەشی چین لە سندوقی نەختینەی نێودەوڵەتی، لەوبارەوە بە (واشنتن پۆست)ی ئەمریکی دەڵێ: "ئەم کێشەیە لە کاتێکدا ڕوودەدات کە ئابووریی چین هەر خۆی لەرزۆکە، بەداخەوە ئەوە ئەو دڵخۆشییەی بازرگانانیش ناهێڵێ کە بەهۆی ڕێککەوتنە بازرگانییەکەی چین و ئەمریکاوە دروست ببوو".

ڕۆژهەڵاتی ئاسیا زیاتر لە چارەکێکی ئابووری جیهان پێکدێنێ و بە ناوەندێکی سەرەکیی ئابووری و بازرگانیی جیهان لەقەڵەم دەدرێ. پراساد پێیوایە ئەگەر ئەو ڤایرۆسە زیاتر لە ئێستا بڵاوببێتەوە، ئەوە: "کێشە بۆ گەشت، بازرگانی و گواستنەوەی کاڵا دروستدەکات، ئەمە گورزێکی کوشندە دەبێ لە ئابووریی جیهان".

نیگەرانییە بازرگانییەکان کاریگەریی ڕاستەوخۆیان لەسەر نرخەکانی نەوت دەبێ. هەفتەی ڕابردوو نرخی یەک بەرمیل نەوتی برێنت ٪6 دابەزی و گەیشتە 62 دۆلار. یەکێک لە هۆکارەکانی دابەزینی نرخەکانی نەوت کەمبوونەوەی هاتوچۆیە لە چین کە بەهۆی ڕێوشوێنە نوێیەکانی حکومەتی چین لە پارێزگای ووهان هاتووەتە ئاراوە.

هەتا ئێستا دیار نییە ڤایرۆسی کۆرۆنا لە داهاتوودا هەتا کوێ دەچێ و کاریگەری لەسەر کۆی ئابووریی جیهان چی دەبێ، بەڵام ئەزموونی پێشوو پیشانی داوە بازرگانانی نەوت بە نیگەرانییەوە مامەڵە لەگەڵ دۆخێکی وەک ئەوەی ئێستای چین دەکەن، ئەوەش ئۆتۆماتیکی کاریگەری لەسەر نرخەکانی نەوت دەبێ.



ڤایرۆسی کۆرۆنا تا ئێستا 41 کەسی کوشتووە

حکومەتە یەکڕەنگەکەی لوبنان سەردەکەوێ؟

# باڵادەستیی حیزبوڵڵا لە حکومەتی نوێدا لوبنان بەرەو گۆشەگیری دەبات



سەرەڕای پێکهێنانی حکومەتی نوێ، بەڵام خۆپیشاندەرانی لوبنان هەر لەسەر شەقامن

**ڕووداو - هەولێر**

هەفتەی ڕابردوو، لوبنان بووە خاوەنی حکومەتێکی نوێ کە بەشێوەیەکی سەرەکی لە ژێر هەژموونی حیزبوڵڵا و هاوپەیمانەکانیدایە. خۆپیشاندەران گومانیان هەیە لەوەی حکومەتی نوێ بتوانێ چاکسازیی بنەڕەتی لە سیستەمی ئابووری و ئیداریی وڵاتەکەیاندا بکات. شارەزایانیش پێیانوایە باڵادەستیی حیزبوڵڵا لە حکومەتە نوێیەکەدا دەبێتە هۆی دوورکەوتنەوەی وڵاتانی ڕۆژئاوایی و وڵاتانی کەنداو لە لوبنان.

حەسان دیاب، سەرۆکوەزیرانی نوێی لوبنان، لە کاتێکدا کابینەی حکومەتەکەی ڕادەگەیەنێ کە لوبنان ماوەی سێ مانگە بێ حکومەتە و بە کردەوە بەرەو داڕووخانی ئابووری دەچێ. سەعد حەریری، سەرۆکوەزیرانی پێشووی لوبنان، ڕۆژی 21ی تشرینی یەکەمی ساڵی ڕابردوو دەستی لەکارکێشاوە، دوای ئەوەی خۆپیشاندەران نەک هەر داوای دەستلەکارکێشانەوەی حکومەتەکەی ئەویان دەکرد، بەڵکو جەختیان لەسەر هەڵوەشاندنەوەی ئەو بنەما تایفییە دەکرد کە سیستەمی سیاسیی لوبنانی لەسەر دامەزراوە.

دیاب کە مامۆستای زانکۆی ئەمریکیی بەیروتە و ناوبانگێکی ئەوتۆی سیاسیی نییە، لە پەیامێکی تەلەڤزیۆنیدا بەڵێنی دا کە "ئەمە حکومەتێکە نوێنەرایەتی داخوازیی خۆپیشاندەران دەکات".

یەکێک لە داوا سەرەکییەکانی خۆپیشاندەرانی لوبنان لە سێ مانگی ڕابردوودا ئەوە بووە حکومەتێکی تەکنۆکرات دروست بکرێ کە ئەندامەکانی نوێنەرایەتیی نوخبەی سیاسیی لوبنان نەکەن.

بەڵام لیستی وەزیرانی کابینە نوێیەکەی حکومەتی بەیروت نەک هەر دەریدەخات کاربەدەستانی داهاتووی لوبنانیش هەر سێبەری نوخبە سیاسییەکەی ئێستای لوبنانن، بەڵکو هەژموونی حیزبوڵڵا و پشتگوێخستنی سوننەکانی نزیک لە ئەمریکا و ڕۆژئاوا لە حکومەتی لوبنان، مەترسیی ئەوەشی دروستکردووە کە حکومەتی داهاتووی لوبنان هەر لە سەرەتاوە شکستبهێنێ و نەتوانێ چاکسازییە ئابوورییەکان جێبەجێ بکات.

ئەوە یەکەمجارە لە مێژووی لوبناندا هاوپەیمانییەکی سەر بە حیزبوڵڵا بە تەنیا حکومەت پێکبهێنێ. لە کابینە نوێیەکەدا حیزبوڵڵا تەنیا دوو وەزارەتی بەرکەوتووە، بەڵام هاوپەیمانە مەسیحی و شیعەکان کورسییەکانی دیکەی دەسەڵاتیان پڕکردووەتەوە. جیا لەمە لە 15 ساڵی ڕابردوودا و دوای کشانەوەی سوپای سووریا لە لوبنان، ئەوە یەکەمجارە ئەو وڵاتە خاوەن حکومەتێک بێ کە لوبنانییەکان خۆیان بە حکومەتی "تاکڕەنگ" ناوی دەبەن، واتە حکومەتێک کە هەر یەک لایەن تێیدا دەسەڵاتدار بێ.

## گرەوی حیزبوڵڵا

حکومەتی داهاتووی لوبنان ئابوورییەک وەردەگرێ کە نزیکەی 90 ملیار دۆلاری قەرزە، ئەوەش دەکاتە ٪150ی قەبارەی ئابووریی ئەو وڵاتە. جیا لەمە لە چوار مانگی ڕابردوودا بەهای لیرەی لوبنانی ٪30 دابەزیوە. چارەسەرکردن یان کۆنترۆڵکردنی ئەو دۆخە ئابوورییە پێویستی بە جێبەجێکردنی پرۆگرامەکەی سندوقی نەختینەی نێودەوڵەتییە، ئەویش هەم گوشار لەسەر خەڵکی ئاسایی دروستدەکات و هەم پێویستی بە 5 بۆ 20 ملیار دۆلار سەرمایەی دەرەکییە.

پرسیاری سەرەکی ئەوەیە بۆچی حیزبوڵڵا لەو قۆناغەی ئێستا سەرکردایەتی هەوڵی پێکهێنانی حکومەتی لوبنانی گرتووەتە ئەستۆ، لە کاتێکدا بەیروت بە قەیرانێکی دارایی بێوێنەدا تێدەپەڕێ، درزە سیاسییەکان گەیشتوونەتە ئاستێک چاوەڕێی هەڵوەشانەوەی کۆی سیستەمی سیاسی وڵاتی لێدەکرێ و خۆپیشاندانەکانیش لە دوو هەفتەی ڕابردوودا ڕوخسارێکی توندوتیژیان وەرگرتووە.

فیراس مەقسەد، پرۆفیسۆری سیاسەتی نێودەوڵەتی لە زانکۆی جۆرج واشنتنی ئەمریکی، لە وتارێکدا لە گۆڤاری (فۆرین پۆلسی)ی ئەمریکی دەڵێت: "لەڕووی مێژووییەوە، حیزبوڵڵا پێی باشتر بووە باری حوکمڕانی وڵاتێک نەگرێتە ئەستۆ کە تێیدا سیاسەتێکی تایفی پەیڕەو دەکرێ و لەبەر نابەرپرسیارێتییەکەی ناوی دەرکردووە"، بەڵکو لە جیاتی ئەوە هەوڵەکانی خۆی لەسەر ئەودیو سنوورەکانی لوبنان چڕکردووەتەوە، واتە بەرەنگاربوونەوەی ئیسرائیل و دوژمنەکانی دیکەی ئێران لە ناوچەکەدا.

پێکهێنانی حکومەتی نوێی لوبنان لە کاتێکدایە کە ململانێکانی نێوان ئەمریکا و ئێران گەیشتوونەتە ئەوپەڕی، بە تایبەتی دوای کوژرانی قاسم سولەیمانی، فەرماندەی سوپای قودس. حەسەن نەسروڵڵا، ئەمینداری گشتیی حیزبوڵڵا، لە چەند هەفتەی ڕابردوودا جەختی لەسەر سیاسەتێک کردووەتەوە کە سەرکردەکانی ئێران بە سیاسەتی داهاتووی خۆیان لە ناوچەکەی دەزانن، واتە دەرکردنی ئەمریکا لە ناوچەکە.

بیلال سەعب، شارەزای ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست لە پەیمانگەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست، پێیوایە یەکێک لە وەڵامەکان بۆ هۆکاری ئەو هەنگاوەی حیزبوڵڵا ئەوەیە ئەو گروپە هاوشان لەگەڵ تاران و دیمەشق دەیەوێ بەرەنگاری نەیارەکانی ببێتەوە، لەوانەش ئەمریکا. بۆ ئەو ئامانجەش حیزبوڵڵا دەیەوێ بەرەکەیان: "نەک هەر حکومەتی بەغدای کۆنترۆڵ کردبێ، بەڵکو لە بەیروتیش کۆنترۆڵی تەواویان بەدەستەوە بێ".

بەڵام چارەسەری دۆخی ئێستای لوبنان پێویستی بە پشتگیریی دارایی دەرەکییە، بە تایبەتیش لە وڵاتانی ڕۆژئاوا و کەنداوەوە. هەفتەی ڕابردوو مایک پۆمپیۆ، وەزیری دەرەوەی ئەمریکا سەبارەت بە ئەگەری بڕینی هاریکارییەکانی ئەمریکا لە لوبنان ڕایگەیاند: "جارێ نازانم. ئێمە ئامادەین هاوکاری پێشکەش بکەین، بەڵام تەنیا بە حکومەتێک کە پابەندە بە چاکسازییەوە".

بەرپرسانی ئەمریکی لە کۆبوونەوە داخراوەکانیاندا [illegible] و سەربازیی لوبنانی بڕی، ئەوەش وەک گوشارێک بۆ ئەوەی حکومەتی بەیروت سنوورێک بۆ نفووزی حیزبوڵڵا دابنێ.

لێکۆڵەرەکەی پەیمانگەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست بە دووری دەزانێ وڵاتانی کەنداو بە هانای لوبنانەوە بێن، لە کاتێکدا سعودیە هاوپەیمانەکەی خۆی کە سەعد حەریری بوو، لەسەر کورسیی دەسەڵات نابینێ، ئیمارات و کوەیتیش لەڕووی مێژووییەوە قسەیەکی ئەوتۆیان لەسەر دۆخی لوبنان نییە و عوممان و بەحرەینیش نە پارەی ئەوەیان هەیە یارمەتی حکومەتی لوبنان بدەن و نە دەیانەوێ خۆیان تێکەڵ بەو تەنگژە سیاسی و ئابوورییە بکەن.

قەتەر تاکە بژاردەی بەردەستی لوبنانییەکانە لە کەنداو، لەبەر ئەوەی هەم پارەیەکی زۆری لەبەردەستە و هەم پەیوەندییەکی باشی لەگەڵ تاران و واشنتن هەیە، بەڵام یارمەتیدانی حکومەتێکی نزیک لە حیزبوڵڵا لەو قۆناغەی ئێستا ئەگەر تووڕەیی ئەمریکییەکانی لێنەکەوێتەوە، ئەوە گرژیی نوێ لە پەیوەندییەکانی قەتەر و وڵاتانی دیکەی کەنداودا دروستدەکات. لە کاتێکدا دەوحە ژێربەژێر دەستی بە هەوڵی ئاساییکردنەوەی پەیوەندییەکانی لەگەڵ ریاز کردووە.

سەعب پێیوایە "حیزبوڵڵا دەبێ پێش پێکهێنانی کابینەی نوێ زانیبێتی کە ڕێگایەکی یەکجار سەختی لەبەرە، ئەگەر نەڵێین ڕێگایەکی مەحاڵ"، بەڵام ڕەنگە چاوی لە گرتنەدەستی کەرتی ئەمنی بێ بۆ ئەوەی ڕێگە لە هەڕەشەکانی سەر سەرکردەکانی بگرێ، ڕەنگە بیەوێ پیشانی خەڵکی بدات کە ئەو حکومەتەی خۆی بە "تەکنۆکرات" دەزانێ و چارەسەری کێشەکان ناکات و لەوانەشە ئەوە هەنگاوێک بێ بۆ بەرەنگاربوونەوەی واشنتن لە ناوچەکەدا.

گرەوەکەی حیزبوڵڵا بۆ پێکهێنانی حکومەت لە کاتێکدایە کە خۆپیشاندەران وازیان لە ناڕەزایەتیی ئاشتیانە هێناوە و دروشمی "ئاشتیپارێز نین. ئەمە شۆڕشە و گۆڕانی نییە" دەڵێنەوە. لە چەند هەفتەی ڕابردوودا سەدان خۆپیشاندەر بریندار بوونە. مەها یەحیا، لە ناوەندی کارنیگی، جەخت دەکاتەوە لەوەی "لوبنان بەرەو هەڵدێری پشێوی دەچێ. درەنگ یان زوو دەکرێ بارودۆخی لوبنان بە خێرایی لەدەست دەربچێ".



دەڵێ ئەگەر کۆشنەر چارەسەری نەکات بە هیچ کەسێکی دیکە ناکرێ

# ترەمپ "ڕێککەوتنی سەدە"ی ئیسرائیل و فەلەستین بە زاواکەی دەسپێرێ

**ڕووداو - هەولێر**

دۆناڵد ترەمپ، سەرۆکی ئەمریکا، هەفتەی ڕابردوو بانگهێشتنامەیەکی بۆ بەرپرسانی باڵای ئیسرائیل نارد، بۆ ئەوەی ناوەڕاستی ئەم هەفتەیە لە واشنتن باسی پلانی ئاشتیی نێوان ئیسرائیل و فەڵەستینییەکان و دۆخی گشتیی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست بکەن.

مایک پێنس، جێگری سەرۆکی ئەمریکا بانگهێشتنامەکەی ڕادەستی بنیامین نتانیاهو، سەرۆکوەزیرانی ئیسرائیل کرد و ڕایگەیاند کە لەسەر داوای نتانیاهۆ بانگهێشتنامەیەکیش ئاراستەی بێنی گانتز، سەرکردەی ئۆپۆزیسیۆنی ئیسرائیل و ڕکابەری سەرەکیی نتانیاهۆ کراوە.

پێنس وێڕای ژمارەیەکی زۆری سەرکردەکانی جیهان بۆ یادکردنەوەی 75ەمین ساڵیادی هۆلۆکۆست سەردانی ئیسرائیلی کردبوو.

ساڵی ڕابردوو، ئیدارەی کۆشکی سپی پرۆژەیەکی بۆ ئاشتیی نێوان ئیسرائیل و فەڵەستینییەکان خستەڕوو کە تێیدا داوا دەکرێ وەبەرهێنانی نێودەوڵەتی لە خاکی فەڵەستین زیاد بکرێ. ترەمپ ڕۆژی پێنجشەممە ڕایگەیاند کە ڕەنگە پلانەکە پێش هاتنی بەرپرسانی ئیسرائیلی ئاشکرا بکات، جەختی لەوەش کردەوە کە لەگەڵ فەڵەستینییەکان لە ماوەی داهاتوودا قسە دەکەن. گوتیشی: "دڵنیام یەکەمجار کاردانەوەی نەرێنییان دەبێ، بەڵام پلانەکە زۆر باشە بۆ ئەوان".

جارد کۆشنەر، زاوا و ڕاوێژکاری باڵای ترەمپ، سەرکردایەتیی هەوڵەکەی ئەمریکا بۆ چارەسەری کێشەیەک دەکات کە چەندین ئیدارەی ئەمریکی نەیانتوانیوە چارەسەری بکەن. مانگی ڕابردوو، ترەمپ لە کۆبوونەوەیەکدا لەگەڵ جووەکانی ئەمریکا گوتی: "ئەگەر جارد کۆشنەر نەتوانێ ئەوە بکات، ئەوە هیچکەس ناتوانێ بیکات". پرۆژەکەی ئەمریکا بە "ڕێککەوتنی سەدە" ناونراوە و پێناچێ چانسی سەرکەوتنی لە پرۆژەکانی ئیدارەکانی پێشوو زیاتر بێ.

کۆشنەر جەختی لەوە کردووەتەوە پلانەکە کۆمەڵێک خاڵیشی تێدایە کە بە دڵی ئیسرائیلییەکان نابێ، بەڵام فەڵەستینییەکان پێیانوایە ئەو هەنگاوانەی هەتا ئێستا ئیدارەی ئەمریکا هاویشتوونی، ئەوە دەردەخەن کە پلانەکە لە قازانجی ئیسرائیلییەکان دەبێ، لەوانەش دانانی بە ئۆرشەلیم وەک پایتەختی ئیسرائیل و بڕیاری گواستنەوەی باڵیۆزخانەی ئەمریکا لە تەلەڤیڤەوە بۆ ئۆرشەلیم.

لەدوای ئەو هەنگاوانەوە ئیدارەی فەڵەستینی هەموو پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆی لەگەڵ ئیدارەی ترەمپ وەستاندووە، جەخت لەوەش دەکەنەوە کە پلانەکە هیچ پێشنیازێکی فەڵەستینییەکانی تێدا نییە. مەحموود ئەلعالوول، جێگری سەرۆکی بزووتنەوەی فەتح لە لێدوانێکدا ڕایگەیاند: "پلانەکە بە تەواوەتی ڕەتدەکەینەوە". ئاماژەی بۆ ئەوەش کرد کە ئیدارەی واشنتن لە چەند هەفتەی ڕابردوودا چەند جارێک ویستوویانە پەیوەندییان پێوە بکەن و 10 جار لە ڕێگەی ئەوروپییەکانەوە بانگهێشتنامەیان بۆ ناردوون، بەڵام فەڵەستینییەکان هەموویان ڕەتکردوونەتەوە.

عالوول گوتی: "ئەوان دەیانەوێ قسە و پێشنیازی ئێمەش لە پلانەکەدا هەبێ، بەڵام ترەمپ ئەوە بۆ یارمەتیدانی ئێمە ناکات، بەڵکو دەیەوێ یارمەتی نتانیاهۆی هاوڕێی بدات". یەکێک لە داوا سەرەکییەکانی فەڵەستینییەکان گەڕانەوەی دیوی ڕۆژهەڵاتی ئۆرشەلیمە بۆ سەر خاکی فەڵەستین، ئەو داوایە ناکۆکە لەگەڵ بڕیاری ناساندنی ئۆرشەلیم وەک پایتەختی ئیسرائیل کە تێیدا هەموو ئۆرشەلیم بە ڕۆژهەڵاتیشەوە دەدرێ بە ئیسرائیل.

میدیاکانی ئیسرائیل لە چەند ڕۆژی ڕابردوودا کۆمەڵێک زانیاریی دزەپێکراویان لەبارەی ڕێککەوتنەکەوە بڵاوکردووەتەوە کە تێیاندا هاتووە یەکێک لە بڕگەکانی پرۆژەکە دۆڵی ئوردن دەلکێنێ بە خاکی ئیسرائیلەوە و لەمەودوا ئەو دۆڵە دەبێتە سنووری ڕۆژهەڵاتی ئیسرائیل لەگەڵ ئوردن، هەموو ئەو شوێنی نیشتەجێبوونانەی ئیسرائیل لە کەرتی ڕۆژئاوا دروستیکردوون، بەشێوەیەکی فەرمی دەبن بە خاکی ئیسرائیل. پلانەکە هەموو ئۆرشەلیم بە خاکی ئیسرائیل دەزانێ.

پلانەکە مەرجی ئەوەی بۆ فەڵەستینییەکان داناوە کە چەک لە شاری غەزە داماڵن، چیدی یارمەتی گروپە "تیرۆریستییەکان" نەدەن، ئیسرائیل وەک دەوڵەتێکی خاوەن سەروەری بناسن و دان بەوەدا بنێن کە هەموو ئۆرشەلیم پایتەختی دەوڵەتی ئیسرائیلە، ئەوەش لای هەموو فەڵەستینییەکان بە "هێڵی سوور" و "جەوهەری زیندوومانەوەی دۆزی فەڵەستین" دادەنرێ.

ئیدارەی پێشووی ئەمریکا پشتگیری لە ڕێگەچارەی "دوو دەوڵەت" دەکرد کە تێیدا هەوڵ بۆ دامەزراندنی دەوڵەتێکی سەربەخۆی فەڵەستینیش دەدرێ. ئیدارەی ترەمپ هەتا ئێستا بە ئاشکرا باسی لەو ڕێگەچارەیە نەکردووە، بەڵام ژمارەیەک دیپلۆمات کە قسەیان لەگەڵ کۆشنەر کردووە، بە (واشنتن پۆست)ی ئەمریکی دەڵێن لە پلانەکەدا بیر لە پێدانی ئۆتۆنۆمیی زیاتر بە فەڵەستینییەکان کراوەتەوە، لە پاڵ ئەوەدا ڕێگەیەکیش دانراوە کە فەڵەستینییەکان لە داهاتوودا بتوانن ببنە خاوەنی سەروەریی خۆیان.

نتانیاهۆ و گانتز جەختیان لەسەر ئەوە کردووەتەوە کە پشتگیری لە بڕیاری لکاندنی کەرتی ڕۆژئاوا بۆ سەر خاکی ئیسرائیل دەکەن، بەڵام گانتز پێیوایە ئەو هەنگاوە دەبێ بە هاوئاهەنگی لەگەڵ کۆمەڵگای نێودەوڵەتی بنرێ.

لکاندنی دۆڵی ئوردن بە خاکی ئیسرائیلەوە چاوەڕێی کێشەی گەورەی لێدەکرێ، بە تایبەتیش لە کاتێکدا ئیسرائیل زیاتر لە هەموو کاتێک پێویستی بەوەیە پەیوەندییەکی ئاسایی لەگەڵ وڵاتانی عەرەبی هەبێ بۆ کۆنترۆڵکردنی نفووزی ئێران لە ناوچەکە.

کۆبوونەوەکەی ڕۆژی سێشەممە لە کاتێکی هەستیاردایە بۆ نتانیاهۆ و ئیسرائیلییەکانیش. لە یەک ساڵی ڕابردوودا، ئیسرائیلییەکان دوو هەڵبژاردنی گشتییان کردووە، بێ ئەوەی بتوانن حکومەت پێکبهێنن، بڕیارە هەڵبژاردنی سێیەمیان لە مانگی ئاداری ئەمساڵ بەڕێوەبچێ.

سەرەتای ئەم مانگە، نتانیاهۆ داوای کرد پەرلەمانی وڵاتەکەی پارێزبەندی یاسایی بداتێ، بۆ ئەوەی لە کەیسەکانی بەرتیل و خراپ بەکارهێنانی دەسەڵاتدا دادگایی نەکرێ. بڕیارە ئەو ڕۆژەی نتانیاهۆ و گانتز لەگەڵ ترەمپ کۆدەبنەوە، پەرلەمانی ئیسرائیلیش پرسی پارێزبەندی یاسایی نتانیاهۆ تاوتوێ بکات. ڕەخنەگرانی سەرۆکوەزیرانی ئیسرائیل پێیانوایە نتانیاهۆ کۆبوونەوەی سێشەممە بەکاردەهێنێ، بۆ گۆڕینی سەرنجی ڕای گشتی لەسەر دۆسیە نێوخۆییەکانی ئیسرائیل.

زاواکەی ترەمپ سەرکردایەتی هەوڵێک دەکات کە چەندین ئیدارەی پێشووی ئەمریکی شکستیان تێدا هێناوە



پلانەکەی ترەمپ بۆ ئاشتی هەموو ئۆرشەلیم بە خاکی ئیسرائیل دەزانێ

# قەتەر.. میرنشینێکی بچووک لە نێوبژیوانیی دوو زەبەلاحدا

**ڕووداو - هەولێر**

ئیدارەی کۆشکی سپی بەنیازە تەنیا گوشارە ئابوورییەکان وەک چەکێک لەدژی ئێران بەکاربهێنێ، بەڵام بە جۆرێک کە ناوچەکە تووشی گرژییەکی سەربازیی دیکە نەکاتەوە، لە کاتێکدا هەردوو وڵات بۆ ماوەی دوو هەفتە لەسەر لێواری جەنگێکی ڕووبەڕووی ناوچەیی بوون.

بەرپرسانی ئاسایشی نیشتمانیی ئەمریکا پێیانوایە دەسەڵاتی ناوچەیی تاران بەهۆی ڕووداوەکانی دوو هەفتەی یەکەمی ئەمساڵ لاواز بووە، لە کاتێکدا دوای خستنەخوارەوەی فڕۆکە ئۆکرانییەکەش پێگەی حکومەت لە ناوخۆدا لەرزەی تێکەوتووە، ئەوەش وایکردووە ئێران و هاوپەیمانەکانی لە ناوچەکەدا خۆیان لە شەڕی ڕووبەڕوو لەگەڵ ئەمریکا دووربگرن.

بەگوێرەی ڕاپۆرتێکی ڕۆژنامەی (وۆڵ ستریت جورناڵ)ی ئەمریکی، بەرپرسانی باڵای واشنتن هانی دۆناڵد ترەمپ، سەرۆکی ئەمریکا دەدەن لە گوشارە ئابوورییەکانی بۆ سەر ئێران بەردەوام بێ و چاوەڕێی ئەوروپییەکانیش بکات کە بەهۆی پێشێلکارییەکانی ڕێککەوتنە ئەتۆمییەکە، سزا ئەتۆمییەکانیان بگەڕێننەوە سەر ئێران.

سەرەتای ئەمساڵ، قاسم سولەیمانی، فەرماندەی هێزەکانی قودس لە هێرشی فڕۆکە بێفڕۆکەوانەکانی ئەمریکادا کوژرا. پێش کوژرانی سولەیمانی، دوو بۆچوونی جیاواز لەبارەی ئەو هەنگاوە هەبوو. بەرپرسانی ئاگادار بە ڕۆژنامە ئەمریکییەکەیان ڕاگەیاندووە کە ئەوانەی لەگەڵ پلانی کوشتنەکە بوون پێیانوایە بەردەوامیی گوشارە ئابوورییەکان حکومەتی تاران لاواز دەکات و تەنانەت لە داهاتوویەکی نزیکدا ڕووخانی ڕژێمیشی لێدەکەوێتەوە.

ترەمپ لە چەندین بۆنەدا ڕایگەیاندووە "گۆڕینی ڕژێم"ی ئێرانی ناوێ، بەڵکو تەنیا دەیەوێ ڕێککەوتنێکی نوێ لەگەڵ ئێرانییەکان بکات کە جگە لە بەرنامە ئەتۆمییەکەی، بەرنامەی مووشەکیی باڵستیکی ئەو وڵاتە و چالاکییەکانی میلیشیاکانی نزیک لە تارانیش بگرێتە خۆی. ئێران دانوستاندن لەسەر ڕێککەوتنێکی نوێی ڕەتکردووەتەوە.

پێنج ڕۆژ دوای کوژرانی سولەیمانی، ئێران بە مووشەکی باڵستیکی هێرشی کردە سەر بنکەی عەین ئەلئەسەد لە ئەنبار و بنکەیەکی دیکەی ئەمریکی لە هەرێمی کوردستان، هەرچەند لە دوای ئەو هێرشانە دۆخەکە ئارام بووەتەوە، بەڵام ئەمریکا بۆ یەکەمجار بەشێوەی ڕاستەوخۆ هەستی بە مەترسیی توانای مووشەکیی ئێران کرد. ئێران پێشتر بە مووشەک هێرشی کردبووە سەر بنکە نەوتییەکانی ئارامکۆی سعودی.

لە دوای ئەو هێرشە مووشەکییانە و بەهۆی تاقیکردنەوەی مووشەکی دووربڕ لەلایەن ڕووسیا و چین، ئیدارەی واشنتن بڕیاری داوە پلانێک بۆ بەهێزکردنی سیستەمی بەرگریی مووشەکیی دابنێ.

بەگوێرەی ڕاپۆرتێکی گۆڤاری (فۆرین پۆلسی)ی ئەمریکی، بەشێک لە پلانەکە بەهێزکردنی سیستەمی چاودێری و سەتەلایت و فڕۆکەی بێفڕۆکەوانی سیخوڕی دەگرێتەوە. کاربەدەستانی ئەمریکی دەڵێن ئەو پلانە ماوەیەکی زۆری دەوێ هەتا جێبەجێ بکرێ.

هەندێک لە بەرپرسانی کۆشکی سپی کە دژی کوشتنی سولەیمانی بوون، پێیانوایە گفتوگۆی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ لەگەڵ ئێران باشترین ڕێگەیە بۆ ئەوەی ڕێگە لە سەرهەڵدانی جەنگێکی ناوچەیی بگیرێ. بەپێی ڕاپۆرتەکەی (جورناڵ) ئەو بەرپرسانە کەمینەن. پێشتریش ترەمپ ئامادەگی پیشانداوە بۆ ئەوەی ڕاستەوخۆ لەگەڵ ئێرانییەکان دابنیشێ، بەڵام بەرپرسانی تاران جەخت دەکەنەوە لەوەی هیچ دانیشتنێک ڕوونادات، ئەگەر ئەمریکا سزا ئابوورییەکان سووک نەکات.

بەرپرسانی ئەمریکی پێیانوایە ئێران هیچ پلانێکی هەنووکەیی نییە بۆ ئەوەی هێرش بکاتە سەر سەرباز و دیپلۆماتە ئەمریکییەکان. بەرپرسێکی باڵای کۆشکی سپی لەوبارەوە دەڵێ: "لەوە دەچێ هەموو لایەنێک هێور بووبنەوە. ئێستا پرسیارەکە ئەوەیە چیمان پێدەکرێ بۆ ئەوەی ئەجێندای سەرۆک بەرەو پێش بەرین".

کوژرانی سولەیمانی هەموو ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستی خستە حاڵەتی ئامادەباشییەوە، لە کاتێکدا زۆر لە وڵاتانی ناوچەکە چاوەڕێیان دەکرد ئێران لەسەر خاکی وڵاتەکەی ئەوان تۆڵە لە ئەمریکا بکاتەوە یان ئاگری شەڕەکە هەر چۆنێک بێ ئەوانیش تێوەبگلێنێ.



وەزیری دەرەوەی عێراق و هاوتا قەتەرییەکەی

وڵاتانی کەنداو لە دوو هەفتەی یەکەمی ئەمساڵدا هەوڵیان داوە ئیدارەی ترەمپ ڕازی بکەن بەوەی دۆخەکە ئارام بکاتەوە، لە کاتێکدا ئیسرائیلییەکان جەختیان لەوە کردووەتەوە کە ئەمریکا دەبێ درێژە بە کوتانی میلیشیاکانی نزیک لە ئێران بدات.

کاربەدەستانی ئەمریکی دەڵێن شێخ تەمیم بن حەمەد ئال سانی، ئەمیری قەتەر لە کاتی سەرهەڵدانی قەیرانەکەوە دوو جار بە تەلەفۆن لەگەڵ ترەمپ قسەی کردووە. ئەمیری قەتەر پێشنیازی ئەوەی کردووە وڵاتەکەی ببێتە نێوەندگیر لە نێوان تاران و واشنتن، بەو هیوایەی ناوچەکە لە جەنگ دووربخاتەوە. شێخ تەمیم بن حەمەد لە ڕۆژی 12ی کانوونی دووەمی ئەمساڵ سەردانی تارانیشی کردبوو، لەو سەردانەشدا هەمان پێشنیازی بە لایەنی ئێرانیش کردبوو.

قەتەر میوانداریی گەورەترین بنکەی سەربازیی ئەمریکا لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست دەکات، بۆیە ترسی ئەوەی هەیە لە حاڵەتی ڕوودانی جەنگ، ببێتە یەکەم ئامانجی هێرشی مووشەکیی ئێران.

پێشتر فەرەنسا، ژاپۆن، عوممان و پاکستان هەوڵیان دابوو لە نێوان تاران و واشنتندا ڕۆڵی کەناڵی دیپلۆماسی ببینن، هیچکام لەو هەوڵانە سەرکەوتوو نەبوون. کاربەدەستانی ئەمریکی گومانیان هەیە لەوەی هەوڵەکانی ئەمیرە قەتەرییەکە بەرهەمێکی زیاتر لە هەوڵەکانی وڵاتانی دیکەی هەبێ.

بەرپرسێکی ئەمریکی دەڵێ: "قەتەر زۆر بە جدی و لە ئاستێکی باڵادا هەوڵدەدات، بێ ئەوەی هیچ لایەنێک داوای لێکردبێ". کۆشکی سپی تەنیا یەکێک لە پەیوەندییە تەلەفۆنییەکانی نێوان ئەمیری قەتەر و ترەمپی ئاشکرا کردبوو.

دوای کوژرانی سولەیمانی، حکومەتی سعودیە خالد بن سەلمان، برای شازادەی جێنشین و جێگری وەزیری بەرگریی سعودیەی ڕاسپاردە واشنتن بۆ ئەوەی داوا لە ترەمپ بکات خۆی لە جەنگێکی ناوچەیی بپارێزێ. ریاز نیگەرانی ئەوەیە حووسییەکان لەسەر داوای ئێران دامەزراوە نەوتی و ئابوورییەکانی ریاز بکەنە ئامانج، نیگەرانی ئەوەشن بەهۆی ئاڵۆزییەکانی ناوچەکەوە، هەوڵەکانی یەک ساڵی ڕابردوویان بۆ ڕێککەوتن لەگەڵ حووسییەکان شکستبهێنێ.

قاسم سولەیمانی کە ڕۆڵی سەرەکی لە کۆکردنەوەی میلیشیا شیعەکان لەژێر چەتری حەشدی شەعبیدا هەبووە، لە نزیک فڕۆکەخانەی نێودەوڵەتیی بەغدا کوژرا. کاردانەوەی ئێران بەرامبەر کوژرانی سولەیمانیش هەر لەسەر خاکی عێراق بوو. لە ماوەی سێ هەفتەی ڕابردوودا دەرکردنی هێزەکانی ئەمریکا لە عێراق مژاری گەرمی شەقامی عێراقە. ڕۆژی هەینیی ڕابردوو، سەدان هەزار خۆپیشاندەر لە بەغدا داوای دەرچوونی هێزەکانی ئەمریکایان کرد.

ئەمریکا عێراقییەکانی ئاگادار کردووەتەوە کە بە نیازی کشانەوە نین، بەڵام ئامانجی هێزەکانیان لە عێراق سنووردار دەکەن. بەشێک لە هەوڵە دیپلۆماسییەکانی ئەم دواییە بۆ ئەوەیە عێراق لەوە زیاتر نەبێتە گۆڕەپانی ململانێی تاران و واشنتن.

دیپلۆماتێکی قەتەری لەوبارەیەوە بە (وۆڵ ستریت جورناڵ) دەڵێ: "ئێمە جەخت لەوە دەکەینەوە کە عێراق نەبێتە ساحەیەک بۆ ململانێی ناوچەیی و نێودەوڵەتی، هۆکاری ئەوەش بۆ پێگەی جیۆپۆلیتیکی قەتەر دەگەڕێتەوە. لایەنە پەیوەندیدارەکان هیوایەکی زۆریان بەوەیە هەوڵە دیپلۆماسییەکانی قەتەر بەرهەمیان هەبێ".

دەمانەوێ عێراق نەبێتە گۆڕەپانی ململانێیەکی ناوچەیی و نێودەوڵەتی

دیپلۆماتکارێکی قەتەری



عارف قوربانی
arifqurbany@yahoo.com

# دیداری ترەمپ و بارزانی

هەرچەندە لە خولەکانی پێشووتری سەرۆکایەتی ئەمریکا و سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستاندا چەند جارێک دیداری لوتکە هەبووە، هەڵە نەبم پێنج بۆ شەش جار بارزانی لە کۆشکی سپی لە سەردەمی سەرۆکایەتیی (بوش و ئۆباما) وەک سەرۆکی دەوڵەتێک پێشوازی لێکرا کە هەر دیدارە و بۆ هەلومەرج و قۆناغی ئەوکاتی پەیوەندیی دیبلۆماسی کوردی و باڵاکردنی کوردستان، بایەخ و گرنگیی خۆی هەبووە، بەڵام دیداری ئەمجارەی (ترەمپ و نێچیرڤان بارزانی) کوردستان دەباتە قۆناغێکی ترەوە.

ئەوەی ئەم دیداری لوتکەیەی نێوان ئەمریکا و کوردستان لە دیدارەکانی پێشووتر جیادەکاتەوە، تەنیا هەر ئەوە نییە کە پرۆتۆکۆلی کۆشکی سپی شانبەشانی ئاڵای ئەمریکا ئاڵای کوردستانیان داناوە، هەروەها بە تەنیا ئەوەش نییە کە لە بڵاوکردنەوەی هەواڵی دیدارەکەدا راگەیێندراوی کۆشکی سپی لە ناوهێنانی سەرۆکی هەرێمی کوردستاندا دەستەواژەی هەرێمیان لابردووە و وەک سەرۆکی کوردستان ناویان بردووە. ئەوانە ئاماژەی گرنگن و پێویستە کورد بیانکات بە سەرمایەی زیاتر بردنەپێشەوەی دۆزە رەواکەی، بەڵام دووریش نییە ئەوانە کارتی گوشاری ئەمریکا بن بەرانبەر بە عێراق، بەتایبەتیش کە ماڵپەڕی یوتیوبی کۆشکی سپی هەواڵی کۆبوونەوەی نێوان ترەمپ و بەرهەم ساڵحی بە کۆبوونەوەی نێوان ترەمپ و سەرۆک کۆماری ئیسلامیی ئێران بڵاوکردەوە. ناکرێت ئەوە وەک هەڵەی تایپ تەماشا بکرێت. دەشێ ئەوانەش بەشێک بن لە شێوازی تازەی ململانێ و کارتەکانی ئەمریکا. بۆیە ئەگەر بایەخی ئەو دیدارە تەنیا لەوانەدا کورت بکرێنەوە، ئەگەری زۆرە هەموو ئەوانە وەک کارتێک بەکاربرابن.

بایەخی دیدارەکەی بارزانی و ترەمپ پەیوەندی بە هەلومەرجی ئێستای ناوچەکە و رەوشی کوردەوە هەیە لە ئاستی هەرێمایەتی و بەتایبەتیش لە عێراق. کورد لە سێ ساڵی رابردوودا لەبەردەم هەڕەشە و موئامەرەی گەورەی هەرێمایەتی و نێودەوڵەتیدا بوو. داگیرکردنی کەرکووک و عەفرین، پەلامارەکانی تورکیا بۆ سەر رۆژئاوا، کشانەوە و جێهێشتنی کورد لە ئیدارەی خۆبەڕێوەبەرێتی کانتۆنەکان، هەڕەشەکانی تاران بۆ سەر هەولێر، هەڕەشەی تورکیا بۆ شەنگال و بۆ قەندیل. گوشارەکانی بەغدا بۆ گۆشەگیرکردنی هەرێمی کوردستان و ترسی گۆڕینی دەستوور و نەهێشتنی سیستەمی فیدراڵی، مەترسی و پلانی هاوبەشی هەرێمایەتی (عێراق ئێران تورکیا) بۆ پەلاماردانی پەکەکە. ئەمانە و زۆر مەترسی تریش وەک پێشهاتێکی چاوەڕوانکراوی حەتمی لەبەردەم نەتەوەی کورد بوون کە لە ئایندەی نزیکدا روویدەن.

بەڵام کشانەوەی ئەمریکا لە رۆژئاوای کوردستان و لێدوانە یەک لەدوای یەکەکانی ترەمپ بە ئاماژەی پشتکردنە هاوپەیمانەکانی لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و رەخنەگرتن لەو سیاسەتانەی رابردووی ئەمریکا لە ناردنی هێز و ئامادەگی لە وڵاتانی ناوچەکە، هەروەها هاتنە ناوەوەی زیاتری رووسیا بەتایبەتیش نزیکبوونەوەی لە کەنداو، لێکەوتەکانی لەناوخۆی ئەمریکا بەجۆرێک بوون، ئەمریکای خستە بەردەم بژارەی گۆڕینی ئاراستەی ململانێکانی لەگەڵ ئێران. بەمەش هاوکێشەکانی ناوچەکە بەگشتی و بەتایبەتیش لە عێراق گۆڕانکاریی گەورەیان بەسەردا دێت. دەرفەت و هەلی تازە دەخاتە بەردەم کورد کە کوردستان لە مەترسی دووربخاتەوە و بیخاتەوە سەر رێی هەستانەوە. ئەم دیدارە دەکرێت ببێتە دەستپێکی ئەو هەستانەوەیە. بەتایبەت کە سیاسەتەکانی ترەمپ وەک بڕیاربەدەستێک پابەند نەبووە بە ستراتیژی وڵاتەکەیەوە، مەترسی ئەوە هەبوو کە جۆرێک لە بەرژەوەندی لەگەڵا وڵاتانی تەرەف لە کێشەی کورد، وابکەوێتەوە کە ئەمریکا زیاتر دووربخاتەوە و کورد وەک نێچیرێک لەبەردەم نەیارەکانی جێبهێڵێت. بۆیە نزیکبوونەوە لە خودی ترەمپ بەتەنیا بە ئەندازەی نزیکبوون لە ستراتیژی ئەمریکا گرنگە.

نێچیرڤان بارزانی لەم رووەوە ئەزموونی کارکردنی رابردووی سەلماندوویەتی کە توانای دروستکردن و بەردەوامیدانی ئەو جۆرە پەیوەندیانەی هەیە. لەو چرکەساتانەوە کە تورکیا کوردی باشوور وەک هەڕەشە لەسەر ستراتیجی خۆی دەبینێ، گۆڕینی ئەم تێڕوانین و دونیابینییە بۆ هاوبەشیکردن و کردنەوەی دەرگا بۆ بەستنەوەی وزەی کوردستان بە جیهانەوە، پەرجوویەکی گەورە بوو لە ناوچەکە و کەس ناتوانێ نکوڵی لەوە بکات کە نێچیرڤان بارزانی ئەندازیارەکەی بوو. بۆیە دەکرێت دیداری یەکەمی لوتکەی نێوان هەرێمی کوردستان و ئەمریکای سەردەمی نێچیرڤان و ترەمپ، ئەو وتە و دەستەواژانەی لە کۆنگرە رۆژنامەوانییەکەی نێوانیان بەکاربران، هەروەها داوەتکردنی فەرمیی جارێکی تری بارزانی بۆ کۆشکی سپی، دەستپێکی گۆڕینی تێڕوانین و دونیابینی سیاسی ترەمپ بێت بەرانبەر بە کورد و کێشەکەی لەناوچەکە. بەتایبەتیش دوای ئەوەی لە ساڵی رابردوو چەند جارێک لە ناوهێنانی کورد و خستنەڕووی جۆر و چۆنێتی چارەسەری کێشەکەی، هەڵوێست و تێگەیشتنەکانی نائومێدکەر بوون بۆ کورد.

سیاسەتی ترەمپ لەسەر بنەمای بەرژەوەندیی وزە بنیاتنراوە. کوردستان خاوەن سەرچاوەیەکی ستراتیژیی گەورەی وزەیە لە ناوچەکە و کارێکی باش کراوە کە هێشتا ستراتیژی ئەم کەرتە لە دەستی کورد خۆیدا هێشتراوەتەوە و نەخراوەتە دەستی بەغدا. بەتایبەتیش کە ئێستا لە رۆژئاوای کوردستانیش خەریکە هێزە کوردییەکان هەژموونیان بەسەر ناوچە نەوتییەکاندا دەچەسپێت، ئەمە لە دوورمەودادا کورد وەک هێزێکی کاریگەر لە هاوکێشەکانی ناوچەکە دەهێڵێتەوە. دەکرێت هەرێمی کوردستان ستراتیژی پەیوەندییەکانی لەگەڵ زلهێزەکان لەسەر ئەم بنەمایە بنیات بنێت.

ئەوەی پەیوەندی بە هەلومەرجی کاتی و ململانێکانی ئێستای نێوان ئەمریکا و ئێرانیشەوەیە، کوردستان دەتوانێت ئەمەش بە قازانجی بەهێزکردنی زیاتری پێگەی خۆی بەکاربرێت. بەتایبەتی بەهۆی ئەو واقیعەی ئێستای عێراقەوە کە گیرۆدەی دۆخێک بووە ناتوانێ هیچ هەنگاو و بڕیارێکی یەکلاکەرەوە بنێت لە ململانێکانی ئەمریکا و ئێراندا. بە دڵ لەگەڵ ئێرانە و دەخوازێت ئەمریکا بکاتە دەرەوە، بەڵام لەلایەک سەرچاوە داراییەکەی و لەلایەکی تریشەوە سەقامگیری و ئاسایشی ناوخۆیی بەستراوە بە ئەمریکاوە. ئێران گوشاری دەخاتە سەر، هێزە شیعییەکان فشار دەکەن بۆ دەرکردنی هێزەکانی ئەمریکا، هەلومەرجی عێراق و ناوچەکەش بەجۆرێکە کە ئەمریکا بەهیچ جۆرێک عێراق جێناهێڵێت.

تازەترین لێدوانی عادل عەبدولمەهدی کە دەڵێ پێویستە حکومەتی داهاتوو دیاریکردنی میکانیزمی چوونە دەرەوەی هێزە بیانییەکان بگرێتە ئەستۆ، ئاماژەی ئەوەیە عێراقیش بەدوای دەروازەیەکدا دەگەڕێت خۆی لەو قەیرانە رزگار بکات. کەواتا بۆ ئەوەی عێراق لەژێر گوشاری ناوخۆیی و ئێرانی رزگاری بێت و بۆ ئەوەی ئەمریکاش عێراق جێنەهێڵێت، دەکرێت هەرێمی کوردستان ئەو قەناعەتە لای بەرپرسە عێراقییەکان دروستبکات کە رێگای دروست ئەوەیە ئەمریکا لە کوردستان بێت. لەڕووی واقیعییەوە ئەمریکا هەرێمی کوردستان وەک گۆڕەپانێکی خۆی دەبینێ. رۆڵی لە دروستکردن و لە پاراستنیدا هەبووە و ئەو شەرعیەتەی پێداوە کە بەجۆرێکی جیاواز لە عێراق مامەڵەی لەگەڵ بکات، بەغدا و تارانیش ئەم راستیە دەزانن.

هەرچەندە ئەمە ریسکێکە بێ مەترسی نابێت، بەڵام ئەزموون بۆی سەلماندووین کە ئەگەر ئەمەش نەکەین، بەمانای ئەوە نایەت سەلامەت دەبین. بەپێچەوانەوە مانەوەمان پەیوەندی بە ئامادەگیی هێزەکانی ئەمریکاوە بووە لە ناوچەکە. لە ئەگەری دەستپێکردنی گفتوگۆ و رێککەوتنی تاران واشنتن، کوردستان بەهۆی پێگە و هێزی ئەمریکاوە پێگەی بەهێزتر دەبێت. لە ئەگەری شکستی هەوڵە نێوەندگیرییەکان و قوڵبوونەوەی ناکۆکییەکانیشیاندا ئەمریکا ناچارە پێگە و بنکە سەربازییەکانی خۆی بەهێزتر بکات کە ئەمەش بەدیوێکی تردا هەر بەمانای پاراستنی کوردستان دێت.



دەیڤید رۆمانۆ*

# چەپەکان لە ئاست ئێران کوێرن

پێدەچێ بەشێکی زۆر لە چەپی نێودەوڵەتی خۆیان لە رەخنەگرتن لە ئێران دووربگرن. زۆربەی هاوڕێ کورد و ئێرانییەکانم (کە هیچیان لایەنگری رژێمی تاران نین) تێبینی ئەوەیان کردووە.

لە 2009، کاتێک ئێرانییەکان بۆ دژایەتی هەڵبژاردنێکی دەستکاریکراو رژانە سەر شەقام، چەپەکان بەبێدەنگی لەسەر قەنەفەکانیان سەیریان دەکرد. سەرۆک ئۆباما هەستی کرد باشترە بێدەنگ بێ، نەکا ئەو شتەی ئەو بۆ پشتگیری لە خۆپیشاندان دەیڵێ ببێتە هۆی ئەوەی خۆپیشاندانەکان بە ئەمریکاوە ببەستنەوە. بەڵام هەمان هەڵوێست بەرامبەر هەموو ئەو ناثارامی و خۆپیشاندانانە هەبوون کە لەو کاتەوە هەموو ساڵێک بەڕێوەدەچن، واتە دەڵێ "ئەمە کێشەیەکی ئێرانییە" یان "هیچ مەڵێن، ئەگینا لە کۆتاییدا دەبیت بە پاڵپشتی ئیمپریالیزمی ئەمریکی لە دژی ئێران".

ئەو خەڵکە چەپەی لە نزیک یان لە ناوخۆی ئێران دەژین، تەواو ئاگایان لە نەگریسیی ئەو رژێمە هەیە، کەچی وادیارە هاوڕێ ئایدیۆلۆژییەکانیان لە دەرەوەی ئێران پێیان باشترە ئەوە پشتگوێ بخەن. ئەگەر پرسیاریان لێبکەیت، ئەوە بێگومان یەکسەر دەڵێن ئەوان کەیفیان بە رژێمی مەلاکان نایەت و ئێران "خراپ"ە و بگرە "زۆر" خراپە. بەڵام پرسی ئێران هیچ بیروڕایەکی تووڕەی چەپەکانی لێناکەوێتەوە هاوتای ئەو تووڕەییەی دوای پارچەپارچەکردنی رۆژنامەنووسێکی ناڕازی لەلایەن سعودیە لەناو کونسوڵخانەکەدا لە ئیستەنبوڵ دروست بوو. گرنگ نییە هێزە ئەمنییەکانی تاران چەند خۆپیشاندەر دەکوژن (وەک چۆن لە تشرینی دووەم 1500 کەسیان کوشت)، لە خۆڕایە ئەگەر چاوەڕێ بکەین سۆسیالیستەکانی رۆژئاوا وەک هاوسۆزی لەگەڵ خۆپیشاندەرانی ئێران بڕژێنە سەر شەقامەکان. بێگومان ئۆپەراسیۆنێکی ئیسرائیل لە غەززە رێپێوانی لێدەکەوێتەوە، بەڵام حاشا ئەگەر بۆ ئێران شتێکی وەها ببینین.

با هەندێک لە بیرەوەرییەکانمان لەبارەی ئێرانەوە زیندوو بکەینەوە. جگە لەوەی تەقە لە خۆپیشاندەرە ئارامەکان دەکەن و میلیشیاکانی بەسیج دەهێنن بۆ ئەوەی خۆپیشاندەران بکوتن، مەلاکان رێگە بە سەندیکای سەربەخۆی کرێکاران نادەن و لەڕووی ژمارەی لەسێدارەدانی ناڕازییانی سیاسیشەوە لە دوای چین لە پلەی دووەم دێ. ئەوان تەنانەت دەستەواژەیەکی یاساییشیان هەیە کە بۆ هەموو فۆرمێکی ناڕەزایەتیی سیاسی بەکاری دەهێنن: "موحارەبەی خوا"!! . ئەوان ئەم دەستەواژەیە بۆ دادگایی کەمتەمەنەکان لە دادگاییە نهێنییەکان بەکاردەهێنن، لە کاتێکدا هەموو هەفتەیەک لەسێدارەدان هەیە. ژمارەیەکی زۆر- نزیکەی نیوەی - ئەوانەی دادگایی دەکرێن و لە سێدارە دەدرێن ناڕازییانی سیاسیی کوردن.

ئەوە هەمان ئەو رژێمەیە کە هەموو هەفتەیەک تەقە لە کۆڵبەرەکان و ئەسپەکانیان دەکات. بە درێژایی ساڵانی نەوەدەکان، رژێمی ئێران پارە و هاوکاری بۆ ئەو فەڵەستینیانە دەنارد کە رێککەوتنی ئاشتیی ئۆسلۆیان رەتدەکردەوە، ئاکامی ئەوەش هەڵمەتێکی تەقینەوە بوو کە دواجار لە 2001، هەڵبژاردنی حکومەتێکی بە هەمان رادە کەللەڕەقی راستڕەوی لە ئیسرائیل لێکەوتەوە. هەر ئەوان تیرۆری سەرکردە کوردەکان لە ئەوروپایان جێبەجێ دەکرد و ناوەندەکانی کۆمەڵگای جوویان لە باشووری ئەمریکا دەتەقاندەوە. ئەوە هەمان ئەو رژێمەیە کە لە 2011 وە یارمەتی ئەسەدی داوە بۆئەوەی سەدان هەزار کەس لە سووریا بکوژێ و دەیان هەزار کوردیشی لەوانە کوشتووە کە لە 1979 گوتیان کەیفیان بە "کۆماری ئیسلامی" نایەت.

ئەم دیاردەیە یەکێ لە هاوڕێ کوردەکانمی گەیاندە ئەوەی کە بڵێ "پیرۆزبایی لە چەپ دەکەم بەهۆی ئەو سەرکەوتنەی لە بەرگریکردن و پاساوهێنانەوە بۆ چوار دەیە توندوتیژی و سەرکوت لە ئێران بەدەستیان هێنا. پرسیارە بۆم ئاخۆ هیچی دی ماوە بۆ پاڵەوانەکەی دژی ئیمپریالیزم و دژی کاپیتاڵیزم بیکەن؟"

لای ئەو بەشە لە چەپ کە "مەکینەی ئیمپریالیستی و کاپیتالیستیی ئەمریکا" وەک "گەورەترین هەڕەشەی سەر مرۆڤایەتی" دەبینن، هەرشتێک کە مەلاکانی ئێران یان قەسابەکەی دیمەشق دەیکات شتی بچووکن. شەڕە "لۆکاڵی"یەکان هەموو کات دەبێ وەک کێشەیەکی لاوەکی ببینرێن لە چاو "گەورەترین هەڕەشەی سەر مرۆڤایەتی". ئەمریکییەکان (پێش ئەوانیش بەریتانیا و فەرەنسا) لەسەر هەر شتێک و هەموو شتەکان لۆمە دەکرێن. ئەگەر لێگەڕێن جینۆسایدی وەک ئەوەی رواندا روویدات، ئەوە بە هۆی دەستەوەستانی و رابردووی کۆلۆنیاڵییانەوە کە رێگەی بۆ کوشتارەکە خۆشکردووە ئیدانە دەکرێن. ئەگەر وڵاتێکی هەژار بهێننە ناو ئابووری جیهانییەوە، ئەوە دیسان هێرشیان دەکرێتە سەر. ئەگەر وڵاتێکی وەک ئێران و کوباش لە ئابووری جیهان داببڕێن، ئەوە دیسان لەسەر دروستکردنی هەژاری رەخنەیان لێدەگیرێ. ئەو وڵاتانە هەر چۆنێک بێ هێرشیان دەکرێتە سەر، ئیدی لەسەر پشتگیرییان بێ لە دیکتاتۆرێک یان لادانی دیکتاتۆرێک. کاتێک شیعەکان هەڵیانکوتایە سەر سوننەکانی عێراق یان سەدام حوسێن ناوچە شیعەکانی لە پرۆگرامی "نەوت بەرامبەر خۆراک" بێبەش کرد، کوژراو و قوربانیانی هەردوو حاڵەتەکە خرانە ئەستۆی رۆژئاوا.

لە باشترین حاڵدا، ئەم چەپانە دەتوانن بڵێن ئەمریکا هێندەی رژێمی تاران خراپە و لەویش بەهێزترە، هەر بۆیە ٪90ی کاتەکان دەیانەوێ باسی ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی بکەن و تووڕەییەکی ئەوتۆیان بەرامبەر ئەوانی دی لە دڵدا نەمێنێ. ئەمە بۆ گروپێک کە بانگەشەی پشتگیری لە بەها مرۆییەکان دەکات زیاتر لە دووڕوویی دەچێ. هەر هیچ نەبێ راستەکان راستگۆتر دیارن، چونکە ئەوان پشتگیری لە بەرژەوەندییەکانی خۆیان دەکەن و ئەوەندە نمایشەیان نییە.

ئەگەر هەندێک عەقڵانیتر بیربکەینەوە، ئەوە دەتوانن بە بەرچاوێکی روونەوە ئەو خوێنە ببینین کە بەسەر دەستی دەوڵەتە رۆژئاواییەکانەوەیە، بەڵام لە هەمانکاتدا بەپێی پێویست سەرنجی ئەو رژێمە خراپانەش بدەن کە هەن.



سیروان رەحیم

# نەمردنی میوزیک

ئاوشڤیتز، ناوێکە پاش شەڕی جیهانیی دووەم بوو بە هێمای کۆمەڵکوژی، <هۆلۆکۆست- شۆئا>، کۆمەڵکوژییەک نازیگەل ئەنجامیان دا. ئاوشڤیتز بیرکەناو گەورەترین کامپی کۆکردنەوە و کوشتن بوو کە نازیگەل لە ساڵانی شەڕی دووەمی جیهانیدا دروستیان کرد. ئەم کامپی کۆکردنەوە و کوشتنە نزیک بە شاری ئاوشڤیتز - وەهەڵکەوتەی وەڵاتی پۆڵۆنیایە، ساڵی 1941 لەلایەن نازییەکانەوە دروستکرا. لە کۆی ئەو شەش ملیۆن جووەی لەلایەن نازییەکانەوە لەناوبران، نزیکەی یەک ملیۆنیان ڕەوانەی ئەو کامپە کران و پاشان هەر لەوێ لەنێوبران. سەرجەم ئەو کەسانەی لەو کامپە کوژران 1.1 ملیۆن کەس بوون. رۆژی 27ی مانگی یەکی 1945 لەلایەن یەکەکانی سوپای سووری سۆڤیەتەوە کامپەکە ئازاد کرا.

ئەوانەی لەو کامپە کوژران، جگە لە کوشتنیان لە ژوورەکانی گازدا، هەروەها لە ئەنجامی نەخۆشی، بێخۆراکی، بەدمامەڵەکردنیان، تاقیکردنەوەی زانستی نوژداری لەسەریان، بەزۆرکارپێکردنیان تاکو هێزیان لەبەر دەبڕا، دەمردن. نازیگەل لە زۆر وەڵاتی ئەورووپاوە، وەڵاتانی وەکو بەلژیک، ئەڵەمانیا، هەنگاریا، چیکۆسلۆڤاکیا، یەکێتی سۆڤیەت، ئیتالیا، پۆڵۆنیا، رۆمانیا، نەمسا، هۆڵەندا، یۆگۆسلافیا، لوکسمبۆرگ، یۆنان، فەرەنسا- وە مرۆڤی جوویان دەگرت و رەوانەی ئەو کامپەیان دەکرد لە پۆڵۆنیا و پاشان دەیانسپاردن بەو چارەنووسە تاریک و ترسناکە.

ئێستا کامپی کوشتن لە ئاوشڤیتز و گۆڕستانی جووەکان لەوێ وەکو خۆی چۆن بووە، هەڵبەتە هەندێ شوێنی کە پێویستی کردووە نوژەن بکرێتەوە، لەبەر شێوازە رەسەنەکەی گیراوەتەوە و وەکو خۆی دروستکراوەتەوە، کراوە بە مۆزەخانەی دەوڵەت و مەڵبەندی لێکۆڵینەوە سەبارەت بە کۆمەڵکوژیی جوو - هۆلۆکۆست-. کامپی کوشتن لە ئاوشڤیتز کە لە نێوان ساڵانی 1940-1945 دۆزەخێک بووە بۆ سەدان هەزار مرۆڤ، ئێستا وەکو بەشێک لە بۆماوەی کولتووری جیهانی لەلایەن رێکخراوی یونسکۆوە تۆمارکراوە. تۆمارێک بەردەوام بیرمان دەخاتەوە مرۆڤەکان دەتوانن چ کارێک بەسەر یەکتر بێنن و چۆن دەکرێت رێ لەبەر دووبارەکردنەوەی ئەم مەرگەساتانە بێتەگرتن.

لە نێو ئەو سەدان هەزار مرۆڤەی لە کامپی کوشتن لە ئاوشڤیتز لەنێوبران، کەسانی زۆر هەڵکەوتە، دارا و دەوڵەمەند هەبوون، دارا و دەوڵەمەند بە زانست و بە هونەر. لە نێو ئەو مرۆڤانەدا کەسانی موزیککار هەبوون، کەسانی وەکو دانەری موزیکی کلاسیکی ئیتالیایی ئالدۆ فینتزی (1897-1945). هەروەها پیانۆژەن، دانەری موزیک و پێشەنگی ئۆرکسترای نەمسایی ڤیکتۆر ئولمان (1898-1944). ئەو دوو هونەرمەندە پڕهەستی نۆتە و نەوایەی مێژووی موزیک هەردووکیان تەنها لە سۆنگەی جوولەکەبوونیانەوە بەرەو ئەو کامپی کوشتنە ڕاپێچکران.

رۆژی 21-1-2020 و لە یادی 75 ساڵەی کۆتاییهاتن بەو کارەساتەدا، ژنە پیانۆژەنی ئۆکرانیایی ناتالیا رۆمانێنکۆ کۆنسێرتێک پێشکەش دەکات. کۆنسێرتێک لە شوێنێک کە پێشتر دۆزەخ و ئێستا مۆزەخانە و ناوەندی لێکۆڵینەوەیە. شوێنێک پێشتر تەنها هاواری مەرگی لێ هەڵدەستا و ئێستا پەنجەکانی ناتالیای پیانۆژەن وەکو باڵندە سترانی تێدا دەچرن بۆ ژیان، بۆ مرۆڤ و بۆ نەمریی میوزیک. تایبەتمەندی، جیاوازی و گرنگیی کۆنسێرتەکەی ناتالیا رۆمانێنکۆ لەو خاڵەدا خەست دەبێتەوە کە هەموو ئەو پارچە میوزیکانەی لەو رۆژەدا بە پیانۆ پێشکەشی کردن، بەرهەمی هەردوو هونەرمەند ئالدۆ فینتزی و ڤیکتۆر ئولمان بوون. دوو هونەرمەند کە یەکێکیان، فینتزی لە تەمەنی 48 ساڵی و ئولمان-یش لە تەمەنی 46 ساڵیدا لەو کامپی کوشتنە ژیانیان لەدەستچوو. هەستی ناتالیای پیانۆژەن چ دەڵێت؟ بە چرپە، بە دەنگێکی ئاسمانی و دوور لە ترس و لە تاریکیی مەرگ، هەستی ئەو ژنە و پەنجەکانی بە چرپە دەڵێن:

دڕندەکان توانییان مرۆڤەکان لەناوبەرن، توانییان کەسانی وەکو فینتزی و ئولمان بکوژن، بەڵام نەیانتوانی و ناتوانن جوانییەکانی ژیان، ناتوانن هونەر، داهێنان، موزیک، ناتوانن ژیان خۆی بکوژن، ئەو پەنجانەی ئەو رۆژە، لەوێ بەسەر ئەو پیانۆیەوە جریوەی جوانیان دەباراند، ئەو رۆژە وەهایان دەگوت، گوتنێک ئاوێتە بە ئاوازێکی ئاسمانی.

ناتالیا رۆمانێنکۆ سەبارەت بە کۆنسێرتەکەی لە لێدوانێکی کورتدا گوتی:

"ئەم کارە گەشبینییە، پێشکەشکردنی هێزی نەچەمانەوەیە، هێزێک لە بواری ئەو نۆتانەوە پێشاندەدرێت، مرۆڤ گەر ئاشنای ئەو دیرۆکە بێت و هاوکات گوێ بۆ ئەم پارچە موزیکانەیش ڕادێرێت، دەپرسێت: چلۆن توانییان ئەو تاوانە بکەن؟ چلۆن؟ بەڕاستی کارێکی کاریگەرە، یەکجار کاریگەر".

ناتالیا رۆمانێنکۆ کۆنسێرتەکەی خۆی لە واگۆنی شەمەندەفەرێکدا پێشکەش کرد، واگۆنێک ئەودەم هەشتا مرۆڤی جوو، ژن، منداڵ و پیاوی لە فەرەنساوە بۆ ئەو کامپی کۆکردنەوە و کوشتنە پێدەگوازنەوە و واگۆنەکە ئێستا لەوێ، لەو کامپە وەکو بەشێک لە کەلوپەلی مۆزەخانەکە و ئەو یادە تاڵ و ترسناکە پارێزراوە. واگۆنێک هەشتا مرۆڤ دەگوازێتەوە، چ گەشتێک، گەشتێک کە بەو مردنە پڕ برکوژانە کۆتایی دێت.

ناتالیا رۆمانێنکۆ لە کۆتایی کۆنسێرتەکەیدا گوتی:

"ئاسان نییە لە شوێنێک پیانۆ بژەنیت و باش بزانیت چ مەرگەساتێک لەوێ ڕوویداوە. بەڵام هاوکات ئاماژەیەکی گرنگە کاتێک ئەم نۆتانە، نۆتەی کەسانی وەکو فینتزی و ئولمان لێرە دەژەنین".

دیارە ئاماژە گرنگەکە، بە لای ئەو هونەرمەندە و بەلای هەمووانیشەوە ئەوەیە کە میوزیک نامرێت و ژیان دەبیاتەوە.

ئەم وتارانە گوزارشت لە رای نووسەرەکانیان دەکەن و بەهیچ شێوەیەک دەربڕی بۆچوونی تۆڕی میدیایی رووداو نین.



ڕێبوار کەریم وەلی
rebwar2001@yahoo.com

# نێچیرڤان بارزانی، سوڵتان قابووسێکی دیکە

## 1

دیداری سەرۆک نێچیرڤان بارزانی لەگەڵ سەرۆک ترەمپ، زۆری لەسەر گوترا و نووسرا، بەڵام بە هەموو پێوەرێک و لەو بارودۆخەی ئێستا ناوچەکەی پێدا تێپەڕ دەبێ، دیدارێکی مێژوویی بوو. گرنگ نییە چۆن ڕێکخراوە یان چەند خولەک بووە، گرنگ ئەوەیە لەو جەنجاڵییەی داڤۆسدا، ترەمپ دەرفەتی بینینی سەرۆکی هەرێمێکی بچوکی بێ دەوڵەتی هەبێ. ئەوەش لە کاتێکدایە کە سەرۆک نێچیرڤان بارزانی هێشتا داوەتنامەی فەرمیی چوون بۆ کۆشکی سپیشی هەر لە جێگەی خۆیەتی.

کارنامەی سەرۆکایەتیی نێچیرڤان بارزانی لە سەردەمی حکومەتدا، کارنامەیەکی گەشە و شوێنپەنجەی بە ئاوەدانی و پێشکەوتنی کوردستانەوە لە دروستکردنی ژێرخانی ئابووریدا تا چەندین نەوەی دیکە هەر باس دەکرێ، بەڵام لە هەمووی گرنگتر ئەو بەڵانسە سیاسییە ناوخۆیی، ئیقلیمی و نێودەوڵەتییەیە کە لە دوای 16ی ئۆکتۆبەرەوە، جارێکی دیکە نازناوی پاڵەوانێتیی بۆ پێشمەرگە لە ئاستی نێودەوڵەتیدا گەڕاندەوە و، پردە ڕووخاوەکانی دیپلۆماسیەتی نۆژەن کردەوە و ئابڵووقەی سەر کوردستانی شکاند.

لە ناوخۆی کوردستانیشدا، نێچیرڤان بارزانی بەوە ناسراوە کە ئەگەر پارتی هەموو دەرگاکانی داخستبێ، هێشتا دەرگای ئەو بەکراوەیی ماوەتەوە و، وەک سەرۆکی هەرێمی کوردستان ڕۆڵی میحوەری دەبینێ لەوەی کە دامەزراوەکە ببێتە چەترێکی گەورەی سیاسی و نیشتمانی و کۆبوونەوە دەورییەکانی نێوان حزبە سیاسییەکانی دەرەوە و ناو حکومەت. هاوکات دروستکردنی ئیجماعێکی سیاسی لە مەسەلە نیشتمانییەکاندا لە بەغدا و ڕاگرتنی هاوسەنگی لە ململانێی نێوان ئەمریکا و ئێراندا، جێگەی هەڵوەستە و تەقدیرە. نێردە دیپلۆماسییەکان و نوێنەرایەتییەکانیان ئەوە دەبینن کە بارزانی چەند بە پەرۆشە بۆئەوەی ڕێگە نەدات هەرێمەکەی ببێتە گۆڕەپانی ململانێ.

بە سەرنجدان لە دیدارەکانی نێچیرڤان بارزانی لە داڤۆس (کە زۆربەیان وڵاتی دژبەیەک بوون)، دەکرێ ئەوە بگوترێ کە ئیتر کوردستان لە سیاسەتدا هێلکەکانی لەناو یەک سەبەتەدا نین و هەرێمێکی بچوکیش دەتوانێ لە هاوکێشە نێودەوڵەتییەکاندا ڕۆڵی گەورە ببینێ. جیۆستراتیژییەتی کوردستان ڕەنگبێ لە سەروەتە نەبینراوەکان بێت و سەرۆک نێچیرڤان بارزانیش لەو ڕوانگەیەوە ڕۆڵێکی دیکە ببینێ کە ئەویش خۆی لە ناوبژیوانیی ئیقلیمیدا دەبینێتەوە و هیچ لایەکیش بە حەساسیەتەوە مامەڵەی لەگەڵدا ناکەن. بە پێچەوانەوە سەرکردەیەکە لە زمانی هەمووان باش تێدەگات.

## چیرۆکی دوو کورد

## 2

لەماوەی نێوان یەک سەعاتدا لە داڤۆس، یەک بەدوای یەکدا سەرۆک ترەمپ دوو کوردی بینی، یەکەمجار سەرۆک نێچیرڤان بارزانی و دوای ئەویش سەرۆک بەرهەم ساڵح. ئەڵبەتە ڕەنگبێ پێشخستنی دیدار لەگەڵ سەرۆکی هەرێمی کوردستان و ئەو گەرموگوڕی و جۆری پێشوازییە لە بارزانی زۆر قسە هەڵبگرێ، لە کاتێکدا کە دووەم کوردی وەکو سەرۆکی عێراق بینی، ئەو کەیف و زەوقەی نەبوو؛ تا ڕادەیەکیش گرژ و توند بوو.

لە پشت دەرگا داخراوەکان چ باس کراوە، بەشێکی کەمی لە میدیادا ڕەنگدەداتەوە، بەڵام دیداری سەرۆک بەرهەم لەگەڵ سەرۆک ترەمپدا، شەقامی عێراقیشی کردە دوو بەشەوە؛ هەندێک وەکو سووکایەتییەک بە سەروەریی بەغدا سەیریان کرد و تەنانەت هەڕەشەیان لە سەرۆک کرد کە نابێ ترەمپ ببینێ و، بەشێکی دیکەش پشتیوانی بوون. بە پێچەوانەوە دیداری سەرۆک نێچیرڤان بارزانی میدیا و سۆشیال میدیای تەنییەوە و وەکو دەستکەوتێکی گەورەی نەتەوەیی سەیر کرا.

لە دەرەوەی هەموو ئەوانەشەوە، ئەم دیدارە بۆ هەردوو سەرۆکەکە بەشێک بوو لە وەبەرهێنانی سیاسیی ناوخۆییش کە بۆ سەرۆک نێچیرڤان بارزانی پێگەی سەرۆکایەتییەکەی قایمتر دەکات و موژدەدەری ڕۆڵێکی نوێشە. سەرۆک بەرهەمیش چاوی لەوەیە کە هەم بتوانێ کورسییەکەی بەغدا بپارێزێت و هەمیش کورسیی سەرۆکایەتی لەناو یەکێتیدا مسۆگەر بکات. بۆ هەنگاوی دووەمیش لاهور شێخ جەنگی خستبووە ناو شاندی عێراقەوە بێ ئەوەی هیچ پۆست و پایەیەکی هەبێ. ئەوەش وایکرد کە هەم لە ناوخۆی یەکێتی و هەم لەناو پارتیش کاردانەوە بەدوای خۆیدا بێنێت. بە دووریش نازانرێ کە پارتی لەمەودوا لە جاران زیاتر لێی توند بکەن. بە تایبەتیش کە سەرباری ئەوەی هەردوو سەرۆک لە داڤۆس بوون، بەڵام هیچ هەواڵێکی فەرمی لەبارەی دیداریان لە میدیا بڵاونەکرایەوە و ئەوەش بۆ خۆی جێگەی پرسیارە.

## مەلا هەڵۆ

## 3

ڕاستییەکەی خەتای مەلا هەڵۆ نییە کە هەرجارە کەتنێک دەکات و میدیا و ڕای گشتی بەخۆیەوە مەشغوڵ دەکات، دوایی دەرچەیەکی پەشیمانی دەدۆزێتەوە (وەک ئەوەی بەرامبەر بە هونەرمەند ماریا هەورامی کردی) و بۆیشی دەچێتە سەر، بگرە خەتای داواکاری گشتییە کە لەو مەسەلانەدا بێدەنگە.

ئەوجا ئەوەی دەستی مەلا هەڵۆ و ئەمسالی ئەویان واڵا کردووە، ئەو فتوایانەن کە وەخت و ناوەخت لە بەرامبەر ماف و ئازادییەکانی ئافرەتان دەردەچن، وەک ئەوەی کۆمەڵگای کوردی هیچ کێشەیەکی نەبێ جگە لە منداڵی بلووری و شۆفێرایەتیی تەکسی بۆ ئافرەتان! ئینجا مەلایەکی دیکەش ڕاست دەبێتەوە و داوای فتوایەکی دیکە دەکات لەسەر ڕێکخراوەکانی ئافرەتان و داخستنیان.

بە پێوەری مەلا هەڵۆ، هەموو ئینسانە ئازادەکانی کوردستان، بەبێ ئەوەی هیچ دەقێکی ئایینی بتوانێ پشتیوانی لە سووکایەتییەکەی بکات، بەر ناشیرینترین جنێو کەوتوون، بەڵام هێشتا مەلا دێتە سەر تەلەڤیزیۆن و بەرگری لە خۆی دەکات!

ئەمە دیاردەیەکی خەتەرناکی داعشییە و تیرۆرە لە بەرگێکی دیکەدا. بێدەنگی لەبەرامبەر ئەو دیاردەیە وا دەکات کە ئەو گەرا مەترسیدارە پەرە بستێنێ، چونکە زۆرن لەکوردستان کە بە گیان و دڵ باوەڕیان بە قسەکانی مەلا هەڵۆ و ئەمسالی ئەو هەیە.



د. نەوزاد هێتوتی

# کشانەوەی ئەمریکا لە عێراق و مەترسییەکانی

لە 5ی کانوونی دووەمی 2020، پەرلەمانی عێراق بە دەنگی زۆرینەی شیعە، پرۆژە یاسایەکیان لە پەرلەمان تێپەڕاند بۆ دەرکردنی هێزەکانی ئەمریکا لە عێراق. بڕیارەکەی پەرلەمان هاوکات بوو لەگەڵ توندبوونی گرژییەکانی نێوان ئەمریکا و ئێران لە دوای کوشتی قاسم سولەیمانی. ئەوەی جێی تێبینی و سەرنجە لەم بڕیارە مەترسیدارەی پەرلەماندا، ئەوەیە کە پێکهاتەکانی دیکەی وەک کورد و سوننە پەراوێزخران و هیچ بایەخێک بە تێڕوانین و بۆچوونیان نەدرا. ئەمە لەکاتێکدایە دەرکردنی هێزەکانی ئەمریکا زۆرترین کاریگەری لەسەر کورد و عەرەبە سوننەکان دەبێت. لەلایەکی تریشەوە، شێوازی دەرچوونی بڕیارەکە بە پێچەوانەی بنەما و پرەنسیپەکانی تەوافوق، هاوسەنگیی نێوان پێکهاتە سەرەکییەکانی عێراقە سەبارەت بە بڕیارە هەستیار و گرنگەکان.

دیارە ئێران ماوەیەکی زۆر بوو هەوڵی دەدا ئەو پرۆژە بڕیارە لە پەرلەمان دەرباز بکات. بە تایبەتی لە دوای کشانەوەی ترەمپ لە ڕێککەوتننامەی ئەتۆمی لە ئایاری 2018، ئێران لەگەڵ هاوپەیمانەکانی زۆر بە چڕی کاری کردووە بۆ ئەوەی لە عێراقیشدا گوشار لەسەر ئەمریکا دروست بکەن. ئاراستەکانی ئەم سیاسەتەی ئێران زیاتر لەو کاتەدا بەدەرکەوت کە ترەمپ لە کانوونی یەکەمی 2018 سەردانی بنکەی سەربازیی عەین ئەسەدی کرد لە ئەنبار و ئاماژەی بەوە کرد کە هێزەکانیان لە عێراق دەمێننەوە بۆ چاودێریی کار و چالاکییەکانی ئێران لە ناوچەکەدا. ئێران لەگەڵ هاوپەیمانەکانی ئەو کات زۆر هەوڵیاندا لە ڕێگەی پەرلەمانەوە کار بۆ دەرکردنی ئەمریکا بکەن. بەڵام بەهۆی نەبوونی کۆدەنگی تەنانەت لەناو خودی پێکهاتەی شیعەدا، نەیتوانی پرۆژەکە لە پەرلەمان دەرباز بکات. بەڵام دوای کوشتی قاسم سلیمانی کۆدەنگییەک لەنێو پێکهاتەی شیعەدا گەڵاڵە بوو بۆ دژایەتیکردنی ئەمریکا و ئێرانیش ئەو دەرفەتەی قۆستەوە.

ئەمریکییەکان دڵخۆش نەبوون بەو بڕیارەی پەرلەمانی عێراق. ئەمریکا عێراق بە ناوچەی نفوزی خۆی دادەنێت و بەدەر لە زیانی گیانی، پارەیەکی یەکجار زۆریشی تێدا خەرج کردووە. بۆیە زەحمەتە بەو ئاسانییە ڕادەستی ئێرانی بکات. هەر ئەمەش وای لە بەرپرسانی ئەمریکا کرد لە چەندین لێدوانی جیاوازدا جەخت لەسەر ئەوە بکەن کە لە عێراق دەرناچن. لەم ڕووەوە، ترەمپ ئاماژەی بەوە کرد کە ئەگەر بەرپرسە عێراقییەکان سوور بن لەسەر دەرکردنیان، دەبێت قەرەبووی زیانەکانی ئەمریکا بکەن. تەنانەت هەڕەشەی سەپاندنی گەمارۆی ئابووریی سەختی بەسەر عێراقدا کرد. بە هەمان ئاراستەش وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا لە بەیاننامەیەکدا ڕایگەیاند کە هێزەکانیان لە عێراق دەمێنن و ئامادە نین گفتوگۆ لەگەڵ بەرپرسانی عێراقی بکەن لەوبارەوە.

ئەوەی لێرەدا زیاتر جێی سەرنج و گفتوگۆیە، ئەوەیە ئایا بڕیاری پەرلەمان بۆ دەرکردنی هێزەکانی ئەمریکا بڕیارێکی عێراقیانەیە یان لەژێر کاریگەریی و فەرمانی ئێراندا دراوە؟ ئایا ئەم بڕیارە سەروەریی عێراق بە هێز و پارێزراوتر دەکات وەک شیعەکان بانگەشەی بۆ دەکەن یان ئەو سەروەرییە کەمەش کە ماوە لەدەستی دەدات؟ ئایا دەکرێت لە بڕیارێکی وەها گرنگدا کە پەیوەندی بە چارەنووسی هەموو پێکهاتەکانی عێراقەوە هەیە، شیعەکان تاکڕەوی بکەن و هیچ حسابێک بۆ هەڵوێستی کورد و سوننە نەکەن؟ داخۆ بەرژەوەندیی عێراق و عێراقییەکان لە کوێی ئەم بڕیارەدایە؟ ئایا کشانەوەی ئەمریکا لەم کاتەدا هەڕەشەی ڕاستەقینە لەسەر پرۆسەی دیموکراسی و ڕەوشی ئەمنی دروست ناکات؟ ئایا عێراق زیاتر بەرەو دابەشبوون، شەڕی ناوخۆ و تایفی ئاراستە ناکات؟ ئایا هێزەکانی عێراق بێ پاڵپشتی و یارمەتی دەرەکی دەتوانن ڕووبەڕووی تیرۆر ببنەوە؟ لە هەموویان گرنگتر ئایا عێراق دەتوانێت بەرگەی گەمارۆیەکی دیکەی ئابووری هاوشێوەی ساڵانی نەوەتەکان بگرێت؟

لەڕاستیدا دەرچوونی هێزەکانی ئەمریکا لە چەند ڕوویەکەوە زیانی زۆر گەورە لە پێگە و بەرژەوەندیی عێراق دەدات. ڕەوشی ئاسایشی عێراق هێشتا باش نییە و بەپێی زۆربەی سەرچاوەکان هێزە عێراقییەکان بێ یارمەتی دەرەکی ناتوانن ڕووبەڕووی داعش ببنەوە. بە تایبەت ئێستا کە داعش دووبارە خۆی ڕێکخستووە و بووەتە هەڕەشەی ڕاستەقینە. بۆیە بە دەرچوونی هێزەکانی ئەمریکا لەم کاتەدا، بەدوور نابینرێت هەمان سیناریۆی ساڵی 2014 دووبارە ببێتەوە و داعش دەست بەسەر نیوەی خاکی عێراقدا بگرێتەوە.

لەڕووی سیاسیشەوە، بەدەرچوونی ئەمریکییەکان دەبێت فاتیحە لەسەر پرۆسەی سیاسی عێراق بخوێنین و دیموکراسی و هەڵبژاردن هیچ مانایەکی نامێنێ. دەبێت ئەو ڕاستییە بزانین کە وجودی ئەمریکا وایکردووە تاڕادەیەک پرۆسەی سیاسی سەرەڕای هەموو ئەو کێشانەی هەیەتی، بە تەواوەتی پەکنەکەوێت و فاکتەرێکی ڕێگر بووە بۆ ئەوەی پێکهاتەی شیعە بە تایبەت ئەوانەی سەر بە ئێرانن، کۆنترۆڵی تەواوی عێراق نەکەن و بەرەو تاکڕەوی و دیکتاتۆریی نەبەن. بەڵام بەدەرچوونی ئەمریکا ئیدی پێکهاتەی شیعە دەبنە هەمەکارە، پرۆسەی سیاسی بە تەواوەتی پەکدەکەوێت و ئێران کونترۆڵی تەواوی عێراق دەکات و هیچ مانایەک بۆ سەروەریی عێراق نامێنێ. بە هەمان ئاراستەش دەکرێت بڵێین میلیشیا شیعەکان جێگەی سوپای عێراق دەگرنەوە و دەبنە بڕیاردەری یەکەم و کۆتایی لەم وڵاتەدا.

لەلایەکی تریشەوە، هەموو ئەو هێز و لایانانەی کە لە دژی دەستێوەردانی ئێرانن، بەتایبەت کورد و سوننە و تەنانەت فیگەرە شیعە نەتەوەپەرست و سێکولارەکان دەکەونە ژێر هەڕەشە و گوشاری گەورەی ئێران و هێزە پرۆکسییەکانی. لەم ڕووەوە دەکرێت بڵێین هەمان سیناریۆی پاش کشانەوەی ئەمریکا لە ساڵی 2011 لە عێراق دووبارە دەبێتەوە. وەک دیتمان دوای ئەوەی بە فەرمانی ئۆباما هێزەکانی ئەمریکا لە عێراق کشانەوە، نوری مالیکی سەرۆکوەزیرانی ئەوکات کە لەلایەن ئێرانەوە ئاراستە دەکرا، دەستی کرد بە ڕاوەدوونانی فیگەرە سیاسییە سوننەکان. هەروەها گوشارەکانی لەسەر کورد زیاتر بوون و تەنانەت گەیشتە ئەوەی بودجەی هەرێمی کوردستان ببڕێت.

لەسەر ئاستی دەرەکیش بێگومان دەرکردنی ئەمریکا، بێ وەڵام نابێت، ترەمپ دەتوانێ بە چەندین شێواز تۆڵە لە عێراق بکاتەوە و دووریش نییە گەمارۆی ئابووری بەسەردا بسەپێنێ. ئەمەش مانای وایە ئابووریی عێراق تووشی داڕمانی گەورە دەبێت. تەنانەت ترەمپ ئاماژەی بۆ ئەوەش کرد کە وەک قەرەبووکردنەوە دەتوانن دەست بەسەر 35 ملیار دۆلاری عێراقدا بگرن. لەوەش خراپتر ئەوەیە کەرتی نەوت و گازی عێراق دەکەونە بەر گەمارۆی ئابووری و زیانێکی گەورەی پێدەگات.



هێمن عەبدوڵڵا
hemen@rudaw.net

# بەغدا بەزەوقی موقتەدا

ئەوەی ئەمڕۆژانە لە بەغدا و شارەکانی دیکەی عێراق ڕوودەدات، شۆیەکی بێتامە بە ئەکتەری بێتامەوە. موقتەدا سەدر، کە لەدوای ڕووخانی ڕژێمی سەدامەوە کەڵکەڵەی سەروەریی شیعەکانی عێراقی لەسەردایە، ڕۆڵی ئەو کەسە دەبینێ کە پێیوایە دەتوانێ بە ئۆپۆرتیونیزم ببێتە خومەینییەکی نوێ یان لە ئەهوەنترین حاڵەتدا حەسەن نەسروڵڵای عێراقییەکان. بەڵام بەو یاریانەی دەیکات، ڕۆژ بە ڕۆژ دەریدەخات کە کەسێکی متمانەپێنەکراوە. سیاسییەکانی عێراق و تەنانەت ئەمریکا و ئێرانیش لەڕووی ناچارییەوە مامەڵەی لەگەڵ دەکەن. ئەگینا هەموو لایەک (بە تارانیشەوە) و ڕەنگە موقتەدا خۆیشی ئەوە باش بزانن کە بە خۆپیشاندانە چەند سەت هەزار کەسییەکەی ڕۆژانی ڕابردوو لە بەغدا، ئەمریکا لە عێراق دەرناکرێ. هەروەها دەریشکەوت خۆپیشاندانەکانی گۆڕەپانی تەحریر و شارەکانی دیکەی عێراق جدیترن لەوەی موقتەدا لەپشتیان بێ یان نیوەشەوێک بە تویتێک بیانفرۆشێ.

لەبنەڕەتدا لە قۆناخی پۆست سولەیمانیدا مل خستنە بەر ملی ئەمریکا، ئەگەر جاران یەک جار هەڵە بووبێ، ئێستا هەڵەیەکی زۆر گەورەترە. بۆیەش سەرۆک نێچیرڤان بارزانی لە داڤۆس بە دیداری لەگەڵ ترەمپ، لەجیاتی کاریگەربوون یان سڵەمینەوە لەو شیعار و شۆیە، ئەوەی کرد کە بۆ کوردستان باش بوو.

حەسەن عەباسیی بیرمەندی سوپای پاسداران لە ڕۆژانی ڕابردوودا پێشنیازی ئەوەی بۆ ئێرانییەکان کردبوو کە هاووڵاتییانی ئەمریکی بڕفێنن و بەرامبەر بەوە پارە وەربگرن و دۆخی ئابووریی وڵاتەکەی پێ چاک بکەن. هەمان ئەو بیرمەندە ماوەیەک پێش ئێستا بە یەقینەوە گوتی "ئەمریکا زۆری نەماوە و وەک یەکێتیی سۆڤیەت و بەبێ تەقاندنی یەک گوللە لەبەریەک هەڵدەوەشێ"! ئەمە هاوشێوەی بانگەشەکەی موقتەدا بۆ خۆپیشاندانی ملیۆنی بوو، وەک عەرەب دەڵێن، ئەو سیحرەیە کە بەدڵنیاییەوە لە ساحیرەکەی هەڵدەگەڕێتەوە. چونکە کەس نییە نەزانێت ئەمریکا بریتی نییە لە دەوڵەتێکی ئایدیۆلۆژیی وەکو سۆڤیەت کە سەرکردەیەک و حیزبێک و سیستمێکی ئابووریی شکستخواردوو بیبات بەڕێوە و بە بەیاننامەیەک هەڵوەشێتەوە. ترەمپ ڕۆڵگێڕێکە لەنێو ئەو سیستمەدا و ئەو لێپرسینەوەیەش کە ئێستا لە ئەنجوومەنی پیران لەگەڵی دەکرێ، ئەنجامەکەی هەرچییەک بێت، دەیسەلمێنێ کە ئەمریکا پێکهاتنی 372 ملیۆن دانیشتووی ئەو وڵاتەیە لەسەر سیستمێک کە هەمووان بەپێی ئاستی خۆیان تێیدا بەشدارن و بەرپرسیارن. هەر ئەو سیستم و پێکهاتن و بەشدارییەی هەموانە وایکردووە ئەمریکا بەهێزترین ئابووری و هێزی سەربازی بێ و هەژموونی فەرهەنگیی بەسەر دنیاوە هەبێت.

ئێران و پرۆکسییەکانی لە ناوچەکەدا هەر لەڕووی ئابووری و دیپلۆماسی و سەربازییەوە نا، بەڵکو لەڕووی دیجیتاڵیشەوە گورزیان لێدەدرێ. ڕۆژ نییە هەژماری دامەزراوەیەکی ئێرانی و نزیک لە ئێران لە فەیسبووک و تویتەر و ئینستاگرام (کە هەموویان ئەمریکین) نەسڕدرێتەوە و ماڵپەڕی ئاژانسە هەواڵییەکانیان لەنێو تۆڕی ئینتەرنێتی "ئەمریکایی"دا ناکارا نەکرێن. هۆکارەکەشی ڕوونە. ئەمریکییەکان دەڵێن "مادام حەزتان لێیە بڵێن: مەرگ بەر ئەمریکا، بڕۆن بە داهێنان و تەکنەلۆژیای خۆتان بیڵێن". هەمان ئارگیومێنت لە نێوەوەی ئێرانیش لەنێو گەنجاندا دەبیسترێ. بۆنموونە کابرایەک لە تاران بە هەردوو پێڵاوەکانی چووبووە سەر ئاڵایەکی ئەمریکا، کەچی عەللاگەیەکی بەدەستەوە بوو دیاربوو تازە ئایفۆنێکی "ئەمریکایی" کڕیبوو! لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانی ئێراندا بە کابرایان دەگوت: "ئەگەر ڕاستدەکەیت و دژی ئەمریکایت، بە هەردوو پێڵاوەکانت بڕۆ سەر ئایفۆنەکە و بیشکێنە". موقتەدا سەدریش تویتەکانی بە ئایفۆن دەکات و داوای خۆپیشاندانی ملیۆنی لەدژی ئەمریکا دەکات!

ئەو هاندانی دژایەتییەی ئەمریکا لە عێراق لەلایەن شیعەوە، جارێک بەبێ موقتەدا و جارێکیش بە زەوقی موقتەدا، بە قازانجی ئەو باڵادەستییەیان ناشکێتەوە کە لەدوای ڕووخانی سەدامەوە لە سەرتاسەری عێراق بەدەستیان هێناوە. ئێستا لە واشنتن و ناوچەکەش بەجدی بیر لە عێراقێکی دیکە و نەخشەکێشانەوەی عێراق دەکرێتەوە. بەتایبەتیش مەسەلەی دامەزراندنی هەرێمێک بۆ سوننە کە مەرج نییە فیدراڵی بێ و دەکرێ شتێکی جیاواز بێت، بەجدی لە واشنتن و لەسەر ئاستی هەرێمایەتیش ئیشی لەسەر دەکرێ، پێموایە ئاستەنگی سەرەکیی پرۆژەکە نابوێریی سەرکردە سوننەکانە، ئەگینا باشترین گەرەنتی بۆ ڕێگەگرتن لە سەرهەڵدانەوەی داعشیش دروستکردنی ئەو کیانەیە.

بۆیە هەستناکەم تەنانەت تارانیش لەو کاردانەوانەی پاش کوژرانی سولەیمانی لە عێراق کردی مەبەستی بێت دۆخەکە والێبکات ئەمریکا بیر لەو بژارە نوێیە بکاتەوە. بەتایبەتیش ئێستا کە ترەمپ خەریکی ڕاگەیاندنی پرۆژەیەکی نوێیە بۆ ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست و ناویان لێناوە پرۆژەی سەدە. جا بەڕاستی ئێستا تۆپی چارەنووسی عێراق لە مەیدانی شیعەکاندایە و مەرج نییە ئەگەر بەغدا بە زەوقی موقتەدا بێ، چیدیکە بەغدای ئێستا بێ.

ئەم وتارانە گوزارشت لە ڕای نووسەرەکانیان دەکەن و بەهیچ شێوەیەک دەربڕی بۆچوونی تۆڕی میدیایی ڕووداو نین.

RÛDAW
Rudaw Media Network
Rudaw readers know more



## کاوە فەقیزادە: میوزیکی کوردی نەنووسرێتەوە لەنێودەچێت

10

خاوەنی ئیمتیاز: تۆڕی میدیایی ڕووداو
سەرنووسەر: سەلام سەعدی salam@rudaw.net
جێگری سەرنووسەر: ساڵح قادر rodan@rudaw.net
ئەندامی شانازی ستاف: عەبدوڵڵا قرگەیی
دیزاینەران: هونەر مەرجان، کاکە مەلا ئەسعەد

هەفتەنامەیەکی سیاسی گشتییە تۆڕی میدیایی ڕووداو دەریدەکات
نووسینگەی سلێمانی: بەرامبەر پارکی ئازادی
ناونیشان: هەولێر ـ شەقامی ڕووناکی
Tel: 0751 811 00 04 – 0750 486 34 12
rudaw@rudaw.net







